نامەي بە ختيار

هۆنراوەيەكي ئاييني

دانراوي

ماموّستا

عبد الكريم محمد المدرس

بە ناوی خودا لیبە...
بە وینەی غونچەی گوڵ بە رووت ... نشیمە

رقابة المطبوعات
يسمح

بسم الله الرحمن الرحيم

بە ناوی خودا ئەنەشێمەوە ... وەکو گوڵ غونچە ئەگەشێمەوە
خودای بەخشندە خودای میهرەبان ... بۆ هەموو عالەم ئەوە نیگابان
هەر بووە و ئەشی بەبێ ئالایشی ... بە هەموو جۆرێ ثنا و ستایشی
هەر ئەوە بەحەق واجب الوجود ... هەر بە ئەو نابوو ئیستە ئێزی بوو
هەر ئەوە خاوەن کەمالی یەکسان ... هەر ئەوە دوورە لە عەیب و نوقصان
هەر ئەوە تەنیا بێ وینە و مانەند ... ئەوە هەر بووە ئەوە خوداوەند
هەر ئەو ئەمینێ ئەو دەوڵەمەند ... بەنیاز لە کەس ناکەوێتە بەند
هەر ئەو زیندووە و هەرگیز نامرێ ... هەر زانستی ئەو عالەم دائەگرێ
هەر ئەوە خاوەن خواست و خواهیشە ... بە هێزی مطلق پڕ نومایشە
هەر ئەوە بینا و شنەوای ئاواز ... هەر ئەوە زانا لە سەر و دوورە راز
هەر ئەوە خاوەن کەلام و گوفتار ... بۆ صد هەزار و بیست و چوار هەزار
هەر ئەوە گەورە و بچووک ئەبینێ ... لە فەرمان دانا قەدەر دانامینێ
هەر ئەوە بەحەق پەنای بۆ ئەبرێ ... فەرمانی ئەوە عالەم دائەگرێ

لا حول ولا قوة الا بالله الحق العلي الاعلى

چون بە بێ شەرمی جەسارەتم کرد ... چون من زمانم بۆ ثنای ئەو برد
کە بێ تە بگا لە باسی ذاتی ... [illegible] و پایە و مایە و صفاتی
ذاتی بێ مثال بێ چەند و چون بێ ... لە بیری ئەودا زانا نگونبێ
ذاتی پەنهان بێ لە عالەم الغیب ... هوش بێ هوش ئەبێ لە ذاتا لاریب
شاسواری عەرشی مافوق فەلەک ... پیشەوای جن و ئینسان و مەلەک
دەرچوون بەرابەر بە باسی ادراک ... سبحانک سبحان وما عرفناک
ئیتر کە بێ بێ بوون عەقڵ لێ بێ ... دەم بدا لە باس مەگەر بە بێ جێ
لە مەوجودی وا دوور لە خەیاڵ بێ ... معبودێکی وا خاوەن کەمال بێ

هەرگا شاباری بورجی معریفەت ... بگا بە ئەوجی علمی حقیقەت
ئەوجا ئەزانێ بێ پەردە باڵە ... فڕینی بۆ بەرزی قدسی مەحاڵە
بۆیە ئەوانە بەحەق زانا بوون ... لە حەڵی خودایان باش ئاشنا بوون
وایان بڕیار دا زانستی ئینسان ... ئیقرار کردنە بە جهل و نوقصان
راستی ئەمەیە تۆ بووێکی وای ... خاریج لە بیرتا دەرکی ماسوای
ئەمەندە هەیە کە موجودی وای ... بۆ بیتو هەر ئەبێ بەری لە فنای

ذات وصفات وکرده‌وه‌ت پاکه — هه‌رچی تۆ ئه‌یکه‌ی حکمه‌ته‌ و چاکه

که‌س ئاگای نیه‌ له‌ سرری کارت — هه‌ر ئاگادار که‌ی گروی اخیارت

ئه‌وان به‌و علمه‌ تۆ به‌شیان ئه‌ده‌ی — له‌ رازی اسرار ئاگایان ئه‌که‌ی

جهان سه‌راسه‌ر هه‌موی نابود بو — له‌ شانۆی شیوه‌ به‌شیکی ئه‌بو

خواستت ده‌رکه‌وی وجودی ذاتت — جیلوه‌گه‌ری بی شان وصفاتت

بیناته‌ وجود رشته‌ی موجودات — له‌ ئاسماو ده‌ریاو سیای سه‌مادات

دارو کوسارو سروی جوباران — خه‌یمه‌ی گولاله‌ی کاتی به‌هاران

بۆ گیای وگیان دار په‌رنده‌ی بال دار — چرنده‌ی ده‌ربار درنده‌ی کوسار

لعل وه‌رجان و گه‌وهه‌ر له‌ ده‌ریا — چرخی ئاسمان درا به‌سه‌ریا

شه‌و به‌ مانگه‌شه‌و رۆژ به‌ هه‌وی هه‌تاو — بۆ گیان له‌به‌ران زینت هینا ناو

به‌ ئه‌ستیره‌کان گه‌ردون ره‌نگین بو — به‌ هه‌وی ژیره‌کان جهان شیرن بو

هه‌مو پرته‌وی خواستی خودایه — که‌ خواستت ئه‌بو ئه‌روا به‌ زایه

به‌ خواستت گه‌دا ئه‌بێ به‌ شائی — بێ خواستت شائی ئه‌بێ به‌ گائی

هه‌رتۆی به‌راستی فرمان ره‌وای حق — هه‌رتۆی بۆ سوجده‌ ساجد مستحق

هه‌رچون مه‌یلت بو ئه‌بێ هه‌روابێ — به‌ بێ خواستی تۆ هیچ شتێ نابێ

بێ تۆ نه‌سیمی نائێ به‌هار به‌یانا — نه‌شه‌ماڵی نائگا به‌ دڵ وبه‌ گیانا

به‌ بێ فیضی تۆ نابێ انسانێ — بگاته‌ باره‌ی خیر و چاکێ

بێ تۆ ده‌رونێ نابێ صفایی — بۆ که‌س ده‌س نادا ده‌ذوق و حالی

بێ تۆ حال نابێ گری له‌ کاری — به‌ مه‌نزڵ نائگا هیچ ده‌روه‌داری

ده‌رد له‌ تۆوه‌یه‌ و به‌ تۆیه‌ ده‌رمان — به‌ تۆیه‌ صه‌فا و صداعی سه‌رمان

هه‌رتۆ ئه‌زانی مه‌به‌ستی زر بخه‌ی — له‌ شه‌رری مه‌به‌ستی یارمه‌تی بده‌ی

ئه‌گه‌رچی عالم له‌ سه‌ر ئه‌سبابه — له‌گه‌ڵ خواستی تۆ سبب حبابه

هه‌وینی خواستت ئه‌بێ له‌و ناوه — شیرنه‌ گرساده‌و بدو بژۆرقاده

له‌ شه‌رری سبابه‌ ئه‌به‌ فیلسوف — رنبام لێ ئه‌گه‌ بێ په‌ماده‌ی مکشوف

به‌ سبب سازیت ئه‌تووم له‌ شه‌ ودرا — به‌ سبب سوزیت ئه‌که‌وم سه‌ ودرا

فی صدق ربی لخیر الاسباب — انک انت العلیم الوهاب

وزارة الثق…
رقابة ال…
بسم…

بەسەد جوێ عەقل لە شەنای زاتت   لە ستایشی شانی صفاتت
ضرورت ئەنبیای رەهنومای کرام   بوشارەزای هوش وعقل وفام
ئەکایەت جێنە بە وتەی شاوار   بانی (محمد) سید الأبرار

***

ئەو (محمد)ە کانی خیراتە   مایەی پیرۆزی روی سەر بساتە
ئەو (محمد)ە بەو حەمدی خودا   لەسەر زمانی عالەم بو پەیدا
ئەو (محمد)ە بو بەهوی توحید   بو بەهوی تقدیس بو خودای مجید
ئادو خاوەن ئەو بەرزی وشەرەف   اشارەی پەنجەی هەرشەش شەرەف بو
دڕی بێوینەی سینەی صدف بو   خولاصەی صفای هەمو سلف بو
گورەی کائنات بەو منور بو   مەعنای سعادەت بەو مصوّر بو
بەو بو وامەزرا ئالای هدایەت   بەو سەقام گیر بو عەدل وعنایەت
بەو عیلم وزانست گەشتە کەیوان   وامەزرا لەسەر معرفت شەیوانا

***

ذاتو صفەتی چاک رێکەوتبو   لەروی جهانا تاک هەلکەوتبو
تومی ئەتەوەی چاک وپاکان بو   لە پشت ورشتەی دل روناکان بو
بو بەچرای عەرز لەگەل ئاسمان   بەرێکو بێکی لاتە روی جهان
ئەونە وجودی نوریکی پاک بو   سینەرەکەیشی لەود روناک بو

***

بەرلە بونی ئەو باباوکی بمری   تالەخوداوە تەمی دەر بگری
خودا بو ئەو ئاب خاوەن بوشی کرد   بەرێ ثویبە یەکەم گوشی کرد
مادام بو عالەم پەنای مامن بێ   دا بیشکەی کوشی ام ایمن لێ
کەمدارا و حلم هەوی تاثیری بێ   ئەبێ (حلیمە) دایەی شیری لێ
جیا بو لە عالەم مەگەر هەر لە ودا   هەموو مخلوقێ بو ذاتی خودا
جیای کردەوە لەگشت کوشەران   تا نەرواتە سەر خیلکی دیگەران
بو بە کوڕانی جبرێلی امین   بو بە جێ نازی رب العالمین
لەوەرێزو دەوری ئادەم محفوظ بو   مادوسای دەرزی لوح المحفوظ بو
هەتا پێی نەگا گەردی مدرسە   داوێنەی نەگرێ توزی وسوسە
یەکی هەرنوری بێسایی کا ئە   تا نوختە دالی لەسەر روی نامە
یەکی وەکو ئەو پاکو بێ غشی بێ   چون روی لاپەرەی لەوە وەرەش بێ
مادام رەجەرت بێ لە بو عالەمی   مادام چرابی بوسەمادزەمین
ئەبێ نوختەی رەشی لە عالەم لادا   چون ئەبێ دەستی بو رەشی بادا

کەسێ کە دەوری عالەم وا بدا — ئەبێ خودا خۆی دەوری پێ بدا
ئەبێ وەرگێڕی قورئانێکی وا — بەسی بۆ خزمەلات هەتا خۆی نادا
بە ئەرمی یاسای بە بەرزی هیممەت — ئەبێ بە سوودێ بۆ هەموو ئوممەت
بۆ بیروباوەڕ بە پەروەردەکار — بۆ ڕووشی جەزا لەسەر تولەکار
خۆشا ئاسایشی داوی ڕووی جیهان — یەکسان بۆ گەدا بۆ زۆرەی شاهان
ئەمەیە ڕەحمەت بۆ گشت گیانلەبەر — جا بەدڵ بڵێ د الله اکبر
تاکە شاهیدەی ئەم عالەمی دایە — مایەی ڕەحمەتی هەردوو دونیایە

***

چی معجزە و قسەی دار و بەرد — معجزە صەبرە لە جەفای نامەرد
ئەوکە بۆ بە ڕووش لەڕووی زەمانا — مانگ بۆ لەت ئەبێ لە ئاسمانا
هەرچییە بنالێ کۆڵەکەی مزگەوت — گریاو بەجێی هێشت لە منبەر سەرکەوت

***

شەوڕەوی پێکرد پادشای اقدس — لە مەکەوە تا بیت المقدس
تا بیتە داوری صفای جبرئیل — بینی قبلە و بارەگای خلیل
سەرکەوت لە ڕەوی و بەرزی ئاسمان — لە بۆ پیرۆزی مکان و زەمان
ستالکا فەلەک بەشینی داکەوت — طالعی یار بۆ هەتاوی لێکەوت
شەو زۆر ڕەشتاق بۆ بە هەتاوی ئەو — وەی پابرێژی بەسەربا پڕ شەو
ژوبەوینەی بەرق تا ئەو زەوی — عالەمی طی کرد لە بەرز و نەوی
تا بۆیە دەرکەوت لەم ڕووی دونیایە — بەرخودای جیهان فەرمان ڕەوایە

***

بو نور وەرگرتن لە سیمای پاکی — فێری ئەدەب بون لە خوێلکی چاکی
کومەلیکی نارد گەوهەر طبیعەت — ئامادە لەسەر ڕێگەی حقیقەت
مەبەس لە ئال و یارانی ڕاسی — فیداکارانی ڕێگەی حەق ناسی
گشت خاوەن هوش و عرفان و تدبیر — گشت پڕ لە هێزی تنویر و تاثیر
فرشتە مەشرەب بۆ پاکی ئەخلاق — خاوەن ئەدەب و ادارەی آفاق
شابازەکانی نشێمنگای آیین — سەرفرازانی تەختگای تمکین
ئەستێرەی بورجی عەقل و معرفت — سەرەڕەشتی دەوری سەربەرزی و عزەت
دوور لە هەوای نەفس لەرزیلە پاک — وینەی فرشتەی دایرەی افلاک
لە نوری پاکی سیمای مصطفی — دەریان گرتبو شەوچرای صفا
شێری بیشە بون بو ڕوژی مصاف — شێری هیندی بون بو اهلی خلاف
بە نەرمی وینەی شێری لێکرف بون — بە گەرمی هەموو شمشیر بەکرف بون

چ بلێم لە وەصفی شەئنی ئەوانە ئایەتی قورئانن لە شانیانە
بەسە بۆ ثنا و بۆ مدحی ئەوان رضیانن لە خودا رضای ئەو لەوان
رضای حق لەوان عافیەت یانە رەضیانن لە خودای عاقیبەت یانە
رضی الله عنهم اجمعین وعنا بهم مع آل نبیین

وەکی بابرژی لە هەوری جسان رەحمەت بە وینەی بارانی نیسان
صلوە وسلام ئەزول تا ئەبەد بۆ سەر قەبری پاکی رۆضەی محمد
لە پاش ئەوان باخچەی احمدی بە ئەشەی شەوبای صفای سەرمەدی
وینەی نەسیمی سەحەری بەهار لە سەر سەوزەی رووی داوێنی کۆسار
سەروازگا و برژی صلوة وسلام بۆ گیانی آل و یارانی کرام
بە هۆی عەلاقەی بەندی اتباع ببێتە سەرسەوزەی کومەلی ئەتباع
بەلکو چونمی بگەلێ پیان پەل دلوپ لیمان بروێنن لیمان
شاید لە وادەی ندای منادی لە ژێر ئالاکەی حضرەتی هادی
محشور ببین لەگەل رسولی ئەمین بگەین بە رضای رب العالمین

پاش ئەمە ئەلێم هۆی ئەم تالیفە بۆ ئەو یارانە خوێنانی شریفە
دلم نەخۆش بوو بە گەلێ اشکال بوو دلم لوبوون بە مایەی مەلال
روژ لە روژ بەتر چاووم تاریک بو رنگەی ئاشنا چوی دلم باریک بو
جا کەوتە گەرش بە دوی دەرمانا لە سەر زەمین و لە ئاسمانا
بەلکو پزیشکی دانای دەس کەوی لە دەرمان کردنی پەکی نەکەوی
بیکا بە یار و ئاشنای گیان بۆی زۆر گاریم بێ بۆ مادەی ژیان
ئەنامەی بە خەتیار بیداتە دەستم تا بەم جنە وەرگم لە شەرمە بە ستم
ئەگەر ئەپرسی دەردی دل چی بو بو چی ئەم دلەم شێت وشەیدا بو
ئەکەوتە خەیالی ئەم دنیا چیە کام حال هەیە و لە چی بەرپە
لە خودا بوە یا خود دەس کارە ئەگەر دەس کارە کام کەس معمارە
صانعی کێیە و چونە صفاتی هێزی چونە لەگەل بەر مخلوقاتی

چیە لە ژینا ئاوادا بوو و ئاشتی کێیە رەهنومای بۆ ریگای یقین
یانی بزانی رەهبەر کامەسە کێیە صفاتی وا مقدسە
بو کردەوەی کار ئەنجام چون ئەبێ کێ سەربەرز ئەبێ و کێ نگون ئەبێ
لە پاش گەروشیا طالعی یار بو فایزی دەوان دەردو ئازار بو

بەختی یاری کرد گەیشت بە یاری   دووکۆتری خاڵ زانی شیرینی کرداری
لە تۆویا ... بەنوارێ لە دەرە وەستاوە   بە وێنەی گوڵ باغ ئەگەشایەوە
دڵ پاکو رووناک سینە سادە وەستاوە   یانی بە وێنەی ئاوکوردەکانی صافی
دڵ بەر دڵ ڕاکێشی وێنەی مقناتیس   وەم بە شەکەری تەرازانی نفیس
مومیائی بو بو دەستی شکاو   تۆتیائی بو بو چاوی ئێشاو
وێنەی نەسیمی دەردی کوساران   ئەشنا لەسەر دڵی دڵداران
یا بێنیا بەفەی یاری قەد عەرعەر   کە سینەی پڕ بێ لە عطر و عەنبەر
بەواتەی ئاوێنەک بە دوو دەقیقە   پەرووی لاشەدا لە رووی حەقیقە
کە پێی گەیشتم دڵم ئارام بو   چونکی واتەی ئەو دەسکەوتم بو؟

ڕام کردە سیمای ساقی نورانی   ووتم ئەی پاشای گردی روحانی
چون مطلعێکی وردی پڕ اشکال   دڵیان گرتوە بە وێنەی چنگال
وەسی بە راوێنت وەکو عەرەبە دەخیل   لەم گێژ و لێژا بووم بە دەلیل
ئەبێ بۆ وەوای دەروم تێکۆشی   رزگارم بکەی لە هەوی نەخۆشی
ناسک بێ قسەت چونکی مەلولم   بە دڵ گیر دەوەن بای گێژە لولم
قسەیکم کرد لەلاتە نابارێ   ئەگا بو دڵت مایەی ئازار بێ
وەلامت سادە و بە شێوەی کوردی   دوور بێ لە جفەی فلسفەی وردی
نامەوێ خاشاک بکەوێ لە ڕێم   ڕێگایێکی پاک نیشان بدە پێم
تولەی رەهبەران فەلەکی خودایە   چون بووی رزگارێ لەم ڕووی دنیایە

لێوی کردەوە چونکە غونچەی سەحەر   بەشێکا روح افزای لێ ئەکرد دەر
فەرمووی چیت ئەوێ لەلام ئاسانە   یا رەب تێ واماد شرطی انسانە
ئاوێ ئەبێ بە نفس و بە ماڵ   بە پایە و مایە وەربگری کەمال
تێکۆشی لە بۆ چاپەری نەخۆشی   ببی بە مایەی بەرزی بۆ دڵخۆشی
ببا بە چرا بو شەوی تاریک   ببی بەدەس کێشی لە ڕێگەی باریک
بەلام لە بو تۆیشی ئەی لوری دیدە   شرطی پێویستە زۆر بە بە ئەدیدە
ئەبێ (مبدأ)ی یانی اساسی   لە نادا وانیبێ وەکو قیاسی
شخص بێ مبدا روشدی هەمالە   قسە لە گەڵیا کاری بەتالە
مبدا مان چی بێ شعور و حواسی   کە دەست ئەکەوێ لە لای عام و خاص
یا خود دەلیلی رونکی عەقلی   یا خود خەبەری صحیحی نقلی
کە وەوقم نامی ئەم شەکرەی نوشی   دەستمداو بۆکرد زۆر بە دڵخۆشی

ماددیستی زانا بە ئەسراری کار   خاوەن بەراوورد فامیدەی هوشیار
ئەم کائیناتە کە تۆ ئەیبینی   چە ئاسمانی چە سەرزەمینی
مانعی چییە واجب بێ بوون   محال بێ بوونی وەضعی نەبوون
یا خود ممکن بێ بوون نەبوونی   لەشی بۆ کرێ و فنا و نەزەبوونی
بەلام بە (صدفە) یانێ بەرێکەوت   خۆی پەیدا بوبێ بە شێوەی هەلکەوت
هەروا بمێنێ لەسەر استمرار   هیچ ایجاب نەکا بە پەروەردگار

ـ ـ ـ

شاگردی وورد طالب بۆ کمال   ئامادە لەبۆ تحقیق ئەحوالی
٢ شیشت هەل ئەگرێ کورەی کائنات   ئاسمانی عەرز باقی مەوجودات
یا هەموی یەکسەر پێویستە بوون   یانی واجبە و نابێ نەبوونی
یا خود ممکنە و قابلە ببێ   هەروا قابلە نابود بێ و نەبێ
یا خود بەعضێکی واجبە بونی   باقی ممکنە بون و نەبونی
ئەوەل وآخر هەردو بەتالن   بە عەقلی سەلیم هەردو محالن
ئەوەی کە راستە حالی دوهەمە   لای عەقلی ساغ لێ باشی مسلمە
جا با لێی بروین بۆ تحقیق حال   هەتا بگەینە مرتبەی کەمال

بە شێوەی قطعی ثابت بێ لەلات   کە واجب نییە ئەجزای کائنات
ئەبینی زەوی بە هۆی تەکانی   ژێرەو ژوور ئەبێ لە هەرمەکانی
بە چەند دەقیقە پاشی ویران ئەبێ   بە نەوعی انسانی لێی حەیران ئەبێ
شاخی ئەروخێ بە چەند دانە میت   شاری ئەسوتێ بە دەنکێ کبریت
دەریا ووشک ئەبێ ئەبێ بە ٣شارا   عەرزی رووئەچێ ئەبێ بە دەریا
خۆ ئەگەر ذەڕە بکەوێتە کار   بەرگەی ناگرێ ئەشار ئەکوسار

بەعزێ ثابتە روژ لە ئاسمان   ٣کە شاغ دیارە لەپێش چاومان
هەتا شەوی دی و روژ ئەبێتەوە   بە میلیون ذرەی کەم ئەبێتەوە
کە ئەمە تێ ئەزانی بزانە نابێ   ذرەیەکی وەها لە ئەجزاوا بێ
بازێکی واێ واجب بێ بوون   بازی ممکن بێ بوون نەبوونی
کول ونەی جوزئە بێ شبهە وگومان   ئەویش وەکو ئەم ئەشی بونمان
هەروانە زلی عەرز و ئاسمانە   بەرزتر ئەروا هێزی ئاسمان
هێز هێرشی کرد هەموی یەکسانە   زورمە یان راهی هێزی انسانە
انسانیش بو خوی گیروودەی ئێشە   خارخار گیروودەی ئێشی یەکێکیشە

وزارة ...

وا بوتە وەرگەوت سەراسەر جیهان   هەموو ممکنە ظاهر و پەنهان

***

بەلای ترا چاو بکەرەوە   لە وەضعی عالەم وورد ببەرەوە
عەرز و رۆژ و مانگ باقی ئەستێرە   کە چاو بەوین و یەنیانن تیرە
هەمو یان ئارامی پەروەردگارن   بۆ فەرمانی خدا فەرمان بەردارن
بە یاسا و میزان وان لە هاتوچو   لانادەن لەرێی بەقەی تالی مو
شتی هەل سوڕی بە وینەی پەرگار   نابی واجب بێ لای عەقلی هشیار
ممکنو کزە وینەی قدرەت کار   واجب ئامرە و قادرە و قهار

***

و لیسان ئەمانە تو ئەیان بینی   ئەگەر بە راستی چاوی هەڵێنی
هەموویان پڕن لە حوادثات   تاریکی و ڕوونی و دەورە و حەرەکات
شتی هاوملی بەندی ئاحداثە   خۆلشی حادثە ئەم باسە راستە
حادث رشتەکەی بازور دریژ بی   ئەسان لە ضبطی ئەوە لێ گیژ بێ
بەلام هەموویان عدم لە پێشن   بە فنای دوایشی گیرودەی ئێشن
شتی هەمیشە لەگەل حادث بێ   ئەبی ممکن بێ نابی واجب بێ

***

ئەگەر تو بلێیت معروض قدیمە   واجبە بوونی و پایەی عظیمە
بەرسی حالی کانیان وینەی حرکات   یەک بە یەک ئەچن لە ڕووی کائنات
یانی پێویستن بەعە و ذاتانە   ئەم عوارض و حرەکاتانە
ئەم جارە بێت ئەلیم دا اقرارت کرد   خوت بەدەمی خوت زد اظهارت کرد
ئەم معروضانە هەمو موحتاجن   بو بوونی عارض گشت ناعلاجن
و یا ڕیشە واجب نابی موحتاج بێ   بو بوونی شتی وا ناعلاج بێ.

***

ئەبێ صفەتی کەهوی کەمال بێ   فەرگی لە موصوف بە حرق محال بێ
مادام نافەوتی و هاوڕا بزی ذاتە   ئەوەیشی قدیمە و لەکەماڵاتە
و لەت تیک ئەچی لە وضعی صفات   هەنو نافەوتین وینەی حرکات

***

کاتی حال بوی سەراسەر جیهان   هەموو ممکنە ظاهر و پەنهان
شایادە لەبە لەبوونی نابووی   هەل ئەگری عدم وینەی وجوودا
نابی (بە صدفە) یانی بەهەلکەوت   وەرنگری وجود یا نەبوون و فەوت

وزارة ال...
رقابة ال...
يسمح

یەکتا لە دووتای ترازووی میزان ‌ ‌ خۆی ناکەوێتە خەفتان و خیزان
دووتای ترازووی ٤ و سەنگ و میزان ‌ ‌ قەت داناکەوێ هیچ تاڵی لەوان
هەروا ممکنات تاڵی ببێتە جێ ‌ ‌ بوون یا نەبوونی هەبێ خارجی
خارج لە ممکن خواستی خودایە ‌ ‌ ئەمە وەربگرە حەقیقەت وایە
هەتا حەیوانی ببێ خەشمەگێ ‌ ‌ لەسەرە زینێ لە ناو بیشەڵێ
زۆر ڕاڵەوەستی ئەسڵە میشەوە ‌ ‌ ئەکا بە دەردی بتلێتەوە
یانی ئەزانی ئەوخشە تاڵی ‌ ‌ بێ هۆی خەشاشی لەوی پەیدالی
چون تاڵی دەنگی بە بێ خاوەن دەنگ ‌ ‌ هەرچەن دنیا ڕەنگە بە قەوارە و ڕەنگ
حەیوان وەرئەگرێ دەنگی بێ رەوەند ‌ ‌ چون تۆ دەرئەگرێ جیهان بێ خاوەن
رەخیلە لارە لەم سوێ ئەدهامە ‌ ‌ حوزت مەکە بەکرد ئەو بەزادیوجامە)

٭٭٭

یەکێ ببینێ شتێ ئەو ظهور ‌ ‌ لە ڕووی جیهانا لە ترێک یا دوور
شاری شەقامی کاسەلێ جامی ‌ ‌ قەسری هەیوانی ئەگەر بنامی
سەرسام ئەمێنێ لە صەنعەت کاری ‌ ‌ ئافەرین ئەکا لە کار و باری
یەک بیت بلێ ئەم قەصرە چاکە ‌ ‌ یا ئەم هەیوانە بەرزی رونا کە
خۆی بێ کەس بوو بێ ئیشی معمار ‌ ‌ ئەو کرسە ئەکرێ بە مەسخەرەی شار
تۆ چۆن ئەڕوێتە ژێر بیری بەتاڵ ‌ ‌ جیهان نایەوێ خوایێ بەکەماڵ

٭٭٭

بڕوانە خەیمەی بەرزی ئاسمان ‌ ‌ لە ڕۆژ و مانگا و لە ئەستێرەکانە
بە وەنەخشانەوە کە فکری زمانی ‌ ‌ سەرگەردان ئەبێ لە شێوەی جوانی
بە ڕوشنا هەتاو نوور بەخشان ئەکا ‌ ‌ بە شولەی دنیا درەخشان ئەکا
لە شەوانا مانگ ئێتە تشریفە ‌ ‌ ئەلێ ڕوخساری یاری لطیفە
لالێ مشتری دڵت وەرئەگرێ ‌ ‌ لە لالێ زهرە گیانت دائەگرێ
لە لالێ سوهێل میری خەزانە ‌ ‌ لە لالێ کۆیە لالێ میزانە
لە لالێ جوزای پشتینە زێوە ‌ ‌ چاوت جیانیکی وەهای نەدیوە
لالێ نەخشی گا لە لالێ گۆلە ‌ ‌ لە لالێ جدیە مات و ماتلە
لە لالێ شێری سەبندە زنجیرە ‌ ‌ لە لالێ قوس و کەوان و تیرە
لە لالێ ڕێگەی بەرزی کاکەشان ‌ ‌ هەندەسەی سمات پێ ئەدا نیشان
حسیب ناکرێ و ناژمێرێ بلوم ‌ ‌ شێوە و ترتیبی درێشکەوی بدوم
هەمو بە شێوەی ترتیباتی خاصی ‌ ‌ ئاتۆ چۆنەکەن بە حدود مقیاس
بە میلیاری ساڵ دائرە و دەورە ‌ ‌ تێک ناچێ ڕشتەی ئەم تەرز و تەدرە

وزارة الثقافة و
رقابة المطبوعات

ئەمانە هەموو شێوەی دیاری   نادوێم لە کەشفی وەضع و ئاثاری
لەسەر حیسێبی زیج و تقویمات   بۆ وەزعی خۆشی و ناخۆشی وولات
یا وەزعی جۆی لەسەرما وەکو با   لە لێزو باران لە کاتی سەرما
یا ڕژاندنی ئەو تۆوی گیا   بە وێنەی پۆشاک لەسەر ڕووی دنیا
یا بۆ تولیدی کانی سەرزەوی   یا بۆ مناخی جێی بەرز و نەوی

***

چاوی وا ئێمە بەسەر دنیادا   پەروانە نەرمی یا بە بالادا
پەروانە شێوەی قوللەی کوێستان   لە چوار فەصلدا بەخصوصی بەهاران
جار جار چارە ڕەش مات و مەبهوت   وێنەی هەتیوی بێ خێوی نۆدشە
بێ ڕەنگ و بۆیە بێ شان و شێوە   سەرتا داوێنەی ساغ سیا کێوە
جار جار ئەپۆشێ سەرپۆشی بۆران   ئەڵێت نازارە و ئەڕوا بە توران
بە دەمەی سەرکێو بە هەناسەی سەرد   وێنەی غوبارێ دەڕوا پڕ لە دەرد
جار جار ئەبێتە شەخصێ سپی پۆش   سەرتا داوێنە لە کەللە تا کۆش
ئەڵێت حاجیە و وا لە ئیحراما   بە دەوری خانوی دار السلاما

***

جار جار ئەگۆڕێ شێوەی سارد وەکو   زێنەتر جەمال دەرئەخا بۆ تۆ
باران ئەباری بەسەر ڕیا بە خوڕ   لاف و دەرئەکا لە دۆڵا بە گوڕ
وێنەی دیوانەی عاشقی شەیدا   ئەکەوێتە دەشت سەر پڕ لە سەودا
بەبێ ئارامی بە ڕوش و شەودا   بەگوڕ سەرئەدا بە دار و بەردا
چەم خۆی لول ئەدا دیار بە دیار   بە وێنەی ماری گیرودەی زام دار

جار جار بە نەشەی هەوای بەربەیان   نەشئە ئەبەخشێ بە دڵ وگیان
ئەهوێنێتەوە لە قەترەی شەونم   ملەوانەی دڕ بۆ ملی خانم
شەونم ڕیز ئەکا لەسەر گوڵاڵان   وێنەی عارەقی ڕووی وردە ساڵان
بە صەفای موسلم زەوی ئێتە جۆش   سەرچاوە وەکانی گشت ئێنە خرۆش
فوارە ئەکا ئاوی سەرچاوە   ئەڵێت کەوثەرە کەوتە دنیاوە
ئاژەی شەتاو و قول بەزەی شاخی   بۆ ئە خۆش ئەبێ بە دەوای شاخ
نەسیم ئەجوڵێ لەسەر ئەمامان   ئەدا لە گونای نازک ئەندامان
ئێنێتە لەرە پەڕەی گوڵاڵان   بۆ گوڵاو پاشی گونای نەوساڵان
ئێنێتە خرۆش بولبولی شەیدا   بە سازو نەغمەی پڕ سۆز و سەودا
ئێنێتە سەما عاشقی بێ حاڵ   بە وێنەی شێتی بوی لیدەی شمال

ئێنی بە یەکا ڕیزی چناران — پێیت ئیشان ئەدا وێنەی دلداران
کەشێن بە یەکا و دەست ئەکەن مل — لای دڵ نامێنێ ئارام و تامل
سەرئەفاتە دەر وەنەوشە و نێرگس — مردوی پێ ئەبێتە حالی تنفس
لای گوڵ سوسەن لای نەسرینە — وێنەی نمونەی ڕیزی پەروینە
چیمەن بەچینی گوڵالان ئاڵە — زەردە و سپایە و نارنجی کاڵە
ئەبێ بە فەرشێ وێنەی ئیستبرق — کافرئەبێتە دەنگ بە (ربنا حق)
هەواساف ئەبێ بە وێنەی مینا — کێوت لێ ئەبێ بە (طوری سینا)
هەرکوێ ئەڕوانی عەکسە دیارە — ئەلێی بارەگای بلور شەلارە
گشت گیانت ئەبێ بە قوەی شامە — گل بای خوش ئەلێ وێنەی شەمامە
هەوات بو ئەبێ بە عطر و عەنبەر — بە وێنەی سینە و بەروکی دلبەر
چار بەچار باخات هەلئەبێتە بەر — بە میوەی ئەلوان (الله اکبر)
پڕ ئەبێ لە خێر کێڵ و کێو و دەشت — دنیا ئەبێتە نمونەی بەهەشت
ئەم هەمو وەزعە ئەم گشتە حالە — بە هێزی خودا تاقیقی [illegible]
عەرز هەرعەرزە هەوا هەوایە — هوی ئەم ئەحوالە خواستی خودایە

***

ئەمە ئافاق بو ئەحوالت زانی — ئەمجا بیرە سەر شەخسی[٣] انسانی
جاری بڕوانە مادەی وجودت — مەکینەی ئەعضای بەخێر و سورت
چ لە دەماخ چ لە کەللەی سەر — چ هێزی بیستن چ نوری بصر
چ لە ناو قوڕگ و چ لە حنجرە — چ مەعدە کە هوی ژینی بەشەرە
ئەجزای کەللەی سەر تا پەردەی دەماغ — باشی تێک خراوە بە نظم و پەرداغ
لە دەماغەوە هێزی نوری چاو — لە شوێنێ گرە و لە ڕودی بلاو
دو ترەگ لە دێوە ئێن بو بیبینە — چاو وێنەی گولاب ساف و شیرینە
دەزگای کارەباو مصباحی بەرقی — دەماغ و چاوت بون بەسەر مەشقی
ئەمجار بیرە سەر میزانی حواس — [٣]سەرگەردان ئەکەن دوکتورانی خاس
سەیری زنجیرەی پشتی ئادەمی — [٣]سەرگەردان ئەکا دەستای عالەمی
مەکینەی تحلیل بو خوێن و غذا — هێزی تصفیه و توزیعی ئەعضا
بە کورتی شەرحی هەر یەکە لێمان — پێویستە بەلای تشریح الابدان

***

ساتێکیش لارە لە حەیاتی — رو بکە بولای مەعنەویاتی
بڕوانە وەزعی طبعی انسانی — بڕوانە هێز و قوەی نفسانی

وزارة الثق
رقابة المط

پەروانە بوو دڵ سێری خودایە   هەزار ئەسراری عەجیبی تیایە
پارچەیێ گۆشتی صەنەوبەریە   صورەتی بەڵام سیرەتی بەریە
کانی زانست و ڕەوەوشتی بەرزە   کاشفی سەما و ئەسراری عەرزە
بەوێنەی جامی جیهان نومایە   ئاوێنەی ڕەسمی هەموو دنیایە
ئەوەندە شایانی بەرزی هەمەتە   جیلوەگای نوری ئەحەدییەتە
پادشای موڵکی وجودی تۆیە   فەرمان ڕەوایە و هێزی بێ شوبهە

***

هەی دڵ ئەوەندە ساف و ئارامە   لە ناکامیشا ئەو شادی کامە
حەقیقەت ئەبینێ و هەر حەق ئەبینێ   لە ڕێی ڕزگاری قورب دائەنێ
ئەگەر کۆسپێکی لێ کەوتە بەرێ   بە بیر و باوەڕ لای ئەدا لە ڕێ
ئەگەر مشکلێ داوێن گیری بو   بە حیکمەت چارەی ئەکا زوو بە زوو
ئەگەر هەر قەضا هێرشی هێنا   بە ئیمانی خۆی ئەڵێ (ڕضینا)
هەر بەو ڕەضایە و بە صبر و تامل   ئەگا بە چارە و ئەگاتە مەنزڵ
کائنات لە لای ئەبێ بە هەشت   چ لێ بوو ئەبێ بە پانای دەشت
چونکی بە صفای ڕەحمەت ئاوایە   حاڵی هەرچۆن بێ بە وێنەی شایە

هەی دڵ هەیە بەشەڕ خەریکە   عالەم لەلایا تەنگ و تاریکە
لە بەر تاریکی تەپ و تۆز ئەکا   بە کوێریی جادووی ئایینی سوز ئەکا
لە دەوری شەڕا مووزە موز ئەکا   بە تای تانەی تاڵ جگەر دوز ئەکا
بە بەد چارەیی ترولەچەنگ ئەکا   عەناد لەگەڵ حەق بە ئاهەنگ ئەکا
بە کورتی وێنەی فەرق شیوە و ڕەنگ   قەوارە و قەمەت یا ئاوازە و دەنگ
دڵی ئادەمی لەیەک جیایە   دڵی پۆڵایە و دڵی مینایە
دڵ تاریکە و دڵ ڕۆناکە   دڵی ناپاکە دڵیکیش پاکە
دڵ جیلوەگای جەمال و نورە   ڕوی لە بارەگای قرب و حضورە
دڵی ئەوەندە ڕەش و بێ نورە   بە دووری لە حەق شاد و مەسرورە
ئەم فەرقە زۆرەی لە دڵانایە   لە هەموو دەزرەی ڕوی جیهانایە
بەردی لە بەردی داری لە داری   کێوی لە کێوی شاری لە شاری
بەلگی لە بەلگی گوڵی لە گوڵی   ڕوحی لە ڕوحی قوڵی لە قوڵی
ئەمانە هەموو ڕەهەندەمای نەفسە   عالەم دەسکاری ذاتی اقدسە
ئەو بە خواستی خۆی عالەم بەش ئەکا   یەکی بە جوان و یەکی ڕەش ئەکا
مەبەس ئەوەیە ئەو کارو بارە   ئادەمی تیایا مات و ناچارە

بەکورتی یانی گشت ئەجزای جیهان　　غیب وشهادە ظاهر و پەنهان
هەموو موصوفە بە وصفی امکان　　ئەروا بەسەریا هێزی لامەکان
بیجگە لە (حدوث)، کاتی هاتە زوو　　دەرئەکەوی بووت فقری زوبەزوو

* * *

یانی محتاجە سەراسەر عالەم　　بە هێزی خالق بێ زیادو کەم
هەر احتیاجی وەصفی امکانە　　بۆ تصدیقی دل باشی بزانە
(حدوث)، بزانە بەهەر احتیاج　　لە پەیدا بوونا بەرتبە و مزاج
یانی بە (امکان) بوت ئەبێ اثبات　　کە قوای پەیدای هەموو ممکنات
شتی یەکسان بێ بوون و نەبوونی　　بە غەیری ئەبێ نەبوو بوونی
(حدوث) وەصفێکە کاتێ هەلکەوی　　پیوەستی فعلێکی پێ دەرئەکەوی
ئەنا ممکنات هەتا معدومە　　فاعلی نادی ئەمە معلومە
خولاصەی کەلام نابێ بەریکەوت　　ثلثت وجودی کائنات هەلکەوت

(پرسیاری دووەم)

ماموستای زانای ئەم شەربەتە　　(استغنی) عالەم لە ممکناتە
ممکن و حادث کاتێ هەلکەوی　　بەشێوەی قطعی فاعل ئەدوی
بەلام ئەم بیرە باحقیقەت بێ　　فاعلی عالەم هەر طبیعەت بێ
با طبیعەتی عالەم سەراسەر　　خاوەن تاثیر بێ لەم دنیا یەکسەر

شاگردی عەزیز رولەی دلبەندم　　خاوەن شعوری شاهالی پەسەندم
طبیعەت نابێ بێ بە فاعل　　ئەلەبو ئەجزا ئەکولی شامل
ئەهلی طبیعەت بە اشتباهن　　لە ریگەی راستی تەداو گومراهن
حکمی ئەوهەمەو فکری بطالە　　لە طبیعەتدا تاثیر محالە
بو باسی ئەمە بەکورتی و ئاسان　　وەلێلی ئەلێم مقبولی انسان

* *

ئەم طبیعەتە یا هەر عالەمە　　یا خود هێزێکە کە لەدا گوشە
یا خود هێزێکە کە جیایە لە عالەم　　صانعە لەبو هەموو بوونەوەران
ئەگەر طبیعەت عەینی عالەمە　　تاثیری لە خوی نامسلمە
چونکی لازم ئی شت کاتی ئەبوو　　بێ وخوی بکا بە موصوف بە بوون
جاچون وەرئەگری هوشی لی جنون　　گرد ببیتەوە ئەبوو لەگەل بوو
لەو کاتا نیە وجودی ببێ　　لە ئەبوونیدا بوونا ببینیتە جێ
بوون و نەبوونی گرد نابنەوە　　بەلکو نزیکی یەک ناکەونەوە

ئەگەر طبیعەت مانای دوو هەمە   یانی هێزێکە وا لەم عالەمە
ئەڵێم ئەم وصفە محتاجی جێیە   تا موصوف ئەڵێ وەصفی لەکوێیە
وەی چونا مەعقولە شتێ پاشی کەوتو   ببێ بە صانع لە پێشی کەوتو
ئەم احتماڵە لەویان پەنترە   لە بێژینی عەقڵا بێژی گرنترە

ئەگەر بە مانای سێهەمین پایە   یانی هێزێکی خارج لەوانە
ئەڵێم ئەم هێزە ئەگەر ضعیفە   لەکەماڵاتا پایەی خفیفە
بۆ حوت ئەزانی ناشێ بۆ تاثیر   چونکی وا مادەدەمێ جەو فقیر
ئەگەر کاملە بە هەمو باری   قابلە لە بۆ هەمو ئاثاری
یانی ئەوصافی کەماڵی هەیە   لە عەیب و نقصان واڵی بەریە
دا لاهیتیە سەر پانالێ جاڕە   ئەمەتۆ تەثلیث (رب العبادە)
حاجەت بە وەرزی تری قطعی ناکا   کورد بیدوێنە شەرعی خۆی ئەکا
ئەوەندە هەیە. بەڕوی حقیقەت   من ئەڵێم (خودا) ئاتیم (طبیعەت)
طبیعەت واتەی بێ ئەوە باشە   قسەی سەرەڕێی دوو مەشرەبانە

بەڵام بە مانای هێزی عالەمی   خالقی جەماد حەیوان ئادەمی
خارج لە عالەم دوور لە ممکنات   طبعا خودایە بۆگشت سەرابات
تفاوت ناکا کوردی بڵێ (نان)   فارسی بڵێ (نون) بە لەهجەی تاران
چە بەسە وشەی طبیعەت لادە   بەکارهێنانی زۆر نابەکارە
ئەخاتە بیرت مانای خوڵ و خاک   ئەکاتە چاوت غوباری خاشاک
مەڵێ (طبیعەت) بڵێ (خودا)   یانی خودایە و دنیا بەو پەیدا
بە تورکی (تەنگری) عەرەبی (اللە)   بە کوردی خوای کامل و ئاگاه

ئازای سەری ئەم اُشتباهە   بە هۆی طبیعەت عالەم گومڕاهە
ئەبینی باری ئاثاری دیاری   کە دەرئەکەوی لە سەبەب کاری
لە بوخار هەورو لە هەوریشا باران   لە باران گیاو گوڵی گوڵزاران
لە هەتاوەوە دنیا گەرم ئەبێ   بوخار لە چەرخی عالەم جەم ئەبێ
کاتێ کە شەوڵەی هەتاو گەوتە گەڕێ   گیا ووشک ئەبێ ئەم پەرتانەوێرێ

یا خود ئەبینی ئاجەری نم دار   هەڵ دێنی دوکێشک خاوەن ئاشی زار
یا تاڵی موی سەر کەکەوتە ژێر خاک   هەڵ ئەسێنێ ماری ژاراوی ناپاک

یا بە جووتی زیل و پیسی ناو گولان   کرمی دەر دێ دەکەونە جوولان

یا بە هۆی گەرمای هەوای ئاسمان   بەفر ئەبارێ بێ حەدوسامان

کە ئەمانەی وتی ئەسبابی فەقیر   لە بۆ طبیعەت دانێ تاثیر

نازانی سەبەب غەیری فاعلە   سەبەب بۆ گەلێ ئەشیا شاملە

فاعل صانعە بە علم و قدرەت   لە گەڕ حکمەتو لە گەڕ بصیرەت

صانع خالقە ذاتی بێ عەیبە   زانای ئەحوالی شهادە و غەیبە

خالق پێویستە کە تەوانا بێ   بە ئەنجامی شتی تەواو دانا بێ

تەوانایی وا عالەم ڕاگری بێ   دنیا بە خۆشی و بە سەرامی بێ

خالق عادەتی وایە کە دنیا   دامەزرێ لە سەر پەیوەندی ئەشیا

لە گەرما و فەلەک لە بەفار و هەور   لە هەور و باران ئەڕواڕە وران وەر

لە باران گیا و دار و زەرعەت   لەمانە ئەمەر بوژێنی قودرەت

لە ناو گیان لە بەر وابێ ئیرو می   ئارەزووی جنسی زۆر دەیاکەم بێ

بۆ کەوتنە یەک لە بۆ ئەتە وە   لەگیا و گیان لە بەر بەچکە دێتە دە

واتیناه من کل شیئ ...   سببا کامن ضوء فیئ

لە بەر نەزانی و نەپرسینی خۆی   ڕێگە لێ تاریک دەربە کەوی بۆی

بۆ خۆی نازانی مؤثر چییە   لە پرسیاریشی طاقەتی نییە

مؤثر ئەبێ دارای کەمال بێ   بۆ ئەی خلافی مەیلی محال بێ

مؤثر ئەبێ خۆی مستغنی بێ   عالەم متحرج دەولەمەنی بێ

لەم عەلاماتە کە بیانم کرا   ئەسبابی عادی دوورن ئەی برا

دەی تۆ وەرگێڕە لە خلطی ئەسباب   مسبب بگرە دەربگرە صواب

بابوت دەربخەم طبیعەت پڕ چە   مایەی طبیعی فسادو سوچە

طبیعەت ئەگەر خاوەن تاثیر بێ   خاوەنی هێزی خلق و تقدیر بێ

ڕشتەی تاثیری ئەبێ دائم بێ   هێزی ایجادی دایم قائم بێ

چونکی ئاثاری بە محض ذات بێ   بە دەوامی ذات ئەبێ اثبات بێ

مع انە طبیعەت صەر صەر   دەضعی ئەگۆڕێ دەربارەی ئاثار

بە مانعی کرم بەر گەڕان ئەبێ   طبیعەت لە ایشی سەرگەڕان ئەبێ

ئەڕوانی هەوا دائم هەوایە   تاوی هە تا ولیشی لە مەیدا نایە

سالی مەلولین لە زۆری باران   سالی بۆ نمی ئەمرین بەهاران

بەڵێ ئەم دنیا لەسەر ئەسبابە — کۆشش بۆ ئەسباب مایەی صەوابە
خودا بە عادەت لەڕووی جیهانا — ئەسبابی داناوە لە گشت زەمانا
بە جووت گرتنی دوو لە نێر و مێ — ئەنتەوەی ئەوان جوان دێتە جێ
هەتا لە گیادا نێر و مێ هەیە — *دار: پەیوەندکرا بەری پڕ خەنەیە
ئەنجامی کۆشش بەرزی ئینسانە — مایەی تەمەڵی پووچ و نوقصانە
نابێ دی واتە زۆر وڕێژ بکەین — دەماغ و سەری یاران گێژ بکەین
بەڵام بە ڕاستی (ئەبدا) حسابە — کلیلی ئەسباب (ربّ الاربابە)
طلسمی ئەسباب جادووی هارووتە — ئەویش گیرودەی ئەنگەبوتی جۆتە
ئەسباب پێوێستن ئەمما بە ڕاستی — مەشیئەی خودایە ئەگەر بیناسی
بەبێ هەوێنی خواهشی خودا — هیچ پەیدا نابێ لەڕووی جیهاندا
کاتێ کە خواستی ئەبێ لەسەر کار — ئەشارێتەوە ئەسبابێت یەک جار
ڕۆژت لێ ئەکا بە شەوی تاریک — شاڕێت لێ ئەکا بە ڕێگەی باریک
لە پاش ڕاوێژ و عەزمێکی قائم — ئەڕژێ بەسەرتا (فسخ العزائم)
وە یا کۆسپێکت ئەخاتە بەر پێ — ناهێڵێ هەنگاو بنێیتە ئەو جێ

زۆر ئینسان هەیە بە هۆش و تەمکین — بە سەر دەریا ئەڵێن هەزار ئافەرین
شایەوە لە بۆ ئیدارەی جیهان — دانایە بە پێشتر پەنهان لە پەنهان
بەڵام کە خواستی خودای پێ نەبوو — هەرچەن تێکۆشێ ئەنجامی نەبوو
چەچای پایە و مەرتەبەی کەمال — سەرسام ئەمێنێ لە وتنی مندال
خۆشی لێ ئەبێ بە بارێ گران — ئەسووڕێتەوە داماو و حەیران
حتی جەهەتا بە مەرحەبا لێ — ئێتە سەرشەما بە سووسەی بالی

بەعەکسی ئەمە زۆر کەسی نادان — بێ زانیست و فن بێ هۆش و وجدان
خوا بۆی ئەتری ئەخا ئەسبابی ژیان — ئەبێ بە گەورەی گەلێ لە جیهان
بەبێ زەحمەت و کۆششی گیانی — ڕێک ئەخا مایەی خۆشی ژیانی
ئەمە ئەزانی جادەی انصاف — ئەگەر بڕوانی بە دڵێکی ساف
کە وای لێدا هێزی مەعنەوی — هەیە بۆ عالەم لە بەرز و نەوی
لەسەر خواستی خۆی دێتە سەر ایجاد — بۆ فعلی ماشاء و حکمی ما اراد
آمنا به و صدّقناه — سمعنا امره واطعناه

مامۆستای دڵ پاک خاوەن فکری ساف — بیری تر هەیە ببینێ بە انصاف
مانای (طبیعت) با هەر عالەم بێ — بڵێ واجب بێ و کەمالی جەم بێ
با ئەزەلی بێ ئەبەدی بو نێ — دوور بێ لە نقص فەنا و نەبونێ
بەرئەوار خالق، ی بێ بونەوشتانە — کە پەیدا ئەبن لەم رووی جیهانە
پێم نیشان بدە مانعی چیە — بەظاهر مانع لەم فکرە نیە
تولەی مامۆستای بەرزی وەکو تو — رەوح و ریحانە و نەسیمی شەو بو

شاگردی سەربەرز لوزی چاوانم — مایەی ئاسایش بو دڵ و گیانم
لێرا چەن مانع هەیە لە پێشا — کە هوشت ئەوەن بە نوکە نیشا
یەکەم ئەوانەی وەسمان پێ ئەگا — هەموو نیشانەی فەنا لێیا ئەدا
پێم ووتی هەتاو ئەجزای ئەفەوتی — رەوی بە بەردکان زووری ئەسووتی
باقی ئەستێرەی ئەم ئاسمانە — زیاتر نیە هێزیان لەمانە
شتی کە لەشی بو نقص و تحلیل — ناشی ببێ پایەی خالقی جلیل

دووەم ئەمانە هەموو تیکەڵن — لەگەڵ ئەجزای مادی حاملن
شتی محتاج بێ بە اجزاو مواد — ئامادەیە بێ بو کون و فساد
واجب الوجود نابێ وەها بێ — کەون و فسادی لەرێگەدا بێ
نابێ احتیاج داوێن گیری بێ — خلط و امتزاج بەرەو پیری بێ

[2]سێیەم گەر ئەڵێیت ئەم ئەستێرانە — هەموو واجبن لەم رووی جیهانە
بە میلیار واجب بڵێنە سەرشانت — ئەبن بە ئازار بو دڵ و گیانت
تو لە واجبی کە وتوتە سەرەو دا — کە بون بە میلیار شێت ئەبی و شەیدا
الیش بە واجبی بە حەق زڕی کەوێ ـەم الباقی لغوه — نابێ وەر کەوی
بێجگە لەرێشە لە پاش تحقیقات — شعوریان نیە مادەی سماوات
مادەی بێ شعور ناشی بو ایجاد — یا بو یاسالی پڕلی لە ئرەشاد
یانی مدارەکی بێ گیان و شعور — ناشێن بو خلق و بو یاسا و دەستور

چوارەم ئەمانە بە ذات یا صفات — ئەگەر نقصانی زویان لێ بکات
نابن بە ذاتی واجب الوجود — ناشێن بو خلق و ایجادی مقصود
ئەگەر ئەوانە هەموو کامڵن — بو وەزعی واجب بەحەق شامڵن
یەکێکیان بەسە و باقی زیادە — ئیتر چون هەموی بە وجوب شادە

ئیتر بۆ بە وەهم مەجموعەی شەمسی   ئەکەی بە واجب بە پایەی قودسی
لادە لە مەجموع ببڕە بۆ جامع   باحەق دەرکەوی وەک بەرقی لامع
الله نور للسماوات   والأرض وما في الغيبات
بێ عەیبی مادە و تیکەڵی ئەجزا   بێ احتیاج و ماجرای سزا
خاوەن کەمالی لازمی ذاتی   خالق حقا للکائنات

پرسیاری چوارەم

ماموستای زانای ئازاو ئامادە   کشافی ئەسرار مایەی سعادە
ئیمانم هێنا کە خوای عالەم ...   ئەبێ خارج بێ لە عالەم سەرجەم
خاوەن بێ لە بۆ ئەوصافی کەمال   پاک بێ لە عەیبی ئەوصاف و افعال
اشکالی ئێستە لە دڵما مالی   ئەمە بۆ چی ئەبێ تەنیا بێ
صانع کامەیە دوو پەروەردگار   خالق بێ لە بۆ جمیعی ئاثار

...

ئەو جوانی پاک ئەو رەسیدەکەم   هێزی دەروونم نووری دیدەکەم
دوو پەروەردگار نابێ بۆ عالەم   وەربگرە فکری ڕاست و مسلّم
تعدد کانە بۆ فتنە و فساد   مایەی شەراکەت ضایعە و بەرباد
ئەزانی زانای خاوەن بەرا وورد   شریک تێک ئەچن لە سەرشتی وورد
چە جای شتی خاوەن قیمەت بێ   بە عادەت خاوەن ئەهمیەت بێ
کەی ئەتۆن دوو شریک بە میانەی باش   بژین لە عومرا بێ غەوغا و خلاف
بوونی دوو خالق لە بۆ کائنات   ئەبێ بە مایەی هەزار فسادات
یەکێ ئەڵێ خێر یەکێ ئەڵێ شەڕ   یەکێ ئەڵێ ووشک یەکێ ئەڵێ تەڕ
هەر شەڕ ناگری کاری ئەمانە   گەر لە عەرزا بێ یا ئاسمانە
ئەمیر میانجی ئەبێ لە کوێ بێ   صوڵحی ئەمانەی پێ جێ بەجێ بێ
بەکورتی ئەڵێم بە یاسای عادە   شراکەت مایەی شەڕ و فسادە

بورهانی تمانع

لادە دەلیلی کە خطابی بێ   بگرە بورهانی کە حسابی بێ
یەکێ لەمانە خواستی شتێ بێ   ئەویان نقیضی ئەو خواستی بێ
ئاڵێ هەردوویان لە دوایا بێنە جێ   یا هیچیان ئەبێ محال لازم دێ
چونکە جمع و منع لە بۆ نقیضین   عقلا محالا قەت نایەتە بەین
علاوە هیچیان وجودیان نەبێ   عجزی دوو آلە لە دوایا دێتە پێ
ئەگەر هەر یەکێ لەوان بێتە جێ   عجزی طالبی ئەویان دێتە پێ
کە وابێ ئەبێ خالق تەنیا بێ   خاوەن هێز و خواست ئاگا و بینا بێ

هەروا مانعە لەبۆ تعدد   لەکاتی خەلقا وەزعی (توارد)
بەم مەعنا نابێ هەردوو بەجارێ   بێنن دروست بکەن ذرە ئاثارێ
چونکە هێزی یەکێ کافیە بۆکا   ئەویان بێ سودە بۆ خلقی ئاثار
ئەوتە بەحیزە واجب الوجود   خواستی ئاتەچی حاضرە موجود
ئیتر بۆچیتە دوو پەروەردگار   یەکی ماتل بێ و یەکی فاوەن کار

* * *

ئەگەر توثلثیت بابە اتفاق   یەکێکیان دانێن بۆ خلقی ئافاق
یا برپاری بدەن هەر یەکی لەوان   ئاتەسەر تاثیر بەبەشی ئەویان
ئەلێم ئەمجارە امکانی خلاف   ئەبێ بەمانع بەعقل و انصاف
مادام تمانع ممکنە بۆیان   امکانی عجزیشی روونە دالییان
عجزیشی فعلی بێ یا خود بە امکان   محالە لەبۆ واجب بەعەیانا
مادام وەها بوو تعدد نابێ   چ بەرووی واقع چ بە امکان بێ

* * *

لەم بیاناتە دەرکەوت بوانان   بۆ عقل دوور بێ لە دەردی نقصان
کە پەروەردگار بۆ هەموو ئافاق   ذاتێکی فەرزە معبود و خلاق
خارج لە رشتەی هەموو ممکنات   بەری لە نقصان خاوەن کەمالات
زیندوو زانا بێ و خاوەن خواهشی   توانای ذاتی بە نوما لیشی
تیکەلی نەبێ عجز و داماوی   بینا و شنەوا و خاوەن گویایی
بێ احتیاج بێ لە هەموو عالەم   بێ شبهە و وێنە راست و مسلم
چون شتی مردوو یا خود ناتەوان   نابێ بە خاوەن تاثیر بۆ جهان
بێ خواست و خواهش بێ سمع و بصر   ناقصە و ناچارە لە خلقی ئەثەر
هەرچی ناقص بێ ذاتی یا کاری   ناشێ بۆ وصفی پەروەردگاری

* * *

ئەگەر انسانی تێ فکری دەقیق   ئەگات بەم علمە بەشیوەی تحقیق
هەموو کائنات سەراسەر جهان   ئەلێن بە زمانی ظاهر یا پنهان
کە پەروەردگار تاق و تەنیایە   یەکەم مبدئی هەموو ئەشیایە
مجموعەی آثار کون و کائنات   جماد و حیوان هەموو نباتات
نظام و رشتەی کائنات یەکسەر   گورانی وەزعی بە خیر و بە شەر
نەخشی جوانی عەرز و سماوات   نظامی دەورە و پاسای حەرەکات
راگرتنی وضع بە هەزاران سال   لە سەر توازن بێ تێک چوونی حال
هەموو شاهدن خودا تەنیایە   پەروەردگاری دان و بینایە

ئەو دەجاخانە کە کوژرا ئەوە گەلیان بەعەرزا هەڵ پڕانەوە

خانەوانەکان ئارامگای مەردان کە بون بەشوێنی پەستو نامەردان

بیت العلمەکان بون بە جەهلستان کە بون بەشوێنی صەروەت پەرستان

ئەو سەردارانە بون بە خدمەت کار ئەو نۆکەرانە کە بون بەسەردار

گیروەکانی ئەشکەنجەی گەردون کەوە رچون لەژێر سەرپەنجەی نگون

ئەو غەمبارانە کە دڵ پڕ غەم بون لەبەر رەشەبای غەوغا پڕ تەم بون

کە بەهوی شنۆی بای مەهرەبانی کەوتنە خوشی رنگەی زیندەگانی

ئەوبێ ئاوانە کە بون بە ناودار بون بەسەربەستەی باسی لادیوشار

پڕ بە دەم ئەڵێن خودا ئەنیایە

بەزلو نرمی عام لەلای ئەوایە

گورانی موسم چوار فصلی زەمان گورانی جهان سەرتا بەدامان

کلیلەی کەوانێ بەفری کوساران کەشیدەو وێنەی ئەبروی دلداران

دەمەو توف وتەم لەسەر دیاران خوزرمی باران کاتی بەهاران

زنجیرەی روبار لەناو دەرانا رەوانی جوبار لەدوی بەرانا

هاژەی قەڵبەزەی تاڤ سەربەرزان شاڤەی ئاوی ساف سەرلقان لەرزانە

قولەی ئاوی ساف لەسەر چاوانا کولەی فوارە لەسەرا وانا

نم نمی شەونم لەسەر گولانا چون عارەق لەروی نازک دڵانا

لیوشەکەنەوە خودا ئەنیایە

بەحالی عالەم ئاگاو بینایە

چرزەی دەرکەوتو لەبەرکاوانا سێ وزەی سەرکەوتو لەبەرنادانا

تاتای وەرکێڕ لەبەرشاخانا شەوڵوی بوعەنبەر لەبەرزاخانا

باقەی گولالان لەگولزارانا توقەی گیا لەناو مرغزارانا

لالەی شقایق ئالی نعمانی بەوێنەی لیوی لەعلی یەمانی

گول سوسەن بەریز لەبەر مخاران وەنەوشەی پەل و نز لەبەرچخاران

نەرگسی چاو مەست جگەرسیا بام سەرمەست بەوێنەی دڵ بەزانی جام

چرو ورەودار لەسەر شاخانا گوێگەی ئەمردار لەناو باخانا

لالەی معطر لەبەرچاوانا لولەی نیلوفەر لەسەراوانا

ئاس و یاسەمین سروو صنوبەر شورەبی شەیدا و چنار و عەرعەر

ئەو بادەی ئەوتول ریزئەمامان چون بالای ئالای نازک ئەندامان

شنۆی نەسیمی کاتی بەیان روح افزای غەیبی بوسەر دڵ وگیان

هەموشە دەنگ لەم روی دنیایە

کەیەروەردگار تاقو تەنیایە

ساوای سادەی ساف لێو لە سەر مەمان — نیگای دایەکان خاتر بێ خەمان
دایەی دوورکەوتە لە ڕۆڵەی ئازیز — ڕەنگ زەرد بە وێنەی خەزانی پاییز
بابەی دڵ کەباب بە سووزی جگەر — بە جەفای دووری فرزەندی دڵبەر
دەردەدارانی بە صەبر و تامڵ — دڵ بیمارانی خەستەی بێ حاصل
ستەمکارانی گیرۆدەی زەنجیر — ناڵە و ئاناڵی لە بەندا ئەسیر
دڵ سافانی پاک دڵ صفحەی مینا — بە تەجەللای نوور چوون طور سینا
بە وێنەی قومری شەرقەڵای بۆرجان — لسوولە کرنەوە چوون ئەعلو مەرجان

خوا پادشای عەدل و داناییە

پرسیاری پێنجەم — بەتەواڵی دڵ ئاگا و بینایە

ماموستای بەرزی پایە بولەندم — هەشیاری فاوەن خوولکی پەسەندم
وا باوەڕم کرد بە پەروەردگار — تاق تەنیا و تاک بینا و خەبەردار
بەڵام پێیم بڵێ بە شێوەی تەمکین — پێویستی چییە بەشەر بە ئایین
ئادەمی بالطبع زانا و هۆشیارە — بە سوود و زیان باشی خەبەردارە
فەرمان دارانیشی کە فەرمان ڕەوان — ئادەمی ڕامە بۆ هەرچی ئەدان
حوکمی مەحکەمەیشی بۆ هەموو عامە — ئیتر پێویستی شەریعەت کامە
بۆچی پێویستە بوون ڕەهبەران — کێشی و ئایینو ڕێی پێغەمبەران

٭٭

بینای هادی جیهان دیدە بکەم — دارای ڕەوشتی پەسەندیدە کەم
پێویستە بزانی بوون ڕەهبەران — دین و ئایینو ڕێی پێغەمبەران
بۆ چەن فایدە و سوودی عالەمی — کە هۆی پیرۆزین لە بۆ ئادەمی
یەکەم یارمەتی عەقلی بینایە — بۆ دەرکی ئەشیا لەم ژیاو دنیایە
یانی شتی وا پێویستن بۆ ژین — بەبێ ئەوانە بە خۆیشی ناژین
دووەم یارمەتی عەقل و وجدانە — بۆ هەر ڕەوشتی پاکو جوانە
سێهەم ڕزگاری کۆمەڵی بشر — لە هەرچی هەوای کوشتەدەی خطر
چوارەم ڕەهبەری عەقلی هۆشیارە — بۆلای ئەو خوا پەروەردگارە
بۆ ڕۆژی جەزا و تۆڵەی کردەوە — لە سەرلەوانەی ناوی بردووە
جا با بەتەفصیل بۆت بکەم بیان — هەتا دەرکەوی فەلسەفەی ئەدیان

٭٭٭

انسان هەتا زە بە عقل و ادراک — بۆ ئەندێشەی چاک و بۆ پیشەی پاک
نابینە ڕێشە لە بۆ پیرۆزی — بۆ ژینی بەرزی شادی و بەهرۆزی
بەڵام ئادەمیش کۆنە ساوا بوو — ئەوەی ئەزانی لەبەر چی وا بوو

بەبێ یاری دین بە هەزاران سال   نەدەگەیشتە مەرتەبەی کەمال
جا بۆ تەربیەی ئەتەوەی ئادەم   رەهبەری هەنارد خالقی ئەکرەم
یانی ئادەمی کرد بە ترێی قوما   بۆ بادەر بە خوای سەرزەوی و یورشەما
هەم بۆ یارمەتی و بۆ تێگەیانی   لەوەی پێویستە لە بۆ ژیانی
هەروەها هاتن هاتن بەو تەرز و دەورە   تا جیهان گەیشت بەم نظم و طورە
گەلێ لە ئەشیای بەسوود و زیان   کە زۆر پێویست بوون بۆ مادەی ژیان
بە وەحی خودا بۆ پێغەمەران   هات بۆ حالی بوون لە وەزعی جیهان
جا کە ئادەمی گەییە پایەی خۆی   پێغەمبەرێکی وای هەنارد لە نوێ
کە ئائینەکەی لەشی بۆ عالەم   ئەو پێغەمبەرەیش بوو بە خاتەم

* * *

پێم وایە ئایین کۆمەکی هەمیشە   عەقل و وجدانیش یاری یان خۆشە
بەلام بزانە عەقل بێ وجدان   ئینسان ناخاتە سەر خولکی مەردان
هەر خاوەن وجدان مێردی مەیدانە   خاوەن وجدانە بەڵا گەردانە
ئەجنسی بە وجدان خەروشتری خۆی   وینەی ژانەگری لەگەڵ غەیری خۆی
وجدان بوبە یار بۆ عەقلی ئینسان   ئینسان ئەپاتە مەرتەبەی ئیحسان
بەلام وجدانیش ئەخۆش ئەکەوێ   بە گیژی هەوا پێ کێ ئەکەوێ
لە ترسی شتێ یا تەماعی مالێ   یا بە هوی پایە و مەنصەبو حالی
ئەکەوێتە تۆزێ بەم لاو بەولادا   لە رێگەی راستی رەوان لائەدا
لەم حالا ئینسان بەهێزی ئائین   عەقل و وجدانی خۆی ئەکا تامین
لائەدا لە رێی نەفس و شەیتانی   ئیتە سەر رێگەی ئاسایی جیهانی
ئەگەرچی زۆر کەس ئەعقل و وجدان   ئەدین نای هێنی بۆ رێگەی ژیان
بەلام ئەوانەی کە بەختیارن   تا هەتای لەگەڵ ئائینا یارن
خولاصەی کەلام دین ئەبێ بە هۆ   کە عەقل و وجدان بکەوێتە خۆ

زاناکانی چەرخ یاسا دائەنان   گوێی زانایان یا خود سەروەران
یاساکانیان لەگەڵ ئەوادا ئەڕوا   خۆ ئەخەنە پێشی لەسەر ماسوی
ئەغلەب یاساکانیان بۆ خۆ بەکارە   سودی ئومەتی لە دوایە دیارە
وایان دانادە ئەدیاسا بەندە   خوێی بە پاشا خەلکی بە بەندە
بێجگە لەمەیشە گوێ بەگوێ ئەڕوا   لەگەڵ ترەزیلە و خزمەتی هەوا
بەلام ئائینی خودایی عامە   لە بۆ بیگانە و بۆ براو مامە

عاقل ئەزانی نەفسی انسانی — گەلی هەز ئەکا بە شەهوەت رانی
زور مناسبە بە مقتضای ذات — بولێشی پەرستو پوچ وخورافات
بە خوشەویستی ژینی خوشی قوی — ئەکەویتە ئیشی چون ری کەوی بوی
بە ستەمکاری لە سەر هەژاران — بە ئازار وانی گردی دەس داران
بە بگرە وبەردە بکوژە و ببڕە — بە دەس دریژی بو سەر بیری خوَ
بە رق بە کینە و دوروی و نفاق — بە شەڕو ئاشوب جدال وشقاق
یانی روی بولای تەنیا ژیانە — لای پایەدارە ئەم روی جهانە
بو عزونی و شورش طبعی شەیدایە — بو شەهوەت رانی سەر بەسەودایە
هیچ نابیتە هوی پاکی طبیعەت — نای هێنیتەوە بو ری حقیقەت
مەگەر پیروزی ئایینی قدسی — توزی دەس بدا لە هێزی نەفسی
ریشەی رەذیلە دەربینێ لە بیخ — شاخی دەماخی دابپچڕێ بە تیغ
بە بەرقی صفای کارەبای انوار — دل ببرژینێ لە کورەی ئەسرار
ئەمجار کە برژا شخصی انسانی — رژا بە سەریا فیضی رحمانی
قەت جولگەن ناکا بە گەرمی هەوا — روناکاتە لای حقی ناسوی
سەرلێشی ببری لانادا لە ڕێ — بو دەستوری حق سەری دائەنێ
ماموستای دەرزی ئەم علمە بەرزە — کە بیانم کرد بەم قول و عەرزە
هەر حضراتی پیغمبەرانن — کە بە ئەمری حق لە رهبەرانن

٢٢٢

بە نوری ئەوان انسان پێ ئەگا — دلی لە حق الیقین تێ ئەگا
خوی پێ لائەدری لە باری تاوان — لە شوینی تەنیا و تاریکەشەوان
ئەگەر نابلێین سەروک مانعە — لە حقوقی ناسی باشی مدافعە
تو لە خودای خوت ئەگەر نەترسی — کێ دەستت ئەگری لە هودەی شخصی
بەلکو ئەتوانێ گەلی لە تاوان — آشکرا بگەی بێ ترسی ئەوان
سەروک رام بکەی بە مالی دنیا — قاضیشی دەنگ ئەکا لەگەل اغنیا
ئیتر کێ منعت ئەکا لە تاوان — بێ خوف ورە جاو لە خودا ترسان
تا بیەتی ئەگەر تیک بچی جهان — سلطە گوی نەدرا بە کاری تاوان
یا خود بەلکەوی سلطە نەخوش بێ — لە رعایەتی بەشەر بێ هوش بێ
یا سەروک بو خوی لە خدا نەترسی — لە جبر و بیداد هەرگز نەپرسی
کە وای هەر دین ئەیلێتەوە — انسان لە تاوان بگیرێتەوە
وهو معكم اينما كنتم — ئەبێ بە ئاوریو لەری ناپاکم
ان ربك لبالمرصاد — ئەتخاتە سەر ریی پاکی ئازادی

چونکی ئەم نووری ئابگینەو دینە — ڕەهبەری دین و پیرۆزی ژینە
بەهۆی تاثیری نووری مەعنەوی — ئەسوتێ هەوای ڕەوەشتی نەوی
حەتا بە یاری خاوەنالی نوور — دوور ئەبیتەوە لە ئێشی مەنفوور
ئەبینی کەسێ کە هەستا و دانیشت — لەگەڵ ئینسانی بەرزنا بە ڕەوشت
حاڵی ئەگۆڕی بە ئەدعیکی وا — سوێند ئەخۆی وێنەی نییە لەم ناوا
بۆیە خوداوەند ئەلێ بە ئینسان — ببی بە گەوری کومەڵی ڕاسان
سەوری گەورەیی چاکان دیارە — هاوڕێیی بەختیار زۆر بەختیارە
تا بیبەتی محیط شەڕکەر بە ئەوە — بە دین و ئایینی بەرزی هەستە
ئینسان ئەگا تە کەمالی ئینسان — بە ئەندیشەی باش بە پیشەی جوان

لەم باسەکەلادە دۆستی دەقیقە — بۆ باسی ڕەهبەر بەرزی حەقیقە
خودا خەلقی کرد سەراسەر جیهان — فریشتە و پەری و تائیفەی ئینسان
بۆ ناسینی حەق لە بۆ عیبادەت — یانی بەندەگیو مایەی سەعادەت
هۆی ئەمەشی چییە باوەڕی ئینسان — بە جەزای تاوان بە تۆڵەی جیهان
یانی بە ڕاستی باوەڕی ببێ — جیهانێک ئەچێ جیهانی تر دێ
پاشی مردن بشەر زیندوو ئەبنەوە — لە دادگادا گرد ئەبنەوە
بە ترازووی ڕاست حسابیان ئەکرێ — کردەوە چۆن بێ واشیان ئەدرێ
ئەوجا یا دۆزەخ یا خود بەهەشتە — بە عەمەل یا عەفو لە دوکارە زشتە

چون مەعقول نییە ژیان عبث بێ — ژیان هەر لە بۆ هەواو هەوەس بێ
چون ئەبێ شەخصێ کردەوە جوان — یەکسان ئەبێ لەگەڵ خاوەنی تاوان
ئەم گشتە بیدادو غدر و کوشتارە — ئەم فرو فێل و سزاو ئازارە
چون ئەبێ پرسین هەروا هائەڕوا — وەکو حەیوانی بەری لەو ناوا
یا خزمەتکاران لەم تروی دنیایە — بە گیان و بە ماڵ بە جاه و پایە
چون ئەبێ ئەنجام خاوەنی ئەتروا — خێری نابینی لە تۆڵەی ئەوا
مەگەر ئادەمی وێنەی حەیوانە — یا دار یا گیای بێ ڕوح و گیانە
نابێ چونکی عەقڵ باوەڕی وایە — لە پاشی کردەوە کاتی جەزایە
مادام جەزا بۆ لە بۆ گیان لەبەر — لە صنفی پەری و لە نەوعی بەشەر
بە حەقی ڕاستە ئەشێ ڕەهبەر — محض ڕەحمەتە بعثی پێغەمبەر
لە دەرەبڕینی یاسای خودایی — چە بۆ کومەڵ و چە بۆ تەنیایی
لە بۆ ئەندێشە و کردەوە ڕەوشت — بۆ تۆڵە و جەزا لە سەر زیبا و زشت

المطبوعات

لەبۆ ئاوادانی خودا پەرستی — لەبۆ رەووشتی بولەندی و پەستی
لەبۆ چاودێری حەقی خوێشاوەند — بۆ حەقی هەژار لەسەر دەوڵەمەند
بۆ راگرتنی شێوەی ئابووری — حەقی وولاتی حەقی سنووری
بەسوپاییکی بەرزی بەهرەمەند — خاوەن ئائینی پاکو ئەرجمەند
لەبۆ بەیانی ئەولەی قیامەت — بۆ بەرزو نزمی مەرتەبەی ئومەت
لەبۆ ترویجی زانستی بەسود — بەئەوعی انسان بگا بەمقصود
باشی بگەیێنێ وەحی سەماوی — لەسەر احکامی مادیو مەعنەوی
بەمقتضای دەور لەرووی رۆژگار — باشی رزگار بکەن بشر لەئازار
چاهەرکەس لەسەر هۆش ونامی خۆی — بەقەی خۆی بگا بەمەرامی خۆی
ئەمەبوو سەری فەلسەفەی ئائین — کە بیانمان کرد بۆئەهلی تمکین

ل پرسیاری شەشەم ؟

مامۆستای دانای خاوەن حقیقەت — راستە پێویستە دین وشریعەت .
بەلام لەولما مادە اشکالێ — ئەخاتە دەماخ بەعزە مەلالی
ئەوەی داوای کرد کەپێغەمبەرە — بەئەمری خودا بەحەق رهبەرە
لەسەر راستی ئەو دلیلمان چییە — چون باوەر بکەیا کەئەو نبیە

جـ

نوری چاوانم ئارامی گیانم — هێزی ئەژنۆ لێشت مایەی ژیانم
عاقل ئەزانی کەخودای ئافاق — قەت تکلیف ناکا بەمالایطاق
کاتی کەولێتی یەکی لەبشر — بوئادەمیزاد بکا بەرهبەر
هەل ئەبژێری انسانی ئازاد — خاوەن ئەخلاقو دل پاکو دلشاد
لەرشتەئی بەرز بەپێی زەمانە — بەسیما وصورەت ئادەمی یانە
دوور لە احوالی ناشیرینی پەست — خاوەن غیرەتو شجیع و سەربەست
ئەمجار بەرلەوە بیکا بەرهبەر — مەشهوری ئەکا بەفضل وهونەر
هەم بەعزێ ایشی خارج لەعادەت — بەدارهاصی ئەیکا بەهەو بوحورمەت
کاتی وادەی هات بیکا بەامام — بانی پێشەوا لەبو خاصی و عام
ئەنیری لولای جبرئیلی امین — پێی تبلیغ ئەکا احکامی آیین
ئەمری پێ ئەکا بیانی کە ئینێ — رێ راست بەراستی لەعالەم بنوێنێ
جا ئەو دانە خاوەن جلالە — ادعا ئەکا پایەی رسالە
پاشی ئەوە خودا لەرووی سەربەست — تائیدی ئەکا بەهوی معجزات
زیادلە معجزات بەئەخلاقی بەرز — بەپیروزی خوی دائەگری سەرعەرز
بشرتی ئەکەن لەکەمالاتی — رام ئەبن لەبو حکم و آیاتی

بۆ وێنە کاتێ نەمرودی جەبار   عەذاب بە ئاگر ئەدرا بە ئازار
ئەویشی ئەمری کرد بە مأمورانی   لە سەر دڵ ڕەقی و جۆشی طغیانی
کردیانەوە ئاگرێ بە وەحشەت   گیاندار لە تاوی ئەکەوتە دەهشەت
جا ابراهیمیان هاویشتە ناوی   لە کاتی جۆش و بڵێسە و تاوی
خوداش بە معجزە لە بۆ ابراهیم   بۆی کرد بە شوێنی ئارام و سلیم
ابراهیم ماوە وەکو پەڕەی گوڵ   بێ ئازاری جەفا و بە بێ دەردی ڕەنج

لا فرعەونەکان (سحر) دائر بو   جادوبەست و جادوو لایان ظاهر بو
لە بۆ زۆرگاری و سەربەرزی (موسی)   بو بە ئەژدەها عاساکەی موسی
بو بە معجزە لە چەرخی زەمان   بو بە هۆی باوەڕ بە دین و ایمان

هەروا لە چەرخی عیسای بن مریم   دوکتوری باو بو لە سەر ڕووی عالەم
لە بۆ معجزەی ئەم زاتە گەورە   لە ڕووی جهانا لەو چەرخ و دەورە
کوێری سکوپای خۆشی ئەکردەوە   یەک دوو جاری مردوی زیندو کردەوە

هەروا لە چەرخی مولای اصفیا   یانی (محمد) ختم الانبیا
واتەی فصیح و بلیغ دائر بو   لە بەرزی ئەوان عاقل حائر بو
لە ناو بازار و دانشینگاو نادی   گرد ئەبونەوە ئەهلی بوادی
بە خطبەی بلیغ بە هۆزراوەی جوان   فصحای عەرەب خۆیان ئەنوان
هەرکەس وتاری بەرزی ببوایێ   پایەی سەرئەکەوت بە وێنەی شاخی
خوا بۆ معجزەی سەراسەر جهان   ناردی ئایاتی معجزی قورئان
بە لفظ و مەعنا تأثیری ئەکرد   هەرکەسی ئەی بیست اسیری ئەکرد

بێجگە لە (قرآن) بە چەن معجزات   خەلات کراوە لە ڕووی سەرپاسات
بە تسبیحی بەرد بە شق القمر   بە دەرچونی ئاو لە پەنجەی انور
بە شفای ئەخۆش بە دەس لێدان   فوی شفای صرعی و لێوەی شیطانی
یا وەکو سوجدەی داری تەر بوئەو   شکاتی ئاهو لە حضوری ئەو
یا وەکو ناڵەی کۆڵەکەی مزگەوت   کە لە دوور کەوتو لە منبەر سەرکەوت
یا خود زۆر بونی خواردەمەنی کەم   بە هۆی پیرۆزی ڕەهبەری عالەم
غەیری ئەمانە ئیشی گەلێ (معجزات)   معلومن لە لای علمای ثقات

چون شتی غەیبی لوبانی بەیان کرد ئەتکی شارانی بەزمانی ئعلان کرد
هەموو کە تەدی وەکو روژی پاک چون پرتەو ئەدا لە بەرزی ئەفلاک

٭ ٭ ٭

کەسێ کە وادەمی روحی قدسی بێ خودا مرئی خولقی ئەنفسی بێ
قیمەتی چیە (معجزە) لائەو ذرە ئەسوتی بەتاوی پرتەو
بەرد لەدەستیا بابکا تسبیح وان من شیئ الا یسبح
پەنجەی خلقی بوشهادەت بێ بە اشارەی ئەو بامانگ دولەت بێ
ئەو وەستە سەفای طی بیحا ئەوە (ینبوع)ە لە نادپەنجەکا نیەوە
وەستی سەربەستی هێزی رەحمەتی بێ حەقە دەرمانی دەردو زەحمەت بێ
دەمی هاودەمی (ابن مریم) بێ بوزامی زەحمەت ئەبێ مەرهەم بێ
کەسێ تقدیسی خوا بەحەق بکا دار سوجدەی اکرام لەبو ئەو ئەبا
کەدل سوزی بێ پایەی ئەخلاقی دار چون ئەنالی لەبەر فراقی
کەسێ ئەساسی بێ بو عدلی لبات چون ئەرواتە لای ئاهو بوشکات
کەسێ رەحمەت بێ بوهەمو عالەم طبعا زور ئەبێ بەو طعامی کەم
کەسێ کە جێگەی وحی خودا بێ بەگەلێ اسرار ئەبێ دانا بێ

٭ ٭

(علاوە) انسان بەشەرتی انصاف ئەگەر بروانی بەدلیلی ساف
ئەزانی خولقی رسولی اکرم گشت معجزە بون لەدەورەی عالەم
رەحمەت لەروحی علامەی ثانی (سعد)ی ناسراو بە (تفتازانی)
ئەوئەلی اعلای معجزەی رسول هەر اخلاق بو بەترزی معقول
وەکو تامل و غیرەت و راستی ئەستوری دل و عەزیمە و خواستی
عەفو چاوپوشی لەتاوان باران دلسوزی لەبو حالی هەژاران ؛
خواگرتنی لەکاتی ئەهات پشت سوری ئەو بەخوای لکائنات
صفای نیەتی بو هەمو بشر لەسەر اقتضای آیینی رهبەر ؛
عدل و دادی ئەو لەروی جیهانا ساغی بەرەو درو پایلە پەنها نا ؛
مدارای لەگەل ناوان و مغرور ارشادی ئەرمی بوکەسی جسور ؛
قناعتی بەکەم لەهەر شریانا دوری لە نفسی خاوەن شەوانا ؛
عبادەتی حق بەروژ و بەشەو استقامەت و ئەگرانی ئەو ؛
شێ عمتی ئەو لەروژی ئەبەرد خواگرتنی ثابتەی نامەرد ؛
معجزەی بەصدق ئەبێ ئەوە بێ کە وەختێ کەسێ ئەوی تیا هەبێ ؛
ئەوانا کە ئەبێ لەدنیا وەختێ ئەو خودا ئەیکا و دورە لە رحمتی ئەو ؛

یەکی گیر نەخوا لەناو دل سەردان   نەکەویتە ناو گەلی نامەردان
یەکی توشی نەبێ بە جفای نادان   سواری هەوا بوی بە هەوا شادان
خەبەر بە هاوڕێی خاوەن عەنادان   ئالودەی عوزرو جفاو ملبادان
نازانی چیە مەعنای مدارا   چونە لێشی ژار لەدانی مارا
نازانی چیە مەعنای دەردی دل   نازانی مەعنای کارانی موشکل
کەسی نەچەژی غەریبی وولات   دەردی لی دەستی دبی کەسی دنەهات
دەردی نەخوشی و زەبونی جەستە   دەردی بی هوشی لەلەشی خەستە
دەردی دژمنی بەد ئەندیشەی دل   چاک بە خراب دیو دل پڕلە چقل
نازانی سزای سەرکزی چونە   تێ ناگا جەفای ئەم چەرخە کونە
ئەولە بەر خودا ئەمانەی گشت دی   بە هەرچی ئەی فەرمو (اللهم اهد)

ممم

لەم کاتا دلم جوشی ئەخوا بە کول   بانگت لی ئەکەم بە زمانو دل
بانگت لی ئەکەم لە تاوی گیان   بە چاوی تەڕ و بە دلی بوریان
ئەی بەندەی خودا پاشای بەندەکان   سەرداری سوپای حەق پەسەندەکان
مایەی پیروزی ونعمەتو رەحمەت   رەهبەری رێگەی خیر و سعادەت
ئەی پیغەمبەری مەحبوبی نازار   لەڕێی خودادا وەرگرتوی ئازار
هەلگرتوی سزای رەقیبی نابار   وەرگرتوی جەفای غەریبی دیار
ترسیان لی بووە بە لاڕێی باریک   روژمان لی بووە بە شەوی تاریک
بە دلسوزیە کە هەتە بومان   لابکەرەوە بە رەحمەت لیمان
سینەم پڕ بوە لە هەناسەی سارد   دلم نەخوشە بە ئازارو دەرد
هەر توی لقمانی دەردی دەرونم   ئەتوی دەرمانی دلی زەبونم
دەسمە داوینەت وەکو عەرەب فیل   مەئیلە بەندەت داکەوی ذەلیل
خودا کە توی کرد بە چرای عالەم   بوی بە هوی شەرەف بو بنی آدەم
لە ناو دلمانا هەلکە چراغی   ببی بە مایەی خوشی و صفای
انت الرؤف الرحیم الامان   جئت رحمة الی العالمین

(پرسیاری حەوتەم)

مامۆستای زانای بەعەقل و عرفان   دەلیلت چیە معجزەی قورئان
کە اعجازیشت بو کردوم معلوم   سری اعجازی بیان بکە بلام
ستەلەم بویەدە دل پەریشانم   گەلی محتاجی کەشفو بەیانم

مم

ئەو باوەی باغی علم و معرفت   (نامی) بە ڕێگەی چاوگەی حقیقت

لەبۆ ئیسباتی ئیعجازی قورئان　　دوو دەلیل ئەڵێم بە وێنەی بورهان
یەکەم ئەمەیە یا پایەی قورئان　　باڵاتر نییە لە واتەی انسان
یا باڵاترە لە هێزی بەشەر　　ناگەن بە وێنەی تاروێژی قەشەر
ئاڵی یەکەم بێ ئەنا زۆر بەزۆر　　وێنەیان ئەووت بەبێ یەک وورد
ئەگەرنا بۆچی عەرەبی عەربا　　گەلی خطباو زمرەی ادبا
لە معارضەی بە وێنە داما ن　　بە سەرگەردانی لە دنیادا مان
کەوابێ پایەی قرآن باڵایە　　وێنەی لە جن و لە انسان نایە

دووەم ئەمەیە کە مێژووی جیهان　　معارضێکی نەدی بۆ قورئان
ئەمە یا لەبەر بەرزی قورئان بو　　لێرا مەبەسمان ئەواد عەیان بو
یا لەبەر مەنعی زاتی خودا بو　　لێرەیش مەقسەد هەر بوم پەیدا بو
چونکی ووتاری لە قدرەتا بێ　　خودا بۆ وێنەی رێگەی نەدابێ
ئەمزی نەدانە لشی خودایە　　لەبو یارمەتی رسول الله یە
کەوابێ دەرکەوت علی کل حالٍ　　قرآن معجزە بو ئەهلی کمال

ئەمجار بیت ئەڵێم اسراری اعجاز　　بو حالی بونی برای سەربەفراز
یەکەمین ئەڵێم حروفی هجاء　　یانی الف و بێ هەتا انتهاء
واژ بون لەناو هەمو عەرەبا　　چە لە خطیبان چە لە ادبا
هەمو ووتاریان لەو حەرفانە بو　　افراد و ترکیب بەو لفظانە بو
کەچی بە قطعی قەی هیچ کەسی　　شیوەی اسلوبی لە قرآن ناچی
لێرەدا دەرکەوت بو خاوەن نظر　　اسلوبی قورئان دوورە لە بەشەر
کەوابو ئەبێ قورئانی اکرم　　کەلامی حەق بێ بو خودای عالم
ووتارێکی وا لە مدح و زەما　　یا لە پیویستی بەڵێ ئادەم دا
یاخود لە باسی ئاوا بێ دنیا　　یا لە بەیانی ئەسبابی ژینا
لە شیوەی واتەی ئادەمی دوور بێ　　ئەبێ کەلامی منبع النور بێ

دووەم هەرکەسێ ووتاری بەرزە　　لە بەلاغەتا نایابێ عەرزە
هەرلە بابێکا بەرزو باڵایە　　لە بابێ ترا ناگا بەو پایە
وەکو فردەوسی بو شمشیربازی　　بو گورزو گوپاڵ بو مەیدان سازی
یاوکو سعدی بو واتەی حکمەت　　بو جوانی مەردی پیاوی بە هیمەت
یاوکو واتەی شیخی غزالی　　لە بەیاناتی باسی مثالی

یا ئەهلی انشاو ئەدەبی زەمان   یا فیداکاران لە بۆ نیشتمان
بەکوردی هەرکەسی خاصە بۆ بابلێ   لە غەیری ئەودا بەدەشەرزە نابێ
بەلام آیاتی بلیغەی قورئان   لە بەر بابیکا بدیعە و جوانا
چە ثنا چە ذەم چە وعد و وعید   چە تقدیسی حق لە خودای مجید
چە لە بابەتی میژووی ئادەمی   چە لە بیانی وەزعی عالەمی
چە لە حکمەتو امثالی عاما   چە لە بیانی سال و ایاما
چە لە ارشادو ئەمری بەشەرا   چە لە پاداشی خیر و خطرا
لە بەر بابیکا ئەروانی بەرزە   دوورە لە ئەهلی ئەم چەرخ و عەرزە
ووتاری وا بێ کەلامی هەقە   معجزی هەمو ئەوانای خەلقە

* * *

سێهەمین لە سەر پاسای بەرا وورد   هەرچی ووتاری ناسک بێتو وورد
ئەغلەب هەر بە هۆی مبالغاتە ...   کە هۆی اعجابی ئەهلی ئەبتە
یانی رەنگ ئەکری بە درۆو گەزاف   بەلاوە لە حەق بەشیوەی خلاف
بەلام قورئانی خاوەن دەرەجات   کە بە بلیغی لە غەیبەوە هات
بە تا بروای بەشیوەی انصاف   تیا یا نابینی مثقالی خلاف
کەلامی وا بێ کەلام اللە یە   معجزی بیری ئەهلی دنیایە

* * *

چوارەمین قورآن لە اخباری غەیب   گەلێکی فەرموو وا بوو بەبێ ریب
لە الم غلبت الروم   کەمێ لە پاسەت بوونە بێ معلوم
باسی اسراری نفسی انسانی   باسی آسمان یا ئەختەرانی
باسی تێکەلی لە نباتاتا   فالق النوی لە کانیتا
باسی ئازاری لە هەواوەبێ   باسی بوورکانی لە رووی دەرچا
باسی تەوازن لە چرکاتا   باسی رووناکی لە سەرپاتا
هەموو غەیبی بوون ئیستەیش هەر ڕووە!   مەگەر فەن کەشفی بعضێکی بکا
هیژێ ئادەمی ئاگا بەم پایە   ئیستەیش کە چەرخت لە بیستەمایە
کە وای بە دل بە خاطر جەم   کەلامی حەقە و معجزەی عالەم

* * *

پێنجەمین ئەلێم ووتاریکی وا   جامع بۆ هُدی مانع لە هَوی
پڕ لە وقاری ناسکی نازدار   پڕ لە حکمت و امثالی اعصار
لە انسانێکی نەخوێندەی قومی   بەبێ دەوامی مدرسەی علمی

لەشەرعی جەعفەری سەربەستە دووره — لە هێزی نزمی ئادەمی بەستووە
گەروابێ ئەبێ کەلامی حەق بێ — عاقڵ بۆ حوکمی ڕایی و مولحەق بێ

شەشەمین ئەلێم دەلیلی ئاشکار — تێکەڵ لە دوو بەشی لەسەر ئیعتیبار
شەخصی جامیع بێ بۆ فەیض و ئیحسان — دەرکەوێ لەوا کەمالی ئینسان
عالەم بانگ بکا بۆ تەوحیدی خودا — لە پەرستاری ئارەزوو هەوی
بۆ بیری ڕووناک بۆ کردەوەی پاک — لە بۆ ڕەوشتی پەسندیدەی چاک
ڕوونەکاتە لای ئارەزووی دنیا — دڵی مەربووط بێ بە خودای تەنیا
تا وامەزرێنێ دەوڵەتێکی وا — تیادا بەشی داربن هەموو ماسیوای
حەق هەرکەسێ بداتە دەستی — نەگا بە کەسی تەحقیر و پەستی
مەعمور بکا سەراسەری ئافاق — بە نەظمی عەدل و بەرزی ئەخلاق
بە وێنەی هەتاو دەرچێ بۆ عالەم — دڵسۆز بێ لە بۆ گشت بنی ئادەم
زمانی شیرا لە مال و نەفسی — مەگەر بە پاسای ئایینی قودسی
بێ شک ڕەهبەری خودای بێ هەمپە — قورئانەکەیشی دەستووری غەیبە
خۆی چەنی بەرزە بە مایە و پایە — دەستوورەکەیشی بەعەینیا وایە
خۆی چون ئەخلاقی معجزەی عامە — قورئانەکەیشی معجزەی تامە
ڕەهبەری عام و ئایەتی قورئان — دوو معجزە بوون لەسەر ڕووی جیهان
بوون وا نیپتێبگلێی قەلەمان — هاتنە خزمەتی شای زیندە دلان
گردبوونەوە لەی مطیع و سامیع — ئەوێش بوویان بوو بە شەمس لامیع
کاتی بڕوای لەم کار ڕاستە — کە بەو پەیدا بوو لەم سەرابستە
باشی یادەرنەکری ڕسولی ئەمین — ڕەحمەتی عام بوو لە بۆ عالەمین
قورئانەکەیشی کەلامی حەقە — بوردین و دنیا بەرزی و ڕەونەقە
کلیل بوو لە بۆ دەورەی ئینقلاب — عالەمی گەیاندە پایەی صواب
هەروا ئەمێنێ هێز و تاثیری — بە کەسی ناکری قلب و تغییری
قوزی غوباری جهل و خرافات — هەرگیز لێل ناکا سەرچاوەی حەیات
دینی ئەساسی لەسەر قورئانە — ئەلی پیروزی نوعی ئینسانە
دینی هاتی لەسەر عدل و داد — بەکارە لە بۆ گشت ئادەمیزاد
دینی سەراسەر پڕ بێ لە ڕەحمەت — پاسایە لە بۆ جمیعی ئوممەت
ئەو پێغەمبەرە پاکە سەربەرزە — قورئانەکەیشی بەو شێوە و تەرزە
مانگو ڕوشێکی لە ئاسمانا — پڕتەو لە ڕێژنە بەسەر جیهانا

(پرسیاری هەشتەم)

مامۆستای بەڕێز سەربەرزی زانا   لێ سەبەب نابێ شت لە جیهانا
سەبەب کە ئەچێ ئەوشتە ئەبێ   یانی معجزەیشی بە سەبەب ئەبێ
ئیتر یانی چی خارقی عادە   کاتێ ئەسبابی هەبێ ئامادە
هەروا ئەمەوێ فەرقێکی جوان   لە ناو معجزە و جادووی جادووان
یا کاذب داوای ڕێبەری بکا   کە معجزەی بوو کێ ڕەدی ئەکا
لە سەر مەوضوعانە بەیانم ئەوێ   دەرمانی دەردی گیانم ئەوێ

شاگردی وردم ڕاستە قسەت نالێ   بێ هەمو ئەسباب شتێ پەیدا بێ
بەڵام ئەسبابی ئەم معجزاتە   غەیبە و خارجی ڕشتەی عاداتە
خودا ئەیزانێ و هەر خودا ئەیکا   دەستی کاسبی کەسی پێ ناگا
یا ئەسبابی بێ ئارام نهان بێ   لە ژێر قدرەتی خودای جیهان بێ
ڕاستە خلافی عادەتی عامە   معجزی هەمو گەلی ئەنامە

هەیە بەم شێوە فەرقێکی جوان   بەین معجزە و جادووی جادووان
جادوو فەنێکە لە بۆ تۆ و بۆ من   ئەشێ دەرس کەین بە کەسب و خوێندن
شت کە ئەسبابی فەنی و کەسبی بێ   خارجە لەوەی غەیبی و وەهبی بێ
غەیبی ئەسبابی هەر لا خودایە   هەر لە قدرەتو هێزی ئەوایە
پێغەمبەرەکان بێ دەخلن لەوا   ئەوانە ئەزانن بۆیان زوو ئەدا
بەڵام جادوگەر یانی سحرباز   بەهۆی فەنەوە ئەبێ بە فەن باز
بەهۆی ریاضە کابرا فێر ئەبێ   بە مانگی جارێ بە نانێ تێر ئەبێ
یا خود هەناسەی ئەگرێ زەمانێ   دامکێن ئەبێ بۆ هیچ ئاب لێ نی
بەهۆی ریاضە و باری نەفسانی   کەشف ئەکا گەلێ شتی نهانی
یا خود بە فێربوون کابرا ئازار ئەخوا   کەچی زیانی قطعی پێ ناگا

عەلاوە سحر و جادووی جادوو کار   هەرچی ئەبینە بە نیشانەی ئاثار
وەکو تێک چوونی طبعی ئادەمی   یا ئارام کردنی لەشی عالەمی
بەڵام گەلێکی لەسەر ڕێ دەهام   بێ حقیقەتە لەم بەروی ئایا مە
گوریس حەول کێشە بە ناو جیوەدا   ئەجوڵێ وێنەی مار و ئەژدەها
بەڵام معجزات گشت حقیقە   لە سەر ئیجادی خودای خالقە
لێرا بۆت دەرکەوت بەبێ پەکردوو   کەچیە فەرقی معجزە و جادوو
بە وێنەی فەرقی ڕێگاجو و ڕێبەر   الله اکبر   الله اکبر

لێرا پێویستە بزانی جوان — لێشی معجزی بۆ پێغەمبەران
ئەوەیە کاتی تحدی ئەوانە — لەبەرابەری گەلی کافران
خودا بوی ئەکا بەمحض توفیق — ئەبێ بەمایەی تائید و تصدیق
هەرچی ببێتە دی بێ تحدی — هەرکەرامەتە لەبۆ مجتهدی
نادی معجزە لوئەم ئەدعانە — بەعورفی خەلکە باشی بزانە

...

لەوراتەی باشی ریاضەی لێ ئەنێ — دەرکەوت بۆئێمە سترێکی پەنهان
ئەمەیە کشفی ئەسراری غەیبی — نابێ بەدەلیل بەرزکو بێ عەیبی
بەتا بەظاهر شخصی کشف دار — بەئەحکامی دین نەیبێتە رەفتار
چون فیضی ئیسلام نوری ببینە — دورە لەوکەرامەتە پێیەی دلی دینە
خارقەی فاسق هەر ئیستدراجە — وەکو پارەی قلب دور لەرەواجە
بێ قەدر و بێ‌بەهایە لەسەر ئەپیری پاک — فاسق بابفڕی بۆ قبەی افلاک
ئەی پیاوی باشی رامی خودایی — تابعی دینی رسول الله لێی
ولی تەماعی بەدنیا کەمە — ولی خاطری بەخودا جەمە
ولی دلسوزە بۆ مسلمانان — دلی دەرمانە بۆ دەردەداران
ولی دەروون و دینەی کارەبا — دل ترانەکێشی جەغەم ئەدا بەبا
ناوری لەئەوهامی پاک ئەبێتەوە — دلی بەئەنوار ئەگەشێتەوە
قوم لا یشقی لهم جلیس — ونظرهم کنز نفیس
ئەمەیە دەرزی بەرزی عالەمی — هوی رزگاریە لەبۆ ئادەمی

(پرسیاری نۆهەم)

ماموستای دەرزی کیش و تانیم — رەهنومای رێگەی علم الیقینم
ئەو جبرەئیلە کیادوت هێنا — لەچە نەوعیکە لەخەلقی خودا
چلونی دەور گرتە آیاتی قورئان — بۆلای خاتەمی گولی رەهبەران
چلونە بوشیوەی تعلیماتی ئەو — لەبو رەهبەری بەنور و پرتەو

نوری چاوانی جهان دیدە کەرم — خاوەن رەوشتی پەسەندیدە کرم
ئەو جبرەئیلە نادی ناشە بەرین — لەباسی (روحی) رب المشرقین
لەنەوعی (ملائک) فرشتە ناچوون — لەمادەی لطیف دروست کراوون
ئەنیرینە ئەمی نە خاوەن خوراک — فەرمان بەرداری لەدیە یەزدانی پاک
وجودیان لەسەر (کن فیکون) ە — دورن لەهەرچی صفەتی دونە
خویان ئەگۆرن بەاشکالی جوانە — بەئەمری خودای تەوانای جهان

وزارة ال
رقابة

لەسەر مەعلومات لە نصوصی دین — مأمورن لەبو جیهان ئافەرین
بە تولی زەمان فەرمان بەردارن — هەمو لە ئیشی خوا فەبەردارن
وەکو نوسینی کردەوەی ئنسان — وەکو پاراستن لە نەفس و شیطان
وەکو پرسیار لە شخصی مردو — لەو بادەرانە کە لوبەی تی زرد
وەکو یارمەتی شخصی موسلمان — لەگەڵی ئیشا لەسەر رووی زەمان
هەموە مشغولن بە ذکری خودا — لەسەر رێ و شیوە بویان دانرا

نوزدە طائفە یا نوزدە نەفەر — مأمورنا لەسەر عەزابی سقر
ئەم نوزدە صنفە لەولا تکە — سەروکەکەیان ناوی مالکە
بازی مأمورن بو باغی بەهەشت — ئارام و سالم بێ کاری وەحشەت
گەورەی ئەمانە ناوی رضوانە — مظهری فیضی خیر و احسانە

چوار صنفیشیان زور بەحورمەتن — لای پەروەردگار خاوەن عزەتن
یەکەمیان گەلی مقربینە — دووەم ناوبراو بە کروبینە
سێهەم روحانی چوارەم لە مانە — حملەی عرشن باشی بزانە
هەموەدیان چوارە لە دەوری دنیا — لەو دنیا هەشتن بە ئەمری خودا

گەلی مقرب چوارن بەدەلیل — یەکەم جبرئیل دووەم میکائیل
سێهەم عزرائیل چوارەم اسرافیل — لەسەر آیەتو حدیثی جلیل
جبرئیل ئەمینی رب العالمین — بو وحی و تنزیل لەلای مرسلین
میکائیل لەسەر ئەمری ئەرزاقە — سەرۆکی حەوالەی خوزای خلاقە
عزرائیل لەسەر گیان وەرگرتنە — ئامادەی کاتی ئەجەل هاتنە
وەکو مأموری چرای کارەبا — بە ئانی نوری شاری لا ئەبا
ئەتوانی بکا بە طرفة العین — قبضی ارواحی ئەهلی خافقین
اسرافیل چیە مأموری خودا — کە بە نفخی صور دنیا تێک ئەدا.
(صور) لە احادیثا بیان کراوە — بەم نەوعە پیمان نیشان دراوە
وینەی شاخێکە فوی ئەکا پیا دا — بە فوی گیان داران کولی داتیارا
مأمور بەو شاخا فوئەکا دوجار — بە یەکەم جار بالا ئەمرن گیان دار
دنیا صاف ئەبێ لە بەرزو نەوی — کیو ئەبێ بە توز لە هەوا و زەوی
پاشی مادەی چل سال بە فوی دووەمیان — زیندو ئەبینەوە سەر لەنوی انسان

ئێستە پێشە وە مەیدانی حساب ... تۆلەی کردەوە عقاب و ثواب
خودا بە نوری پیغەمبەرانی ... بە صفای بینەی گشت رەهبەرانی
بە نوری لفظ و معنای قرآنی ... بە نوری دلی قرآن خوێنانی
بە خوێنی لەشی شهیدەکانی ... بە بارە و بەشی مجتهدانی
بە نوری دلی دل سوزەکانی ... بە دڵ ساڧانی پیروزەکانی
حەشرمان بکا لەگەل دوسانی ... بمان خاتە ناو باغو بیسانی

ئەمجار بێینە سەر باسی جبرەئیل ... کە چون وەرئەگری آیاتی تنزیل
بزانە کەلام صفەتی حقە ... لازمی ذاتی خودای مطلقە
پاکە لە شێوەی حروف و اصوات ... وێنەی نابینی لە روی سەر بساتـ
بەلام بو تنزیل بولای رەهبەران ... بو گە یاندنی ئەوان بە یاران
وەکو دیارە لە ئایەی ملحوظ ... نەقشیان هەیە لە (اللوح المحفوظ)
جا کاتی ویستی علامی جلیل ... سفیر بنێری بانی جبرەئیل
بە القای غیبی وهێزی روحانی ... تێی ئەگەیێنی حکمی سبحانی
لە سەر خواستی ئەو ئەشێوەی ملحوظ ... ئایەت وەرئەگرێ لە لوح المحفوظ
ئەبێ دوس لێدان لە ریگای وصول ... ئەیهینی بولای حضرەتی رسول
ئەمجار یا ذاتی جبرئیلی انور ... ئەروانە شێوە و صورەتی بشر
وە یا خود رسول بە قوەی شخصی ... ئێستە سەر طبعی ارواحی قدسی
لە سەر ئەم باسە ئەم دو شخصانە ... هەر چون ئەو ملک ئەمیان انسانە
جبرئیل پێی ئەکرێ افادە و تعلیم ... رسول وەرئەگری قرانی عظیم
ئەم ئایەتانە لە لوحی جلیل ... کە ئەیان هێنی حضرەتی جبرئیل
وحیە و کەلامی خودای اکبرە ... جبرەئیل لێدا تەنیا رەهبەرە
خودا بە قدرەت لە لوحا دایناون ... دەخلەی لێدا فرشتە و انسان
هەروا صحف و توراة و انجیل ... ئەتە جی بو یان هێنانی جبرئیل
ئەوانیش نەقشی لە لوحی اکبر ... دورن لە دەخلی فرشتە و بشر
بەلام هەر قرآن لفظی معجزە ... عالەم لە وێنەی ئەودا عاجزە
ما باقی کتب دوری لە اعجاز ... ئەگەرچی بەرزن بە پایە و اعزاز
(حدیثی قدسی) بە قەدر و اعزاز ... بی دەخلی جبرئیل بێ وصفی اعجاز
بە لفظ و معنی لە لای خوداوە ... کە و تو وەتە قلبی رسول اللە وە

وزارة
رق

غەیری قورئان و حەدیثی قودسی — لەوەی لە خوداوە ئەگەن بە شەخصی
الهام ثابتە بە ئەمری خودا — لە لای خوداوە بۆ رسول اللە
ئەمەریش لە صیدقا وێنەی قورئانە — دوورە لە هەرچی عەیب و نقصانە
چونکی الهاماتی پێغەمبەران — وحی خودایە لە بۆ رەهبەران
بەلام الهامی اولیای ئوممەت — چون محفوظ نیە لە شێوەی تهمەت
نابێ بە حجت لە سەر غەیری خۆی — ئینسان ئەتوانێ گوێ نەگرێ لە بۆی

ئاعدای وحی و الهامی خودا — یانێ فەرمودە لە رسول اللە
هەرکام لەوانە کە متواترە — بە وێنەی قورئان حکمی ظاهرە
انکاری لفظ و مانای ئەوانە — وسیلەی کفرە باشی بزانە
ئەوەی ئاحادە بێ ورێک بێ لەگەڵ نص — انکاری مەعنای نابێ بکا کەس
بەلام لفظەکەی چونکی آحادە — قابلی باسی ئەهلی اسنادە
ئەوە بزانە بۆ عەقیدە و دین — فەرزە بگاتە مەرتەبەی یقین
یا متواتر یا زیکی نص بێ — بە وێنە نصی ذاتی اقدس بێ
ئەما بۆ احکامی آحاد کافیە — تأثیرات ظن لە دنیا وافیە
ئەمە دەرزی بوو لە بەهوی مهمات — باشی وەربگرە بوودین و دنیات
رەحمەت لە دکەسێ دلسوزی عامە — ماوای ئەوکەسە دار السلامە
ـ ـ ـ

ئامۆسای دارای افکار و اسرار — دەرمانی دەردی بیمارانی زار
دەلیلت چیە رسولی اکرم — رەهبەری عامە بۆ هەموو عالم
لە ری خودا بە دەلیلی دا — شفای دەردم بێ پێم بدە دەوا
ـ ـ

شاگردی دووردم وەربگرە بەدل — بە رەئی بابی خۆتی وێنەی پەرەی گوڵ
وەربگرە دەلیل لە نقل سلیم — رەهنومای ریگەی یانی مستقیم
هەروا دەلیلی عقلی بیو جوان — کە ئەم مەوضوعە بۆ بکا بەیان
ـ ـ ـ

لە نقلیاتا وەربگرە قورئان — (یا ایها الناس) بانگە لە ئینسان
عەرەب و عەجەم لە تورک و چەرکەس — لە شامی و ناری لە هەر شوێنێ هەس
بخوێنە رەوەدە سورەتی اعراف — لێی وورد بەرەوە بە عەقل و انصاف
بانگی کرد اهلی تورات و انجیل — کە ایمان بێنن بە مەولای جلیل

وزارة الثقافة
رقابة المطبوعات
يسمح

ئەو ڕەوا ئەکا بۆیان طیبات   لایەدا لێیان هەموو محرمات
ئەوفری ئەدا لە سەر شانیان   زنجیرەی مەشێرت لە سەر ڕووی جیهان
ئەوە بەندەی پاک بە بیر و باوەڕ   لەلای خوداوە بوە بە ڕەهبەر

بخوێنەرەوە سورەی انبیا   نامەقسودی خۆشە دەرکەویت لێدا
وارثی عەرزن گەلی صالحین   احمد ڕەحمەتە لە بۆ عالەمین
بخوێنەرەوە سورەتی سبا   گەورەکول دەرد لە دڵ لائەبا
وما ارسلناک بەخطابی خاص   تکملەی الا کافة للناس

هەروا لە نقلی دەربگرە نامە   کە هەموو دەعوەتی خیر الانامە
زۆر نامەی نوسی لە بۆ سەردەران   بە حق بانگی کرد لە شەهریاران
لولای (مقوقس) گەورەی قبطیان   هەم لولای (هرقل) والی ڕومیان
لو گەورەی (بحرین) بۆ گەورەی عمان   دعوتی کردن بۆدین و ایمان
هەم لە بۆ (کسری) گەورەی ایرانی   خسرەوی پەرویز ئەوەی ساسانی
ڕوونک دیارە لەم ئەوعە نامە   کە ڕسالەتی (محمد) عامە

لە عەقلیاتا دەربگرە دەلیل   با دانەمێنی بە دینەی ذەلیل
محمد داوای ڕسالەتی کرد   لە سەر داوای خۆی حجتی ئاوەرد
یەکەم معجزەی ئافاقی قرآن   دووەم معجزەی ئەخلاقی جوان
سێ هەم معجزەی ڕووداوی زەمان   کە ئاشکرابن لەم کاتا بۆمان
بڕوانە سیرە باسی معجزات   ئەم حقیقەتەت بۆ ئەبێ اثبات

بیریکی شوراو شیرین بێ ئاوی   بە ئاوی دەمی کەکردیتە ئاوی
کوێری سکوما بێ بە بینا   کاتێکە دەستی بە چاویا هێنا
خۆش بیتەوە نەخۆش بە قولێ   گرێی نائێلی بە قەدری مدلی
چەن دانە خورما تا بیست و شەش سال   یەکێ لێ بخوا بە آرەزوی حال
هەر لە کاروسات بە علمی بێ ریب   پیانی نیشان دا گەلێ کاری غیب
بلێ بۆ تویە پوشاکی کسری   بلێ دانەگرێ قصوری بصری
بلێ فلان کەس شەهیدی بەجەرە   بلێ ابوالفضول اضطرری قبرە
بلێ لە حیجاز ئاگری پیشە دەر   تا دەشتی بصرە ئەکا منوەر
بلێ فلان وەخت ماوەی شەش سالە   لەوەلا شائێو پایەو اق لێ

هەموو ئەمانە تیارەتی غەریبن   هەموو معجزەی شاهی بێ عەیبن
ئەجی ی فروفیل ئەوری ی ئەسبابە   ئەمنیا تائیدی خودای وەهابە
ذاتی ئاوا بێ معجزەی خاصی   عالەم ئەناسی بەشێوەی راستی
هەرچی ئەدبیلێ دڵ وەری ئەگری   بە نەوعی رێگە بەشبهە ئەدری
ئەمجارە بڕوانە بەدڵی دوور بین   تا بەم نتیجە بگەی بە یقین
ارسلت الی کافة الثقلین   راستە بێ شوبهە ئەی نووری عینین

***

مادام رسالەی محمد عامە   ئاینی پاکی دینی اسلامە
بزانە اسلام بۆ بنی ئادەم   هۆی پیرۆزیە لە گورەی عالەم
اسلام بانگ ئەکا بۆ حەق پەرستی   بشر لانەدا لە دوونیو پەستی
اسلام بانگ ئەکا لە بۆ عدل وداد   بۆ رەوشتی بەرز بۆ ئادەمیزاد
اسلام رەهنومای رێگەی جیهانە   اسلام ئاینی نەوعی انسانە
مەکەونە دوای ئەندیشەی اوهام   عنصری نیە آئینی اسلام
اسلام وەکو رۆژ لە ئاسمانا   پرشەو ئەرژی بەسەر جیهانا
هەرکەسی بەگوێرەی ساف مینای خوی   لە دینی اسلام پرتەوی دی بوی
ئەمە دووری ئەخا بە لفظ و معنا   فەرمووەی حەضرەت اسلام منام
میزانی اسلام بۆ بنی ئادەم   اتقی شرفە و اعلایە و اکرم
اتقی شەخسێکی زیادە تەقوایە   تقوی پارێزی حەدی خودایە
بەکورتی مانای فەرمان بەرداری   لە بۆ دەستووری حەضرەتی باری
وادەرکەوت لەبەرت رسالەتی عام   عمنا الله بنور الاسلام

***

نامووسای دەرزی دین و ئاینیم   مایەی ئاسایش بۆ مادەی ژینم
باسی کی تۆ کە لەلای بیگانە   بۆ چاوی دڵم بووە بەتانە
ئەلێن پێویستە گەلی رەهبەران   ئەبن بە مایەی رەنجی ناوسەران
وظیفەی رەهبەر ئاموژگاریە   ئەرکی شیر و تیری هوی بیزاریە

***

شاگردی مەردم بەعەقلی زانا   ئەتوانیت بژی لەرووی جیهانا
ئاگات لەخۆت بێرە لا پێبیە   چون پلەی سەرختو لارت لە ریبیە
دووربە لە بیری بت خانە نادبیر   بیرە ژێر سایەی تفکر و تدبیر
یەکەم جار ئەلێم مێژووی رۆژگار   کەباشی ئەزانی مەردی خەبەردار
تماشای بکە بزانە رەهبەر   چەنێ بیزار بوو لە جفای بشر

بزانە چون بو خویکو نادابی   ادارەی لەگەل آل و اصحابی
چون بو ادارەی بو نادەمی زار   بو بانگ کردنیان بو ریگەی رشاد
بە تاریخی ساغ حضرتی رەهبەر   لە چل سالیدا بو بە پیغەمبەر
لە پاش رسالەت تا سیازدە سال   لە مەکەدا بو بە عەقل و کەمال
عادەتی وابو بە حەدە باسنی   خەلکی بانگ ئەکرد بو مسلمانی
بانگی ئەکردن بەشیوەی حکمەت   بو سەرشاریگەی اقبال و رحمت
بو توحیدی حق خلاق علام   بو خولکی بەرز و بو صلەی ارحام
هەرچەن بوی ئەهات آزاری تانە   قەت لای نەئەدا لەم شیوە جوانە
بەلکو متقابل بە عەذری ئەوان   دعای خیری بو بەرابەر بەوان
لەم مادەی سەختا گەلی لە انسان   رویان کرد لە حق بە وعظ و بیان
ئەمجار لە ترسی شەری خو پەستان   لەمەکە دەرچون بو لای حەبەشستان
پاشای حەبەشە چونکی شریف بو   مشرەبی بەرز و قەلبی لطیف بو
اکرامی گرتن بە دل و بە گیان   ئەوانیش هەمو بە خوشی ئەژیان
لە پاش مادەیی هاتنەوە حجاز   لە بو حضوری مەولای سەرفراز
جا چون کافران طالبی ئەبەشی   ئەکرار چونەوە بو مولکی حەبەش
لەم بەینا گەلی دەشتەکی ئەعراب   بە ارشادی دین بە نصی کتاب
بە ئاموژگاری بە نەرمی و آرام   شەرەف یان وەرگرت بە دینی اسلام
قبیلەی (غفار) هەم بنی اشهل   ئاتنە سەر دینی رسولی اکمل
بە نامە نوسینی ئەهالی یەمان   دلیان روناک بو بە نوری ایمان
حضرەت خوی بالذات تشریفی ئەبرد   لە قبایلا ارشادی ئەکرد
بانگی ئەکردن بو دینی اسلام   بو روشتی باش احسان و اکرام
سی سال لە شەریک لە موسمی حج   ئەچوە لای حجاج لە اوس و خزرج
گەلی لەوانە بە حق اسلام بون   تابعی دینی خیر الانام بون
هەم تعهدیان کرد بو خیر الانام   یارمەتی بدەن بو نەشری اسلام

٢٢

کە ئاگادار بون کفاری مەکە   ئە جاحی حضرەت بی شبهە و شکە
گردبنەوە لە (دار الندوە)   بو امحای زاتی خاوەن نبوە
جا بە ئەمری خوا ئەو شای ئەمینە   هجرەتی فەرمو لە بو مدینە
استقبالیان کرد یارانی (انصار)   هەتا وا ئەزانرا سیدی ابرار
هەتا یارانی لی گرد بونەوە   بە نوری لقای دل شاد بونەوە

وزارة
رقابة

ئەمجارە هەمو بە لطف و نەرمی   کەوتنە ارشاد زور بە دل گەرمی
لەسەر اصولی ئاینی اسلام   لەگەل دکتابی ، آنەژیان بە اکرام
نسبەت بە ئەهلی توراتو انجیل   رەووشتی باشی بو سەیدی جلیل

بالعکس گەلی بنی اسرائیل   لەو دەوروپشتا کەوتنە تضلیل
بعضا بە جدال بعضا بە شقاق   بعضا بە حیلە و سیاسە و نفاق
پەیشەوو بەروشت بەبێ واماوی   بو مسلمانان شیریان ئەساوی
بە مخابرەی کفاری حجاز   بە مؤامرە لەشانی سەر فراز
کفاری مەکەیشی بە یاری ئەوان   قصوریان نەکرد بەگویرەی امکان
جا کە معلوم بو نەزمی لی سووده   بیداوی دژمن زەمان ئەفزودە
مشرکەکانو جولەکەی حجاز   ئامادەن لەبو تخریب و اعجاز
بەم حالەیشی اسلام ناگا بە پایە   هەر سعی بکەن ئەروا بە زایە
بە ئەمری خودا یاسایان گوڕا   ئەمری جهاد و شەڕیان پێ درا

لەبەر حورمەتی توراتو انجیل   سێ خصلەت لەگەل بنی اسرائیل
یەکەم قبولی آینی اسلام   دووهەمین جزیە و اطاعەی حکام
سێهەمین دفاع بەچەکو سلاح   ئەوەندە پێویستە بی بو غایەی صلاح
بەلام مشرکینی لە ئەهلی حجاز   هەر دوو خصلەتیان بو کرا ابراز
یا قبولی دین بەبێ قیل دگەڕ   یاخود حاضربن لەبو حەرب و شەڕ
هەتا ئەوانیش نەکاتنە مەیدان   بە ناانسانی بە کبر و طغیان
حضرەتی رسول بە حسن تدبیر   دەستی خوی نەبرد لەبو شیر و تیر
هەرشتی بوبێ لە غیرەی ئەمە   ناچاری بوە . لەو کاتو دەمە
بەلی کە دژمن کەوتە نامەردی   کەوتە مەیدانی عذر و دل سەردی
تو بە ئەهلی شرف نامینی   هەتا خوینی سور لە دنیا نەرژینی
یەکی بروانی لە بەرەی پێشو   ئەم حقیقەتەی بو دەرئەچی زو
ریتر با دژمن ببیتە تەکوەدو   سەگ هەرئەوەری لەرێی مانگەشەو
یەکی بە نەرمی چارەی نەکری   ناچار دەمی تیغ ئەبێ دەسی بگری

***

علاوە انسان بروانی جوان   بوی دەرئەکەوی دوبەشە انسان
[illegible]

پێویستی نیه بە رەنج و زەحمەت … خوی ئامادەیە بوفەیضی رەحمەت
کاتێ کە بیستی ئرشادی رەهبەر … لەسەر ئەمری ئەو ری ئەگریتە بەر
بەشێ زوەهەمیان هوشی نەخوشە … لەوە رگرتنی تەمی بێ هوشە
گەلی محتاجە بە آموزگاری … تا رزگار ئەبێ لە هوی بیماری
لیدا پیویستە معجزەی رەهبەر … تەمیو دتەربیەیش بەسودەو ئەبەر
لەم بەشا هەیە بەشیکی نابار … صورەت ئادەمی سیرەت گورگ گار
ئەم نەوعە کەسە لەسەر رووی عالەم … لە روژ یکەوە تا ئیستا ئادەم
تائەبریتەوە دەورەی بەشەری … کارنا کالیبیان تەمی و رەهبەری
صەد سال بەچاکە خزمەتی بکەی … بە واتەی روناک تەمیی دابدەی
کان لم یعلم حکما مذکورا … کان لم یفهم نطقا مسطورا
هەر دەقیقەئ فرصەتی هینا … شەرئەنیتەوە لەرووی جهانا
تو خوا انسانی رەووشتی وا بێ … دژمنی حەق و دوستی هەوا بێ
بیجگە لە ئەمان چیە تەدبیری … تەمی چونەکا چیە تاثیری

(علاوه) ئەهلی ئەم تیر و تانە … یانی نوسەری گەلی بیگانە
ئەگەر کتابێ کتاب حەکمە … طب بەکتب فاطریان جەمە
ئەگەرنا فەرمون لاپەرەی میژد … تیابا نوسراوە کارەساتی نژد
دبارە فجری تاریخی خلیل … ئەزانن حالی بنی اسرائیل
دبارە جەنگی (یوشع) ی جلیل … هەروی کومەلی بنی اسرائیل
دبارە لەلایان هەمو بەرن بەبەن … کارەساتەکان لای نهری اردەن
دبارە حەرب و دفاعی داوود … دبارە قتلی جالوت ی مردود
دبارە ادارەی نبی سلیمان … نامەی بو بلقیس ملکەی یەمان
ئەگەر بەرخواکان نەدەبون لەدیا … بوشەریان ئەکرد لەسەرووی دنیا

بەلێ حضرەتی عیسی بن مریم … ئەمری پێ ئەبو لەجریی اممم
بولی تائفەی بنی اسرائیل … دەورەیان لیدا بەضرب و تنکیل
ویستیان بەساعی بیکەن بەدارا … دینی ئەئیلن لەدی و لەشارا
بەلام خوداوەند ئەوی رزگار کرد … یەکی لەوان بەدارا هەل کرد
خودا مسیح ی برد بو ئاسمان … پارانتی لە رەسبت جولەکەی زەمان
مع انە اتباعی ئەمان … بلاوبونەوە لەترسی گیان
(حەوریین) شاهدە لەکوردستانا … ئەن گیرنەوە لەداستانا

وزارة الثقـ
رقابة الـ
يسمـ

(حواریون)ە ئەصلی ئەم ناوە   بەزمانی کوردی (هەورێن)، وەتراوە
پاشی ئەوە عیسی لەناوا دەرچو   (انجیل) لەناوا فەوتا زۆر بەزۆ
ئەم چوار (انجیل)ە ئیستە دیارن   انشای چوار کەسی زانای بەکارن
(مارقس) و (لوقا) و (متی) و (یوحنا)   یەک لە دوای یەک لە ڕوی زەمانا
هەریەکی بۆخۆی نوسی (انجیل)ی   لەبۆ گەلی خۆی بوبە دەلیلی
هەمو تاریخ و ئەحوالی (عیسی)ن   نەوەک (انجیلی) سەماوی ئەوسان
اعتراف ئەکەن گەلی نصاری   (انجیل) عیسی زۆ لەناو برا
ئێستە بێن بلێین بزانین کام ڕێن   بەر بە نصیحەت کەوتە سەرزەمین

ئەمجار بێنە لای خوێندەوارەکان   کە لەسەر ئیسلام ئەکەونە تەکان
بکەین بە حەکەم وجدان و انصاف   لادەین لە ڕێگەی عەناد و خلاف
ئەگەر شیرەتیر مایەی فطایە   ئەغلەب کارخانەی لە (اوروپا)یە
خۆیان ئەزانن خاکی اوروپا   قەت خالی نەبوە لە جەنگو غەوغا
جەنگی وابوە لە صەد سال زیاد   بوی فەنا بووە بۆ ئادەمیزاد
بەر لە سەرهەلدا و ئارەزوی چراکەس   بە بێ غایەلی پاکو مقدس
ئەوەندە لەسەر (هەدنە) پاماون   کە جارێکی تر شمشێر لیبادون
بیگە لە جەنگی سیاسی خۆیان   کە پەڕەی مێژو لێوت ئەکا بیان
بێن تەماشا کەن جەنگی صلیبی   بە قەساوەتو جەفای عەجیبی
پاشاو قەشەکان بە بەهانەی دینا   هاتن بۆ جەنگ لە بۆ (فلەستین)
بە خوێن ڕشتنی مللەتی ئیسلام   بو بە گورستان خاکی مصر و شام
بومان دەرئەخا مێژوی سەرزەمین   دەورەی نورالدین تا (صلاح الدین)
کەچی بە مەردی هاتنە مەیدان   بەلوز نوسیان تاریخی وردان
ئەگەر بەهانەی اصلاح ئێستە بێن   هەر وو شەرەفمان ازای ئەکەن
ئەگەر مەبەستان استیلای خاکە   چون خۆتان واتە بێ دەنگ بن چاکە
مەدەن لە اسلام تانە بە بوختان   کەمی بڕوانن لەحالی خۆتان
لاپەرەی مێژو بەحەق ناطقە   لوت بەیان ئەکا ئەم حقایقە
کە عەقل و نەقل تاریخ لە تەناو   مەجال نامێنێ بۆ دروی راماو

سەرچاوەی بیرو باوەڕی چاکم — ماموستای زانای دەروون روناکم
حکمەتی چییە پاش دینی ئیسلام — دینی تر نابێ لەسەرزەوی ئەیام
تطور بووە بو بەبنی ئادەم — لە ئادەمەوە تا چەرخی خاتەم
هەروەکا ئەڕوا گۆڕانی ئەخلاق — بەگوێرەی وەزعی پێویستی ئافاق
مانع کامەیە چون دینی وابێ — لەسەر اقتضای وەزعی دنیابێ
بۆم بەیان بکە وەلیلێکی وا — دڵم رزگاربێ لەتوزی هەوا

رۆڵەم فرزەندم بەندی جگەرم — روناکی دڵ و نوری بەصەرم
دین بوێ باشە بو ئادەمیزاد — بەسوودبێ لەبو معاش و معاد
بوی شیانی لێ بی ترس گیان — بە ئاسودەی تاوا لە جیهان
مایەی سەربەرزی روژی جەزای — پایەی پیروزیو مایەی رەضای
آیینی ئیسلام لەسەرمەعنای خوی — کەس چاتر لەوە ریک ناکەوی بوی
ئیتر بوچییە ئائینی تازە — ئەگا بە پایەی ئەوسەر فرازە
جا دڵ رابگرە تا بوت بەیان کەم — حکمەتی واقع بوتو عەیان کەم

لەسەرەتی بەشەر ئەحوالی بەشەر — لەمە دەرناچی بەبیرو باوەڕ
یەکەم حالی ئەو لەگەل خودادا — کە ئەوی هێنا بە رووی دنیادا
دووهەم حالی ئەو بو وەزعی نفسی — بەنەوعی بگا بەپایەی قدسی
سێهەم ئەحوالی لەگەل بشرا — لەگەورە و بچووک بیگانە و برا
یاسای ئەمانە هەیە لەم دنیا — ئەرژی لەگەل تا لەمادەی ژینیا
بەنەوعی بڕوا لەگەل تطور — بەلام بە ئەدەب نەک بە تەهەوور
رێگەی اجتهاد لەبو زانای بەرز — کوێر نابێتەوە لەسەربانی عەرز
پێیت نشان ئەدا ئەمەی کەوزانا — کروەوەکا مەردان بەتولی زەمان
ئەوەی نەگوری بەس مهماتە — کەراگرتنیان فەرزی حەیاتە
وەکو ئەصلی دین ارکانی ایمان — آرای ئیسلام لەسەرڕووی جیهان
پارازتنی گیان پارازتنی هوش — پارێزی ناموس لەشەخصی نەخوش
پارازتنی مال بە یاسای ئیسلام — بەنەوعی ئەبێ بەمەدەنیەت بو عام
غەیری ئەمانە هەرچی ری کەوێ — ئیسلام لەچاری یەکێ ئاکەوێ
ئیسلام بەنەوعی رێگەی گوشادە — هەرکەس پیا بڕوا شادو ئازادە

عەلاوەی ئەمە لەزەمانی زو — ئەم عیلمەی ئیمرو کەی لەناوا ئەبو

بوی یەکی اعلان یەک لە هەزار بو رێگەی ری رەوان سارا و کوسار بو
رەهبەرانی پاک لە بشر دور بون هەرکام لە شوینی ماتە مەحصور بون
بە مادەی چەن سال پاش مەرگ پەیغەمبەر لە بو وینەکەی ئەوە ما ضەبەر
ناچار بو بەشەر لە بۆ ورینی نو هەتا بەشیکیش ری کەوی بوتو
خودا ئازانا بو کە دینی اسلام ماوری گورانە بو چەرخی ئەیام
زانستی جهان زور سەرئەکەوی بیشەوتەنی بەرز زور دەرئەکەوی
وینیکی وای نارد بو ئادەمی زار بو پیروزیان بی بە بنیاد
ئەصلی راگرن بە بێ تهەور لە ژینا برون لەگەل تطور

واتە کی هەیە رای بگرە بەدل تطور بورن نابی بە موشکل
حقیقەت وینەی نوری هەتاوە بە کارە هەتا ئەم دنیا ماوە
عدالت وینەی کورەی زەویە پیویستی شوینی بەرزە ئەویە
عەقل بە وینە روناکی چاوە پیویستی تویە تا عومرت ماوە
ناموس بو بشر هەوی کەرامەتە روکنی ژیانە و زور بە قیمەتە
ئازاوی بشر لە حال و مالا شان بە شان ئەروا لەگەل کەمالا
سوجدەی بەندەگی ریاضەی نەفسی پیویستی تویە بو ژینی قدسی
انسان لە حیوان زور جیاوازە ئەم ئارام ئەروا و ئەو بەجابنازە
دین انسان ئەکا بە انسانی بەرز نائیلی بی بە وەحشی سەرعەرز
ئەم حەقایقە قەت کونە نابن فەرزە بوت هەرچەن لەسەما دابن

دین قوتی روحە وەکو نان و ئاو دین بو ژینی تو ئەبێ بە هەتاو
بێ هەتاوی ژین شەر پێ ناگا بێ ئاوی دین بەشەر تی ناگا
چە انسانیکە بادەری وابی لە تو لای غەدرا جەزای نابی
چە پیس نیکە انسان بکوژی بە وینەی بەنار خوینی هەلرژی
چە انسانیکە بە هەواد و توغیانە جهان لە انسان بکا بە زیندان
چە انسانیکە وینەی کەوەمار بەلامار بدا بوگیانی هەژار
چە انسانیکە بە پەستی نفوس هیرش بباتە سەر مال و ناموس
حەقیقەتی دین وینەی قەلایە انسانی بی دین دەرد و بەلایە
بو عالەم دەرکەوت لەسەر بەراورد هەرحەق بوژیاد هەر ناحەق بو مرد
روحی دین حەقە لەم روی دنیایە مایەی خلودە هەتا هەتایە
جوررە پیویستیتە لەسەر اجتهادە دیامەنفی ناکا لە ئادەمی زاد

وزارة
دقا
د

ئەو مەبحاثە ئیشارەم بۆ کرد بۆت بەیان ئەکەم بۆی بڕوانە وورد
ئیسلام لە بۆتۆ ئەبێ بە رەھبەر بۆ ڕشتی بە سوود لە بیر و باوەڕ
ئەلێ پێویستە باوەڕت ببێ کە پەروەردگار بۆ دنیا هەبێ
خاوەن کەمال بێ لە نقصان بەرێ بە مەعنای عام لێ وەرزی سەری
ئەبێ گیانێنی ببێ بۆ عالەم رێی نیشان بدا بە بەنی ئادەم
واسطەی ئەمە فریشتەکانێ کتبی هێنا لە بۆ مرسلین
لەم کتێبانا بەیان کراوە لەسەر کردەوە جەزا دانراوە
هەتا رۆژی بێت یانی قیامەت جەزا وەرئەگرن ئەفرادی ئومەت
باوەڕت وابێ خالقی دنیا خالقە لە بۆ جمیعی ئەشیا
هەرچی ئەو ئەیکا خاوەن حکمەتە ئەگەرچی دەرکی حکمەت زەحمەتە
باوەڕ بە خواو فریشتە و رەھبەر بە کتێب بە جەزا بە قضا و قدر
اصولن یانی بناغەی ئایین پێویستە لەسەر گشت مکلفین

لە مەبحاثە بۆ هەمو ئومەت کەر تەوانای بو ئەدای شەهادەت
شەهادەت و ئەی دە فەرزی نوێژی ئیسلام دەزانێ خالقتۆ بە خصوص
ئەمجار پێنج فەرزە کە نادی نوێژە دوویان بۆ شەوە و سێیان بۆ ڕۆژە
ئەمجار ڕۆژوی مانگی رەمەزان لە گشت سالێکا لە مادەی ژیان
جا زەکاتی مال بۆ موسلمانان وا نادبراوون بە نصی قرئان
ئەمجار حجی بیت اللەی اکرم لە شاری مکە کعبەی معظم
لە عومرا جارێ بە شرطی امکان لەسەر دستوری خوای لامەکان

لە مەبحاثە دووری لە تاوان ئەوەی زیانە بۆ مادەی ژیان
بۆ پاراستنی دین و گیان و مال بۆ پاراستنی ناموس و کەمال
ئەمانە هەمو دەستوری عامن خاوەنەکانیان بە حق ئارامن
هەرکەس تی بگا لەم لاپەڕانە باوەڕی ئەبێ بەم باوەڕانە

جا بە قەدەی امکان حکمەتەکەیان بە کورتی و ساف بۆت ئەکەم بەیان
بەو باوەڕانە دل ڕوناک ئەبێ وێلی کردەوەو خولکی چاک ئەبێ
چونکی کردەوە بارەی باوەڕە خاوەن بیری پاک زۆر دوور لە شەڕە
بیری ڕوناک بێ ئاوەکەی سافە گشتی ئاوی ساف خاوەن شفافە

باوەڕی باشی لێ دوو بارەی تیا یە — یەکەم بەندەیی ذاتی خودایە
دووەم دلسوزی بۆ ئارەمی زاد — تا هەبوبژین ئازاد و دل شاد

بە شەهادەتێ خۆت پیشان ئەدەی — پیرو باوەری خۆت ئیعلان ئەکەی
مقدەمەی نوێژە هەوی نظافەتە — مایەی دورکەوتن لە کەسافەتە
انسان سبەینێ کە هەستا لە خەو — وابە لەشیە وە چلکی کاتی شەو
ئاینی بیست ئەلێ لەشت بشوری — لە پیسی و پەستی وەزعت بگوری
ئەمجارە عەرزی بەندەگی بکەی — بەدوورکاتە نوێژ خۆت نشان بدەی

پاشی هەتا وکەوتن هەتا نیوە رۆ — انسان مەشغولە بەهوی ژینی خۆ
لەشی بەخصوصی جسارەتی بوو دەست و پێ — چلک و غبارە ی لێ پەیدا ئەبێ
عەلاوە کاتی صەرفی طعامە — کاتی رعایەی پاکی ئەندامە
کاتی طاعەتی ذاتی خودایە — کە تەوفیقی دای پایە بە پایە
لەم نیوە روژا طاعەتی پاکی — ئەبێ بە مایە بۆ دل روناکی

عصر موسمە بۆ استراحەت — بۆ رابواردن لەگەل جماعەت
لیرا نظافەت چاکە بوبەشەر — هەتا گیرودە نەبێ بە زەرەر
کاتی شیوا نیش کاتی طعامە — بپویستی انسان پاکی ئەندامە
بیجگە لە خوراک کاتی طاعەتە — طاعەت بە پاکی هوی سەعادەتە

عشا کاتیکە انسان ئەنوێ — حواس لە پاسی بەرەو ئەکەوێ
لەم بی هوشیا مایەوی اثباتە — انسان توشی ئەبێ بە مستقذرات
بۆ یەکی ساعی وصحەتی بوی — پیویستە لەگەل پاکیا بنوی

حیکمەتی غسلی جیبی اندام — لە پاشی جنابەت لە دینی اسلام
ئەمەیە انزال کاتی نەشئە جی — بۆ هەمو مسامات تاثیری ئەکی
بۆ کردنەوەی ئەو مەسامانە — خوشوردن مایەی ساغی گیانە
بوی دوکتوران لە سەرخاص و عام — سەرباریان داوە شوردنی ئەندام

هوی گردەوە بون لە بونیژە کان — ئولفەتی دلە بوکاودینە کان
[illegible] — [illegible]

تایبەتی جمعە گەورەی رۆژانە
هۆی یەک گرتنی موسلمانانە
تا پێشەوایان جێداری رەهبەر
سەرکەوێ بۆ سەر مەقامی مینبەر
بە مناسبی چەرخی تردی زەمان
ئاگادار بکا گشت موسولمانان
بە دوو خطبەی بەرز کورت و پڕ مەعنا
خەبەرداریان کا بۆ دین و دونیا
ئەوەی پێویستە بۆ ژینی مۆمن
ئەوەی چارەیە بۆ کینەی دوژمن

جا بینە سەیری ئەم گرد بونەوە
لەگەڵ تەربیەی رەهنمونەوە
رۆژی پێنج دەفعە زۆر بێ باکی کەم
هەفتەی جارێ هەموو بەسەرجەم
وەرگرن دەرزی تەربیەی ئیسلام
ئەزان نامێنێ لەسەر رووی ئەیام
بێجگە لە بارەی پیرۆزی بورل
بێجگە لە چاری هەزاران مشکل
بێجگە بەخششی خودای عالەمێ
بۆ دڵ وگیانی گەلی موسلمێ
کە نوێژ معراجە بۆ دڵی ئاگاە
بەرز ئەبێتەوە بۆ فەیضی خودا
ئەبێ بە حەسار لە فەحش و منکر
لائەبا لە دڵ خەساری خەتەر

بینە تماشای حیکمەتی رۆژو
پایەیە لە بۆ بەرزی خولکو خو
رۆژو دوژمنە بۆ نەفس و هەوا
نەفس رام ئەکا بۆ حوکمی خودا
رۆژو کۆتوچوی شیطان ئەبڕێ
بۆ دڵی ئەوەی کە رۆژو ئەگرێ
رۆژو دەروونت پاک ئەکاتەوە
لەو خولکە پیسە وا بە لاتەوە
رۆژو وە دڵت نورانی ئەکا
وێنەی فریشتە لە ناو فەلەکا
رۆژو وێنەی مەکینەی بەتاو
دڵ ئەینێتە جوش بە وێنەی هەتاو
رۆژو مایەی ئارامی تۆیە
لەو پەلە پەلە بە نەفسەوە یە
رۆژوانی پێ ئەبێ بە مەرد
خۆی پێ ئەگرێ کاتی ئێش و دەرد
رۆژو لائەبا ئەو دەرد و مایە
کە ناو مەعیدەی ئادەمیدا یە
بەرۆژوی بەحەق ئەی خەبەردار
لەسەرتە حوالی ئنسانی هەژار
مەتەلی هەیە وەک واتەی قدسی
تێر ئاگای لە حالی برسی
ئەمەیە هەندێ حیکمەتی رۆژو
لاحوت رای بگرە بە وێنەی مێژو
بووی واجب بۆ ئەتوو رۆژو بۆ عالەم
پاشی دەوری ئادەم تا عەهدی خاتەم

بروانە جەژنی شادی
بروانە فەیضی گەردن ئازادی
هەزار دوژمن دڵ پڕ لە کینە
پاک ئەبێتەوە بە صفای سینە
چونکی لە کاتی دەستکردنە مل
رەحمەتی خودا ئەباری بۆ کول

حکمەتی زەکات بە دینی ئیسلام

حکمەتی زەکات بە دینی ئیسلام   یارمەتی دانە بە پاسائی عام
خودا ئەیەوێ ئنسان خاوێن بێ   بۆ سودی ئیسلام و دینەی هەر دین بێ
بە هەموو نەوعی داوای لێ ئەکا   حەقی بەندەگی بۆ ئەدا بکا
بە سوجدە بردن بە هۆی نوێژەکان   بە ریاضەتی رۆژوی رەمەزان
بە بەخشینی مال لە بۆ هەژاران   بۆ داماوانی رۆژی رۆژگاران
خودا نایەوێ ئنسان لئیم بێ   ئەیەوێ بە حەق مەرد و کەریم بێ
چە وجدانێکە ئنسان دا بگری   لە و برسی و برای لە برسا بمری
پەستی طبیعەت بۆ حەیوانانە   دوورە لە خوێکی ئەدەی ئنسانە
یەکی ووس ببا هەر بۆ دەمی خۆی   مەعنای ئنسانی ری ناکەوێ بۆی
هەرکەسی لە هەژار رەگای خاوێن بێت   قاپی رەحمەتی لەسەر خۆی داخست
شەرەف اخلاص و کەرامەت کەرەم   شەرەف و کەرەم فەرزن بۆ ئادەم
مادام تۆ لەگەل براتا باش بێ   لە بۆ سودی ئەو خاوەن ئەلاقی بێ
خودایش تا پێ خۆی ئەکاتەوە لێت   دەقات لە خیرات ئەداتەوە پێت
بە یەک دل ئەژین لەگەل براکان   لە رۆژی رەشانا کەوتنە تەکان
بۆیە ئاینی ئیسلام بۆتە چات   فەرزی فەرموە فریضەی زەکات
بێنیچ یەکو دە یەک بیست یەکو چل یەک   روکنی ئیسلامە بە بێ شوبهە و شەک
لە توتا دە یەک یا بیست یەک فەرزە   لە بۆ موسلمان ئەدای خۆشی عەرزە
لە مالی ئەختاو جنسی تجارەت   چل یەک واجبە بە بێ خەسارەت
ئەگەر زیان دار ناشی بەجێی بێنی   ئنسانی هەژار قەت دانامێنی
بێجگە لە مانە لە بەر ناچاری   فەرزەی صەرفی مال لە بۆ رزگاری
لە دەستی پەستی دژمنی کافر   لە سالی قاتی نان ئەبێ وا فر
لە باقی دەردو مشکلەی زەمان   بە تا رزگاری گەلی موسلمان
بەلام ئەمانە وینەی دەس قەرزە   هەژار کەسەرکەوت دانەوەی فەرزە
جا دەستووری وا بۆ بەنی ئادەم   بۆ بە کارنالی لە هەموو عالەم

لێ بۆ حکمەتی حجی بیت اللّه

لێ بۆ حکمەتی حجی بیت اللّه   بۆ خاوەن دەستان لە چەرخی دنیا
بە وینەی هەتاو ئەگری خافقین   نوری رەحمەتی خودای مشرقینا
کە مسلمانان خاوەن مال و جا   بڕۆن حاضربن لە لای بیت اللّه
جێ بەجێ بکەن مناسکی دین   طوافی کعبەی قیبلەی سەرزەمین
یادی خودایە بە دلێکی پاک   دل بە بەلێ بێ بە جامی رووناک
یادی ابراهیم خلیل الرحمان   بانی بیت اللّه بە عەزم و ئیمان

یادی جیهادی ڕەسوڵ اللەیە — کە ڕووشی بەرزی چەرخی دونیایە
تایبەتی کاتێ چوون بۆ (مەدینە) — بۆزیارەتی ئەو نازە نینە
بارانی ڕەحمەت لە سەر ئالەرزی — دڵ بە نووری حەق شەواد ئەبرژی
یادی یارانی فیدا کارانی — بوودین بوون بە قوچ قوچی قوربانی
بەتا تی بگەن کە دینو ئائینی — چون بڵاوە بوو لە تەو سەرزەمینی.

بێجگە لەمانە هەزاران ڕەحمەت — ئەباری لە سەر کۆمەڵەی ئوممەت
کە گردەوە بوون لە دەرو دەشتا — کەسەرزی داوە بەسەر بەهەشتا
کە گەیشتن بە یەک بە یەکیتی دڵ — وەریان گرت لە یەک مەسەلەی مشکل
کە قسەیان کرد لە وەزعی ئەیام — لە چاری دەرد و ئازاری ئیسلام
گشت سەعاتیکی سەعادەتیکە — لوانەی پاک عیبادەتیکە.

بێجگە لەمانە ئائینی ئیسلام — لە سەر فەرمودەی سەیید الانام
هات بۆ تەمامی دائیرەی ئەخلاق — هات بۆ پێروزی سەراسەر ئافاق
یانی تەمەرەی ئادابی ئیسلام — ئەخلاقی بەرزە لە بۆ خاص و عام
یانی بەداری ئەخلاق و رەوشت — ڕووی زەوی ئەبێ بە باخچەی بەهەشت
یەقینی بەم تەرزە ئائینی ئیسلام — کافیە لە بۆ سەعادەتی عام
لەمە جوانتر پیم بڵێ کامە — کە ئەمەی ووتمان دینی ئیسلامە
لەمە زیاتر دینتێ بۆ چیە — کام چاکە هەیە لە دینا نیە
نقصان لە دینا نیە بە تحقیق — ئەگەر مسلمان بێتە سەر تطبیق

یانی (محمد) ئامادە کرا — بۆ دڵی عاقڵ بۆ بە چڵ چرا
کارەبای دینی زۆرخاوەن بەقرە — ڕەوشی سپی و سوور لە دوای بێ فەرقە
هەتا و کە هەڵ هات بە ئەمری خلاق — ڕوون ئەکاتەوە سەراسەر ئافاق
کوێری ئەی بینێ خطای ئەو نیە — چاوی خۆی هیچا بینائی نیە
زۆر بە احترام بە دڵیکی ساف — بە باوەری ساغ بکە اعتراف
محمد آخر رهبەری دینە — بە حەق رحمة للعالمینە
ڕوشنیکە هەڵهات بە سەر عالەما — تا دی دابە سەر بە نێ ئادەما
بێ تفاوتە بۆ چینی و هندی — بۆ سامی و ئاری بۆ فرس و کوردی
هەموویان بران بە دینی اسلام — بە قەدەر تقوی وەرئەگرن اکرام
فالحمد لله رب العالمین — وسلام الله علی المرسلین

ماموستا بە دڵ زانیم کە ئیسلام — پەسەندە و بەسە لە بۆ خاص و عام
پاشی دینی ئیسلام دینی تر نییە — ئیتر پێیم بلێ (طریقەت) چییە
دینێ بە وحی حق هاتە سەرزەوی — گەیشتە بە عالەم بۆ لەندەو ئەوی
ئەگەر لە دینە ئیسلام کافییە — ئەگەر دین نییە بێ ئینصافییە
دە پێکە بە دڵ دیلی ئەم سەودام — دڵ بڕبیندارم داماوی دەوام

~

شاگردی زانام سەروەری گیانم — بەندی جگەرو نووری چاوانم
من لەگەڵ تۆ دام لە سەرعەقڵ دنام — پێروزی نییە بێ دینی ئیسلام
بەڵام هۆشیار بە ئیسلام بانگی چی — بەچە پاسانی ئیسلام نێتە دی
ئیسلام کە تەجی هیچ تابی نییە — لە ژوور ڕاستەوە ڕاسی تر نییە

~

واتە خالق تەوانا و زانا — پەری و ئادەمی بۆ دڵیش دانا
دانش بناغەی بنای عیبادەت — لەسەر زانستە قەڵای سەعادەت
کە زانستت بۆ خزمەت کاربێ — بۆ خودای عالەم طاعەت کار ئەبێ
وەکو دارێکی پڕ بەری سەربەرز — بۆ خۆتو بۆ خەڵک بەهرەو دار ئەبێ

~

وزارة ا
رقابة
يد

خزمەت ووتارو ڕەفتاری ڕاسە — کە ڕاستی نەبو عالەم هەراسە
ووتارو ڕەفتار دەرەختو شاخە — باوەڕ ڕیشەیە ئادەمی باخە
ئاوی ئەم ڕیشە و درەختی باخە — ئیخلاصی مەردی خاوەن دەماخە
ئیخلاص بە فەلسەفە و بەسرشتی پاک — بە ئادەمیزاد بێ مەردی دڵ ڕوناک
ئادەم بە ئیخلاص ئەبێ بەکوی طور — ئەبێ بە مظهەر بۆ تجلای نور
واتەو ڕەفتار و باوەڕ و ئیخلاص — چوار روکنی دینن لە سەر شێوەی خاص
ئەم چوار روکنە بون ئیسلامی ڕاسە — ئەنا هەر ناوەو هەر دەنگو باسە
ئەوەی دینە ناو — تە بنیا بە شێوە — صورەت ئادەمی و بە سیرەت دێوە

~

خوا ڕەهبەری نارد بۆ ئەم سەرعەرزە — بۆ تەمێی هۆشیار بەم دەرزە بەرزە
پانی بە بێ خوی ڕەهبەری نازار — گردە وەی پێنج هەر ئێشە و ئازار
بێ سوودە حالی دوور لە حالی ئەو — کەمالی دوور بێ لە کەمالی ئەو
پێروزی بەشەر ئەمەیە ڕەهبەر — حکمەت بێ و ئەقوش مصغر
پانی ئەو حسن ئەقوش حسابی بێ — لەسەر دەرزی ئەو بە علم دعرین بێ

بەڵام هەشیار بە وەخت ئەکە پەروەرش   کە چوی بۆ بازار لای ئاڵتون فرۆش
دەس بڕو دزو ـ مەروەزن زۆرە   بە صورەت روناک بە سیرەت بۆرە
نەچیتە داوی دەس بڕی دەغەل   سەرگەردان نەبی بە ئەهواو ئەمەل
نشانەی پاکان وایە بو ئەتقوی   دوری لە هەوا نزیکی تەقوی
لە ظاهری دین قەطعەن لانادەن   حەقیقەت پەروەرن ملیان پانادەن
لەلای ئەوانا فقط جسم نەبێ   محیی شەرعی شای خاتەم ئەبێ
سیماهم سیما اهل السجود   من السجود ومن الجحود
بۆ کەشتی نەجات ئەبێ بە لەنگەر   بە وینەی (ماصدوری) (الله اکبر)
قربانی اکبر   قربانی انور   رسول اللە یە تا رۆژی مەحشەر
رەبی لە گێژی کەشتی ئەم دونیا   رزگارمان بکە بۆ رسول اللە
لە دونیاش لە شەری آلای رسولا   بمان بە لەگەڵ فەوز و وصولا

ـ ـ ـ

بە مۆسیقای زانا بە یاسا و دەستور   دەماغ پڕ لە موخ و دڵ تیراو بە نور
مادام ئەم دینە نوریکی پاکە   هەرکەس دیندار بی دلی روناکە
دین سەعادەتە و پیرۆزی ئادەم   هوی سەربەرزی یە بو ئەهلی عالەم
بوچی وائیمرۆ لاوانی اسلام   لایان دا لە دین بو باری اوهام
بو بونە دژمن بو یاسای خویان   بونە دەستورە نازل بو بویان
بە هوی چی یە دەسەریان لێ شیوا   بوچی دەرونیان لە اسلام دزیوا
بوچی سەرگەردان بون لە بەر کافرا   بو سەوداریان دڵی بەسەر خاترا
پیم بڵێ دەوای ئەم دەردە چییە   بۆمان دەربخە چی هەیە و نییە

ـ ـ

نوری هەردو چاوانم   روناکی دڵم   چرای پڕ صفای ماڵ و مەنزڵم
جیهان وا ئەزانێ بە سنت اللە   لە سەر اسبابە سەراسەری دنیا
لە مادە و مەعنا چە دەرو چە روحی   هەرکام بە سولێ بونەوەی غەیرە
بیکێ لە مانە پرست نەبێتە سەبەب   پشت ماتەلە و دنیا کەوتیتە تەرکێ
کە دینی اسلام عالەمی داگرت   کعزو گرم راهی لە ناوا لابرد
بە دڵ دژمنی زۆری بوو دەرچو   بو تولە سەندن ئەمنە آرو دە
دڵ پایان ماتە سەریان لە اسلام   چ لە مسلمان چ یاسا و نظام

جا پاشی ماوەیێ لە ئیسلام رابورد ‌ ‌ ‌ ‌ گەلی کارەساتی بەسەریا رابورد
لە بەر بەدبەختی کاربەدەستەکان ‌ ‌ ‌ ‌ واکەوتە دەستی پەستەمەستەکان
غایاتی شەخسی و کورسی و خەیالات ‌ ‌ ‌ ‌ گەلی زیانی گەیاند بەو وڵات
هەڵی حاضر کرد بۆ دەروون ئێشیان ‌ ‌ ‌ ‌ بۆ احیای ئیسلام بە ڕیشە کێشان
لە مەشرقەوە جەنگی تاتاری ‌ ‌ ‌ ‌ ئەم چەرخەی گێڕا بە کورەی ناری
لە مەغربەوە جەنگی صلیبی ‌ ‌ ‌ ‌ هاتە دنیاوە زۆر بە عەجیبی
ئەوەی ئەمانە هێنایانە پێش ‌ ‌ ‌ ‌ بە میزانی عام قەت نایێتە کێشی
چە بە قتل و عام چە تاوی تالان ‌ ‌ ‌ ‌ چە لە ئازاری ژن و منداڵان
چە لە سوتانی کتێب خانەکان ‌ ‌ ‌ ‌ چە لە فەوتانی خانەدانەکان
بەشێکی زۆری آسیا سوتا ‌ ‌ ‌ ‌ لە صەد نەوەدی مەعلوماتی فەوتا
مللەتی ئیسلام کز بو بەجاری ‌ ‌ ‌ ‌ لە باخانەمان دەر دەرکو داری
تا صلاح الدین شاسەواری ئەیوبی
صەلیبی رەدکرد لە خاکی ئیسلام
پاشان ئەم جەریانە لە ئاوروپاوە ‌ ‌ ‌ ‌ دوژمنی ئیسلام چاویان کراوە
کەوتنە سەر فنی علومی صەنعەت ‌ ‌ ‌ ‌ خۆیان حاضر کرد بۆ هێز و دەوڵەت
روژ بە روژ ئەچون بەرەو رووی پێشە ‌ ‌ ‌ ‌ خۆیان دامەزران بە هێز و رێشە
مسلمانەکان زۆر پاشی کەوتو بون ‌ ‌ ‌ ‌ نسبەت بە دوژمن دنیەی نەبون
بەرەغمی هەمو ئەم کارەساتە ‌ ‌ ‌ ‌ اسلام خۆی راگرت لەم سەرباساتە
تورکی عثمانی هێزی پەیدا بد ‌ ‌ ‌ ‌ اسلام ژیاوە و سەرنگون نەبو
سەلام بە فتنە و شورشی تەیمور ‌ ‌ ‌ ‌ آسیا شێوا لە نزیک و دور
تەکرار بە یاری خودای عالەمین ‌ ‌ ‌ ‌ هێزیان گرتەوە تورکان لەسەر دین
بەلکو بە هەڵمەت بەرەو ئوروپا ‌ ‌ ‌ ‌ گەلی وڵاتیان داگرت لە دنیا
جا ئوروپایێ کەوتنە ئەندێشە ‌ ‌ ‌ ‌ تا ئەم تورکانە دەرکەن لە رێشە

وزارة الثقافة والاعلام
رقابة المطبوعات
يسمح

لە ئیرانەدا بە ببری قەدی   کەوتنە تاسیس حوکمی صەفەوی

هەربەتەگبیرو قیادەی ئەوان   حوکمی صەفەوی کەوتە ناو ناوان

ئیرانیان گۆڕی بە فتنە و بدعەت   دایان لە دینی سنّە و جماعەت

دینی شیعەیان دانا بە ڕەسمی   ئیسلام نەمادە مەگەر بە ئیسمی

هەروا ئەفغانیش کەوتنە ئازادی   لەبەر زۆرگاربون لە شەڕی عادی

ڕشتەی پەیوەندی محبەت بچڕا   مسلمانەکان دەسیان لیک بڕا

جا شەڕی تورکو سوپای صەفەوی   ئیسلامی وەخست بو پایەی نەوی

کاتێ کە ئەمان گیروەدەی شەڕ بون   لە دەنگی توپ و تفەنگا کەڕ بون

ئەوروپاییەکان مەشغول بون بە کا   بە فەنی بە سود بو غایەی دەمار

بەوجە لە هەلکەوت فرصەتیان هێنا   کەوتنە ئەفریقا و خاکی ئاسیا

هاتن بو هندو ئەندەنوسیا   کەوتە لایەوان خەزینەی دنیا

لە دڵاوە خاکی عەرب و جزائر   کەوتە بەردەسیان وەکو نانی حاضر

جا آمادە بون بو دەوری دووەم   لە بو ئیستیلای تەواوی عالەم

ئەوروپاییەکان چەن پێشکەوتن   مسلمانەکان ئەوەندە پاش کەوتن

چونکی وڵاتیان پارە پارە بو   هەرکەس بوخوی بە قەوارە بو

جا جەنگی یەکەم هاتە پێشەوە   دنیا کەوتە بەر دەردو ئیشەوە

لە ئەنجامدا ئەوان کەوتنە سەر   دەوڵەتی تورکیش فەوتا سەرتاسەر

هەرچەن بە شێوە دامەزرایەوە   بە شێوەو یاسای خوی نەمایەوە

بەم ئیختلال و ئەم سەروبەرە   ئاسیا شوبها بە مستعمرە

ئەوساکە ئیسلام ئەژیا بە عزەت   خاوەن بو لە بو حکمەتو هەیبەت

کە وەحدەت نەما شیرێت خاوەبو   داوی حەوتالی بوبە تالی مو

قوەت و صنعەتیش نەبێ بەیان
بەم ئەسبابانە پاش کەوتن لەوان

وزارة الثقافة والاعلام
رقابة المطبوعات
يسمح

ئەمجار بو مەعنا و ماددە مان دەرچون   هەرچەن بەهێز بون چەن تاقەت نەمابون

هەرکەس ماوەمیان ئەبو لە جیهان   نەیان هێشتبی بە گەورەی شاران

هەرکەس بو ئەوان خزمەت کار ئەبو   بە فێلی ئەوان ئەوتا زۆر بەزۆر

لە سەر ئارەزوو مەبەستی خویان   وڵاتیان بەش کرد بو ئیدارەیان

مەلکەبیان دانا بە هێوای بەرزی   وەها لە شعور لە بەریا لەرزی

لە باتی تشقیف بە دین داخلاق   لە پیشەی بەرزخ بو هەمو آفاق

اخلاق و دینیان خستە دواوە   دوتیان بە اخلاق بەرد بەدلاوە

کاتی خاوەن دەس بیری بگوری   بەو ئەزمە یاسای عالەم ئەگوری

کە تۆقەت گورزاری ثقافەیان   کەوتنە تکدیری اسلافی خویان

کەوتنە سەر هەوای نظامی تازە   هەریەک بە نەوعی و بە یەک آوازە

احزاب هاتنە پیش افکار بوبە فەرز   هەوا خیوەتی هەلدا لە سەر عەرز

لەگەڵ شوێنیا نظامی اسلام   هەرناوی مادە وەکو مادەی خام

بیجگە لە ماتە سوپای مغربیات   دنیای داگیر کرد وڵات بە وڵات

مەلهی و سینەما و تلفزیونەکان   مەلعەب و نادی و باقی شوێنەکان

مصوراتی محلاتی دور   دنیای داگیر کرد لە خوارەوە تا ژور

هیشتا هەر باشە بەم شیوە شەوە   کە دینی اسلام خاوەن پرتەوە

چونکی کە وکر بە عالەم آرای دین   نوری قرآنە لە سەر عالەمین

لە سەر پرتەوی قورئانی عظیم   لە سەر اخلاقی رسولی کریم

بەشی مادنەوە لە موسلمانان   کە لە سەر حەقن بە دینی دایان

لە هەمو صنفی مولکی و مەدەنی   لە سەر دینی ماون بە ئەرکومەنی

باشی چەرمو زاخی و دژمانی دین   دینیان کردووە بە حبل المتین

ئەمجارە ئەپرسن کامەیە چارە   بۆ موسلمانان لەم رووی دنیا رە
من بەحەق ئەلێم چارە مەعلومە   بە دینی ئیسلام خەتمی مەرسومە
گەڕانەوەیە بۆ حوکمی قورئان   لەسەر روناکی دەستوری ژیان
یانی ئەم دینە بۆ دین و دنیا   ئینسان ئەباتە مەرتەبەی عولیا
واتە دوو شتە چارەی موسلمان   بژی بە عززەت لەسەر رووی جیهان
بگات بە خودا لەگەڵ رەضادا   بێ ئازار لەژێر باری سزادا
یەکەم عەقیدە و کردەوەی رەهبەر   یانی حەزرەتی سەیدولبەشەر
دووەم هەر عیلمێ بە سوودە بۆتان   بێتان پارێزی لە شیوەی سووتان
دین بیرە و بادەر کردەوە و ئەخلاق   کە ئەبن بە هۆی روناکی ئافاق
فەن علمێکی وا سەبەبێ بڕدا   لە بۆ پێشکەوتن هەتا رۆژاوا
لە هەموو فنی عەرزی و ئەسماوی   کە ئەبێ بە هۆی چارەی داماوی
ئێمەیش ئێستا نین وەها بینەوەو   رۆژی پێناچی ئەگەینە پێرتەد
من هیوا دارم کە هۆشیارەکان   بۆ ئەم چارەیە بێنە سەرتەکان

(رازی)

رازێکم هەیە بۆ بەهرەمەندان   لە رازی کۆنەی گەلی پێشینان
یەکێ عاشق بو بە شیوەی (لەق لەق)   لە دنیا گەردی طەبەق بە طەبەق
گومانی وابو لەق لەق پیرۆزە   بۆ گوناهوار تیری دڵسوزە
دوتی چاکی پێ بردمە پەنای   بە هەواڵ پرسی و بە مدح و ثنای
بپرسم هەواڵ بۆ بەچکەکانی   بۆ براو دوس و ئاشناکانی
بەلکو بە سوزی دەردنی پاکی   دعام بو بکا بو دڵ روناکی
چا هەستا دڵشت بە قەدر و ئکرام   بوی تقدیم فەرمو درود و سلام
پسی دووت ئەی حاجی لەق لەقی عزیز   ئەی تەیری دڵسوز بو خادەی تمیز
دڵسوزی ئەدەم دوژمنی ماران   جهان گەردەکەی رووی روزگاران

دەبیکە چاوەم ئەکرد تووەڕە بیت   دا ئیستە هاتم دەستم لە بەر بیت
ئەحوالت چونە لە دەستی خەلکان   چونە ئەحوالی وورده بچکەکان
حاجی لەق لەق گیان تەیری گەل گەلی   چونە سیمرغت توعەشقی علی
چونە آشنای سینە و دل صافت   ئاورازی نازی باشی قوللەی قافت
من شادمانم بە شادی ئیوە   بوهەوال هاتم دەستم بە پیوە
کە لەق لەق ببیستی ئەم راز و نازە   ئەوەندە دل شاد بو ئەتووت شابازە
شەقەی دا لە بال لە سەر ئاتەشوار   بە خوشی آمای دووسکەوتە سەر دوتار
باسی دل خوشی خوید بە چکەی خوی   باسی سیمرغی گیرایەوە بوی
لە پاش ماوەیێ بە دەوروریەن   ژیان پیکەوە لە ساحەی چیمەن
کاتێ هاتە پیش وادەی جیایێ   کابرا هاتە باسی بو مال ئاوایێ
لەق لەق پێ فەرموو چیە دلخوازت   بلێ بەجێ بینم نازو نیازت
ولامی داوە من دلبەندی توم   ساغی توم ئەوێ و دوعای بوخوم
جا بە سوزی دل جا بێ لەق لەق   سەری هەلبری بو سەمای ازرق
ووتی هەرچەنی من شەرمەسارم   ریی بو یاران من تکا کارم
هەرگیز نەیئیشی لە جەسەی ئەوان   ئیسقانی بێ گوشت گوشتی بێ ئیسقان
لە ناو ئەمانە بە تایبەتی دل   ئەم جا ئیشی دران مشکلە مشکل
بەلام آسانە چاری دران ئیشان   یەکەم دەرمانە و دووەم دەرکیشان
چاو ئیشی نەمینی چاری کوێریکری   بەلام دل ئەخوش بە آزار ئەمری
هەرکەس بێ دل بو گیرودەی دەردی   کاری مشکلە و هەناسەی سەردە
گەلی لە ناو خوێ دلیان بێ ئیشی   هەرگیز مەپرسیان ناچنە پیشی
هەرگە لیکم دی کە دلیان ساخ بو   دین و دنیایان بە حەق پەرداخ بو
بەلام ئەوگەلەی دلیان ساغ نەبێ   بە راضی ئەلەم دلیان داغ ئەبێ
هەر بێ دلی بو بوگەلی اسلام   وا باشی خستن بو جەوری آیام
مسلمانەکان هەتا بەکردل بون   هەموخاوەنی مال و مەنزل بون
من هیوادم بە یەکیتی دل   بگەرینەوە بو ماوا و مەنزل

مامۆستای زانای خاوەن بیر و هۆش　　وەرمانی دڵی ئینسانی نەخۆش
نوختەیێ هەیە بناغەی ئێشە　　لەسەر چاوی دڵ مایەی تەشویشە
وەکو خۆت فەرمووت خالقی عالەم　　خالقە لە بۆ کائنات سەرجەم
بەرشتی خواستی خودای لەسەر بێ　　ئەبێ هەر ببێ و نەبوێ نابێ
ئیتر بۆچ بەشەر لەسەر خێر و شەڕ　　وەرئەگرێ جەزاو ئەبینێ زەرەر
ئەم حەقیقەتەم بۆ بەیان بکە　　دڵی بیمارم بۆ دەرمان بکە
کە خوا خالقە بۆ کرداری من　　چ هۆی جەزایە یا ئازاری من
ماکە قەزای حەق هەرگیز ناگۆڕێ　　بەشەر بۆ پارێز بۆچی هەڵسوڕێ
هێزی ئەشنوی دڵ نووری چاوانم　　هۆی ئاسایشی مادەی ژیانم
ئایینی پەرستان لە ڕووی ڕۆژگار　　با دەرمان وایە خودای پەروەردگار
پەروەردگارە بۆگشت مەوجودات　　بێ گیان و گیان دار بەشەر حەیوانات
هەروەهێ لە بۆ کاری ناچاری　　وەکو مەرگ و ژین بە بێ ئیختیاری
وەکو جوانی یا ناشیرینی　　وەکو سیمای پاک کە خۆت لێی ئەبینی
ئەوەی مەوضوعی باسی جاری یە　　تەنیا کردەوەی ئیختیارییە
وینەی ووتار و کردەوە و ڕەفتار　　وەکو بەخشینو نوشینی هشیار
بەبیری گەلی سەنەتی ڕەهبەر　　ئەرێش مخلوقە بۆ خودای ئەکبەر
تەنیا کەسبە کە لە بۆ ئادەمە　　باقی حەوالەی خودای عالەمە
بۆ ئەم کەسبەیە تکلیف کراوە　　لەسەر ئەم کەسبە تۆڵەی داناوە
بەلام بە بیری ماعدای ئەمانە　　ئەنوعی کێ تر ئەوضاعی جیهان
جیا با دریژە بەم باسە بدەین　　باسی بیرەکان بە ڕاستی بکەین

لای دمعتزلە، پشی بە ئیختیار　　مخلوقی عەبدە بەبێ اضطرار
لای فەلاسفە ،ئیش مخلوقی عەبدە　　بەلام بە رشتەی ناچاری بەندە
چونکی لای ئەوان ئەسبابی ئەتەجی　　تخلف مەنعەو مسبب ئەبێ
ئەم دوو بیرانە لامان بەتاڵە　　ایجاد لە بۆ عبد قطعی محالە
بشر نازانی چون ئەبێ ئەنجام　　نازانی چەندە حەرەکەی ئەندام
چلون خالقی بۆ ئەزان ئەبێ　　زانا لەم ئێشە زۆر حەیران ئەبێ
الا یعلم من خلق وا لێ　　ایجاد بۆ جاهل بە قطعی نابێ
علاوەی نصی خالقی بێ چون　　واللە خلقکم وما تعملون
اللە خالق لکل شیئ　　عالم لکل ضوء و فیئ
بۆ بیارمەتی بدە وەلیلی ئایەت　　بەڵکو بۆت ببێ بە هۆی هدایەت

لەلای (جبریە)یش انسان ناچارە   بەوێنەی مردوو یا بەردو دارە
ئەوەی ئێتەچێ بەخودایە و بەس   بشر بێ دەخلە چەتا لەنەفەس
ئەمەیش خطایە چونکە ئەزانین   دەخلمان هەیە هەتا بتوانین
بتجولێنینەوە تا هەستێنەوە   یا خوت بەدڵخواز بجولێنێتەوە
فەرقێکی روشن لەبەینیا هەیە   لەما چارەدار لەو بێچارەیە
کاتێ هەڵکەوتی خوت داڵەمێنی   دەستت پێوەنێی تولە ئەستێنی
ئەگەرنا بوچی تەکلیفی خودا   روناکا لەکەس لەکاتی خەودا
یانی خطابی تکلیف و الزام   ئەکرخطاب الوضع بوحفظ نظام

بەبیری (استاذ)ی بەقدرتی ئە   خودایە و بەندەیش هێزی بوعەینە
بەخواستی خودا هێزی بەشەر دێ   هەتا تولەلێ لەبوی بیتە جێ
ئەمەیش لاێمە دورە لەهەدی   بشر شریک لێ لەکردەوەدا

لای (باقلانی)، خەلقی ذاتی کار   مربوطی هێزە لەبو پەروەردگار
وەصفی طاعت و معصیت ئەبێ   بەهێزی بەندە چی بەجێ بێ
بەنە لەبوحەقە رەنگ لەبو بەندە   لەم رەنگ بازیەیش دڵ دەردەندە
ئەگەر بەن ئەبێ رنگکەر چی ئەکا   ساقی بەبێ جام ئاو لەچی ئەکا

بو ئەهلی سنت بەپای کتاب   بوخودا خلقە و بەندە اکتساب
لەم کەسا واتەی دوکەس ئێتەوێ   یەکەم (ئەشعەری) دو (ماتریدی)
بەدڵ هشیار بە ئەگەر ئەتەوێ   کەسی ئەشعری بوتو دەرکەوێ
خودا بەقدرەت علمی داوە پێت   لەخێروشەری ئەوەی ئێنە تێت
هێزی (ارادە) خواستی پێت داوە   کاتێ کاری بو داێ لەونادە
خوت بەداماوی دەردی سەرنەدەی   ترجیحی لاێ لەدولا بدەی
قدرتی داوە ئەتوانی بیکەی   هەر لاێ بەخواست تعیینی بکەی
ئەم سێ صفتە دیارە و مشهور   داویە بەبەندە خالقی معبود
جا کاتێ ئەزانت روی کردە کاری   خواستت ئاتەچی ترێی کردە باری
قدرتت دیابوی بنیتە وجود   لەویا بوت ئەکا خالق الوجود
وەی تێکەوتنی ئەم صفتانە   کسبە بەبیری ئەم زانایانە
هەرچەن تاثیریان نیە بەایجاد   چون ایجاد حصرە بوخودای عباد
بەلام بەعادەت ئەبن بەسبب   بو ایجادی حق . باشی و مرتب

بۆ شیتی ئەمە شەخصی ئەشعەری   بیانی ئەکا لە پەیدا بەری

یەکەم بە علم و خواست و تەوانا   کردەوە ئەکەین لە رووی جیھانا
بە روناک دیارە لە ناو وجدانا   عەلاقەداریێ لە کارەکانا
غەیری وجودی ئەم صفەتانە .   سری عەلاقە لامان پەنھانە
مانعی نیە ئەزانین چیە   سری عەلاقە زۆر پەنھا نیە

دووەم دیارە لەسەر رووی ئافاق   خوا تکلیف ناکا بە ما لا یطاق
ھەر کردەوەیێک لە طاقەتا بێ   ھوی توانای تۆیە ھەرچون پەیدا بێ
ئەوەندە ھەیە بەبانی طاقەت   بومان نادوزری لەسەر حەقیقەت

سێھەم ئادەمی ئەگەر بێ بەش بێ   لەو کردەوانا لەوو ئێشە چی
بێ سوود دەرئەچێ لەسەر رووی جیھان   وحی و ناردنی گەلی رەھبەران
ئەمەیشی لە حکمەت بە امیال دورە   کەوابو بەشی بەشەر ضرورە

ئەمجار بروانە وینەی ھەندێ   بۆکەسبی لەشەر لای (ماتریدی)
ئەلێت ئادەمی مخلوقە و ناچار   لە خلق خوا دکا صفاتا یەک جار
یانی٧ . لە ئەصلی ئەو صافەکانا   زانینت و خواست ھیزی تەوانا
بەلام بوئەوە چاریکی ھەبێ   لە کارا وینەی بەرد و دار نەبێ
خودای بێ ھەمتا بەبێ دەرری سەر   صرفی ئەو خواستەی داوە بە بەشەر
یانی ئەو وصفە کە خواستی تۆیە   ربطی بە کارو بە دەستی تۆیە
وەکو چون بینیش بە ناچاریە   بەلام روانین اختیاریە
با خواستی کلی تیایا ناچاری   لە صەرفی ئەدا بەھەق مختاری
ئەم صەرفە مەلی خلق و ایجادە .   ایجاد بوعەین و عەرەض ئازادە
ئەم صەرفە وصفی اعتباریە   لەسەر تفویض ذاتی باری یە
جائەگەر مەیلت تفویضە بۆ ھەق   اشعری بگرە راست و مصدّق
ئەگەر طالبی بۆ ئارامی دل   لای (ماتریدی) دەربگرە مەنزل

کە باش حالی بوی لە دوو خلی بەشەر   بە پاسای کەسبی راستی معتبر
بزانە خودا خواستی ھەرچی بێ   لەسەر خواستی ئەو ئەشیا ئینە چی
بەلام بە خواستی حضرەتی باری   لە کەسبی خوتا قەت ناچار نابی

علم وارادە و تقدیری مەشهور   مانای وانیە تو بی مجبور
مەعلومی ئەهلی عرفان و علمە   کە ارادەی حەق تابعی علمە
علمی ئەزەلیش تابعی فعلە   فعلی مکلف متبوعە ئەصلە
خودا زانیویە تو بە اختیار   لە مستقبلا چون ئیتە کردار
لەسەر ئەو علمە ارادەی فەرمو   وا خواستی علمی و علمی فعلی بو
یانی زانیویە کاتی مستقبل   چلون مکلف ئیتە سەر عەمەل
خواستی بەو جورە روی کردە لە شیا   هەرکام لەو کاتا بوی قرار دریا
کە بریاریان دا قضا زانستە   خواستیش بەو شیوە روی لەمە بەستە
قدرت ایجاب ئائلی بو کردەوەی تو   تو هەر مختاری لە کردەوەی خو
وینەی ئەلیم بو کشف و توضیح   لەلای عاقلان شیرینە و مەلیح
ئەگەر کاشفی بزانی گەنجی   ئەرو زینەوە بی دەردو رەنجی
یا خود بزانی ئیمرو لە بازار   بەهوی شتیکو ئەگەی بە ئازار
لەسەر تو نابی بە هو بو اجبار   ئەبو گەنجەکەت ئە لە بو ئازار
هەروایە علم و ارادە باری   بو کردەوەی تو ئەتوش مختاری
لە ئەصلا زانی بە احوالی تو   بولی خواستی بو لە افعالی تو
ئەمە بو عاقل مفهومی سافە   غەیری ئەم شیوە شیوەی خلافە

بینە سەرلاران لە ئەسبابی شەر   یا کوشش کردن لە بو خیر و فەر
سنة اللەیە لەسەر روی جهان   ئەسباب و شروط بو رووداوەکان
گەلی ئەسباب و گەلی موانع   گەلی دواعی و گەلی دوافع
سبب و شرط و مانع و ئالات   بو ئەشیا هەیە لە روی کاسەرلبات
ئاگو ئاو مایەی ژینی انسانە   موجدە و عبادەت مایەی احسانە
لافاو بو تخریب ئاگر بو سوتان   هیرشی ژەهر هەیە بو فەوتان
شورشی دعەو غا مایەی فەنایە   ژینی ناخوشی ئەگەل لەم روی دنیایە
خوداش ئامرە بە اسبابی خیر   ناهیە لە زیان بو خوتو بو غەیر
توش لەسەریا شا ئەبی تیکوشی   شیرینو تالی ئەبی بنوشی
بەلام نازانی لەسەر کام سەبەب   ئەجاح دەرئەگری و ئەگەی بە مطلب
یا کام مانعت لی هەل ئەسوری   ریگەی مقصودی خیرت ئەگوری
خودا ئەزانی بەچی پی ئەگەی   بەکام کوسپی ری بەمەبەس ناگەی
لەسەر تو فەرزە بەهوی عقل و فام   لە خوت تیکوشی بە تو لی ئەیام

وزارة الثقافة وال…
رقابة المطبوعات
يسمح

نابێ تۆ بڵێیت قەضا بڕاوە   ئیتر بێ سوودە کۆشش لەم ناوە
قەضای نامەعلوم چون ئەبێ بەهۆ   لەبۆ ئەمە ئیوەشە ڕگە بردانی تۆ
کاتێ کە ئەچێ بەهۆی سوود یا سزا   بۆت دەرئەکەوێ تەقدیر و قەضا
آیەی (الو کنتم فی بیوتکم)   بۆ قەضا ئێکە لەلای تۆیە گوم
تۆ خۆت وون مەکە لە مەیدانی کار   والله هو الواحد القهار
ڕاستە فەرموودەی ڕەهبەری کلە   کل میسر لما خلق لە
تێکۆشە لە سەر ڕێباسای مستقیم   لادە لە هەوای افکاری سقیم
ئەمەیە ڕێگەی عەقل و هوش و فام   ئەمەیە چرای نەجات لە اوهام

بێجگە لە مانەی انسانی والا   کە لە عەقل و هوش ئەبێ تەرەڵا
کە زانی بشر جیایە لە حیوان   بە عقل و علم و اخلاق و وجدان
بە فن و پیشەی مادی و مەعنەوی   بە سعی و کۆشش بە بازوی قەوی
طبیعتا مدنی و بەیەک محتاجن   بۆ یارمەتی یەک زۆر ناعیلاجن
هەروا بە هەوای ئارەزوی نفسی   تۆوش ئەکەن بۆ غایەی شخصی
کە وابێ ئەگەر جزء اختیار   ئەبێ بۆ بشر بە کسب و کردار
ئەگەر ڕێباسائێ نەبێ بۆ عەمەل   ئەگەر حدودی نەبێ بۆ ئەمەل
نظامی عالەم ئەڕوا بە جاری   بۆ کەس نامێنێ قول و قەراری
کەسی مخصوص نابێ بە مولکو مالی   کەسی تێنا کۆشێ لە بۆ کەمالی
کەسی مسئول نابێ لە جنایەتێ   کەسی موورد نابێ بۆ شکایەتی
چونکی لە پێشا ئەڵێ ناچارم   مربوطی قضاو بێ اختیارم
وێنەی قەلەمی دەستی خطاطم   یا خود مقصی دەستی خیاطم
کەوابێ عقلا فرضە اختیار   بێ بۆ بشر بۆ سعی و کردار
فرضە یاسائێ بیکا بە مقیاس   ڕاگیری بکا لە بۆ عام و خاص
ئەوجا چیە لە سرری قضا   ئەبێ بەهۆی سوود یا بەهۆی سزا
قضا شاملە بۆ بەشی مبرم   ناگۆڕێ وەکو آیەتی محکم
شاملە لە بۆ معلقاتیش   لە بۆ اسبابو لە بۆ ئالاتیش
تۆیش بێ خەبەری لەم دوو نوعانە   کامە پێتە ڕێت لەم ڕوی جهانە
ڕێگەی خۆت بگرە کما تشاء   ویمحوا الله لما یشاء
ئیمە ئەخوێنین وێنەی قوتابی   وعندالله ام الکتاب

ئامۆستا لێرا نوخشەیێ باوە   با عەرزت بکەم تا لە بیرما وە
مەشهووری عامە بێ وەردی سەری   حذر لا ینفع من القدر
حذر لە قەدەر مادام بێ سوودە   خوا پاراستنمان بۆچی مەقسوودە.

نووری چاوانم ئەو واتە راستە   بەلام مەعناکەی لەلای خواصّە
بە رووە رۆژگاری زانا و تەوانا   لە رووی جیهانا اسبابی دانا
بە نان تێر ئەبێ بە ئاوێش تێراو   کوێر ئەبێ انسان کە ترا لە ئاو
شمشێر ئەت بڕێ خوێنت ئەڕژێ   ماری خاوەن ژار انسان ئەکوژێ
خوایش پێی داوین دوو هێزی جوان   هێزی جلبی خێر دفعیش بۆ زیان
فەرموویە تێ بیت لاوە لە زیان   راکێشە بۆ خۆت اسبابی ژیان
تۆش لە سەر زانست وەکاری ئەکا   تا سوود وەربگری بە زیان نەگری
هەر بەم پاسایە جیهان ئاوایە   ئادەمی ئەگا بە پایە و مایە
بەراوردت کرد بەراسی وابوو   ئەم پاسا ئەگەڵ واقع دا دەرچوو
تا پارێزت کرد لە ئێشی زیان   ساغوسەلامەت دەرچووی بۆ ژیان
تا خۆت ئەویتە ناو ئێشی بێ جێ   ئەشانت ماوە ئەناتو ئەچێ
بەلام هەر وەکو خوداش زانایە   بەچی تۆش ئەبێ لەم رووداوایە
ئەزانێ رۆژێ کە ئاکامت ئەکات   تو خۆت ئەخەیتە ناو چاڵێ ئەمات
جا لەم کاتەدا خۆت حذر ناکەی   تا لە مەرارەت خۆت زرگار بکەی
یا پارێزە کەیت لە بازی دەردە   لەوپا وەردی تر لە سەرڕێی مەرزە
بە پەیان تۆش نابێ بەو دیانە ئەمری   چونکە ئاکامت ئەبێ هەر بمری
یانی هەر حذر لە قەزای مبرم   بێ سوود دەرئەچێ بۆ بنی ئادەم
ئەنا گەر حذر ئەگەر بێ سوودە   ئەخۆش خانەکان بۆچی مەوجوودە
بۆ دەرمان ئەخۆی کاتێ ئەخۆشی   بۆ پارێز ئەکەی لە تاڵیو ترشی
بۆچی ئەخوێنی بۆ علم و کەمال   بۆچی ئەکۆشی لە بۆ شتی مال
بۆ قەڵا ئەگری لە تیپی دژمن   بۆ پەنا ئەگری بە مەردی ضامن
بە کورتی قەزا بۆ تۆ دوو وانە   (مبرم) ئەو یانە (معلق) ئەمیانە
مبرم (لو کنتم فی بیوتکم) . . .   (قد احترقتم بزیوتکم) . . . . . .
معلق هەستە پێو دژمن راماڵە   ئەگەر بە دەست پارێزی ماڵە
ئیتر هەڵبە تۆ حذر ئەکەی   لە پاسای رەسای عەقڵو دین لادەی
یانی نظامی عالەم حذرە   عقل و دین لەما خاوەن خەبەرە
جلت شانه العزیز   العلی فی شئونه علی التوالی

ماموستا چرای دڵەی ئاوارەم — بە دڵ پێدا بدە لەم پرسیارەم
هەموو ئەزانین بە شێوەی صواب — کە مسببات فرعن بۆ اسباب
بوونی ممکنات لە سەر اسبابە — بێ سبب سازی مەقسەد نایابە
بەم شێوە دووتمان قەزای زاتی حەق — بەستەی اسبابێ یانی (معلق)ە
لاش بکەینەوە لا زاتی خوا — بە هەموو شتێ خەبیرە و زانا
لە سەر ئەم پاساش قد جف القلم — قەزای حەق هەموو محتومە مبرم
ئێتر بۆ چی بە میزانی حەق — قەزای (مبرم) و قەزای (معلق)ە
خۆ عیلمی خوادا هەرچوون جاری بوو — گۆڕانی نییە بە یەک سەری موو

* * *

شاگردی شیرین دەرمانی دەردم — مایەی رزگاری لە ئاهی سەردم
ئەوەی باست کرد هەمووی سەراسەر — خیلافی نییە راستە و مقرر
بە ربطی اسباب گشت معلقن — بە ضبطی علمیش مبرم و حققن
بەڵام تقسیمی قەزای غەیبییە — بۆ ئەم ڕووشمە نیشانە هەیە

* * *

وەها یان دانا بە گوێرەی اسباب — دوو بەشە قەزای حاکمی وهاب
یەکەم مبرمە یانی نەگۆڕا — بێ سوودە لەوا هاوار و نزا
خێر و صدقە دعا و دەوای عام — هەوڵ و تەقەلای بیر و هۆشی تام
یانی ئەگەر چی سەبەب هەبێ — پەیوەندی غەیری قەزای تیا نییە

* * *

دووهەم (معلق)ە بە مانا ئەوە — بە هەوڵی ئێمە بەسراوەتەوە
یانی گرەوزە و رەفتاری بەشەر — قەیدە بۆ قەزای خالقی اکبر
وای بڕیار داوە بە تەقەلای خۆت — نانی کۆشانی پەیدا بێ بۆت
دەس ببەی بۆ چەک یا لە بۆ ڕشیار — یا لە بۆ دەرمان یا تکای ڕوودار
یا بە هەوڵی خێرات یا دوعای پاکان — یانی هیمەتی دەروون روناکان
قەزای حەق وایە و وای بڕیار داوە — مەبەست بەمانە بڕواتە دداوە
یا قەزای وایە غافل دانیشی — تا باری دژمن بەشان بکێشی
ئێمە بێ ئاگایان لە سری قەزا — بەڵام هۆشیارین بۆ شەرتی جەزا
بە بیری خۆمان ئەگەر دینە دەو — بە ڕوانی مقصودا بە ڕوو ڕۆژ و بە شەو
لە ئەنجامدا دەرئەچی بۆمان — چۆن بووە قەزای خوا لە سەرمان

پانی ئەشروط و قەیدوشەرط کە
   داخلی قەزان لە شەرحە لەطە کرێ

ئەمیان موعەلەقە ئەویان موبرەمە
   ئەم باسە بە عەقل زۆر موشکلمە

بە گورەی ئیبرەمی حوکمی کە
   وا یە بەس ئیجادی حەق لە وێشە وایە

یانی شەبەبی عادەتی نیە
   یان کەسبی ئێمە ئیمە علاقی نیە

یا کەسبی ئێمە لەوا
   لێ سورە چونکە ئەوقەزایە لا حەق وقصورە

معلق مانای شتێکی وایە
   عەلاقەی کەسبی ئێمەی تیدایە

وای بریار داوە بە کەسبی خومان
   بونو نەبونی دەرکی لومان

خویشی ئەزانی کام لایان ئەبێ
   چون خوی عالمە ببێ یا نەبێ

نسبەت بەم عیلمە احکام مبرمە
   لەمە زیاتر (اللە و اعلم)

دەفتەری (اللوح المحفوظ) خودا
   دەفتەرە لە بو هەمو ماسوی

تیا هەیە تنجیز تیا هەیە تعلیق
   تیا هەیە شرط و سبەبو توفیق

لە سەر ماف اللوح معلق بە
   هاتەجی ئەشروطە بێ ئیفاتبە (؟)

کە ئە بو نابێ خویشی ئەزانی
   کام لایتە جێ لە روی جیهانی

چونکی علمی حەق یا ام الکتاب
   بریویەتەوە آخری حساب

(یمحو ویثبت) لوح المحفوظە
   ام الکتابیش قطعی و ملحوظە

چونکی خودا خوی اسبابی دانا
   قەت غافل مەبە بە قەی ئەوانا

بێ گومان راستە لە لای من وعی
   (لیس للانسان الا ما سعی)

پرسیار لە مانای روح و نفس

ماموستای بەریزم اشکالی مادە
   دل لە بو حەلی بە جوش و تاوە

نفس و روح و دل ناویان ئەبرێ
   لەگەل عەقلەدا تفسیریان ئەکرێ

بوم بەیان بکە مەعنای ئەمانە
   تا بوم دەرکەوێ چون بە وتفسرانە

عەلاوەی ئەوەیش انسان ئەزانێ
   خیرو شەر چیە لەروی جیهانێ

کە حزابی کرد بو هەر خوی نیە
   ئەلین شەریتانو نفسی دەسیە

بوری جاوانم انسان دیارە
   بە شەکل و شێوە و بالاد و قەوارە

پیست و گوشت و دەمارە گرتیکی جوانە
   بەلام بو هەمو گیان لە بەرانە

هەروا هەوسی خمسە دیارن
   لە حەیوانانا تا خاوەن آثارن

فارق هەر عەقڵە هەیە بۆ ئینسان — ئەگەر بۆ حەیوانات لە سەرردوی جیهان
مەبەس لەم عەقڵە عەقڵێکی وایە — هەوێ ئەنتظور ئەکا لەم رووی دنیایە
عەقڵیش صیفەتێ نەفسی ئینسانە — پایەی کەمال و مایەی نوقصانە
هەر بەم عەقڵەیە دەرکی کلیات — تطور کردن لە رووی سەربسات
نەفسی ئینسانیش لەگەل رووح و دل — عەزالی ئەلێت یەکن بالحاصل
چونکی مانای دل ئەم مادە نییە — هەوێ جوولەی خوێن و ئەلبقی عضویە
حەقیقەتێکە عەلاقەی هەیە — لەگەل ئەو مادە صنەوبەرییە
اذا صلحت صلح الجسد — اذا فسدت فسد الجسد
کەشفی حەقیقەی رووح و نەفس و دل — (قل الروح) ئەلێ مشکلە مشکل
گەرانێت هەمو یەکن بەمانا — ئەوەیش بزانە ئەی برای زانا
هێزێکی تیایە لە بۆ خێر و شەر — ئەبێ بە مایەی کردەوەی بەشەر
رووی کردە چاکە بە (رووح) ناو ئەبرێ — بۆ بەدی بە نەفس لە قەڵەم ئەدرێ
یانی نەفس و رووح ذاتیان تەنیایە — بە هۆی ئیشەوە ناویان جیایە
هۆی شەرگێڕکن خارج و داخل — ئەوانە بانگ ئەکەن بۆ کاری باطل
خارج بەشەر بۆ شەیتانی ئینسە — هێزی پەنهان بۆ شەیتانی پیسە
شەیتان هەرچونێ تەفسیر بوبکەی — هەیە ئەگەر تۆ لە حەق لائەدەی
ئەم نهێنییە ناوی شەیتانە — عەدووی ئینسانە و نصی قورئانە
ذریەی زۆرن وان لە عالەما — ئیش ئەکەن لەگەل دڵی ئادەما
بەلام خۆشەیتان پاشای ئەوانیە — تۆ بەگوێ ئەکەی قیمەتی چییە
هەر نەفس خۆیە بە تاڵوکە و دەرد — وەکو وزەوەسەک مطیعە بوئەو
ئەگەر بەمەردی بوی بە عەبدی خوا — سلطەی نامێنێ شەیتان بە سەرتا
بەیاری خوا دائەمەزرێ دل — بۆ نووری خوا ئەبێ بە مەنزل
بەخۆپەرستی لیستەی ئەبێ بەفان — ئەبێ بە ماوی بۆ سوپای شەیتان
ئەولە دونیادا بەبێ تەماشا — لە برایی تۆ ئەلێ صدر پاشا
بەرلە ماشای ئەو تۆ ماشا بکە — رێگەی رزگاری راستە تەماشا بکە
ئەوانە رێگە رەضای حق ئەگرن — بە مەردی ئەژین بەمەردی ئەمرن
هەر چونێکیش بمرن زیندوو ئەبنەوە — بە نەسیمی حق ئەشنێنەوە
رجمان وایە لە خوای کەریم — بگەینە لای حق بە قلبی سلیم

ماموستای فەرزەم بۆ تەعلیم کردن … مەشهورە سوئال لە دوای مردن
ئینسان کە مرد و کەوتە ناو عەرزی … لە پاش چەن روژێ لێشی ئەپرزێ
بعضی وون ئەبێ لە قولی دەریا … بازێ ئەسوتێ ئەڕواتە هەوا
بە هەر حالێ بێ بێ حس وفامە … لە پارێ شوێنیا هەم بێ ئەندامە
دەی چون ئێتەچێ پرسیار کردن … یا خوشی و ئازار لە دوای مردن

رولەی شیرینم خاوەن روحی پاک … پاش دوور بەرەوە بە دلی روناک
بوت بیان ئەکەم ئەحوالی مردو … لە ماوای (بەرزەخ) حالی ببە زو
ئەم ئەحوالانە راستە وبێ عەیبە … لە ئەحوالاتی عالەمی غەیبە
یانی بو روحە حس ودەرک وفام … پێویستی نیە حواسی و ئەندام
وەکو فەرمویە شیخی غەزالی … بزانی بەسەریا نوری جەلالی
یەکێ نوستبێ بەخوشی و آرام … بە بێ تەکانی هەرەکەی ئەندام
تو هیچ نابینی لە ئاثاری ئەو … لەشادیو خوشی و لە ئازاری ئەو
(رموانە) ئەو خەو ئەبینێ … خودا چەن ئەحوال بوئەو ئەنوێنێ
جارجار لەو خەوا لەلای عەشرەتە … مەشغولی شادیو ذەوق وعەشرەتە
بازێ جار روحی دیلی حەسرەتە … گیرودەی جەفاو ئێشی و زەحمەتە
هەرچون ئەم حالە هەر لە بوگیانە … کەس وەرناگرێ لەدو لەش نە
هەروایە حالی مردو پاشی مردن … چە صدق وجەفا چە سوئال کردن
مادام ئینکاری خەو بینین ناکەی … بوچی بو مردو خوت منکر ئەکەی
عالەمی (بەرزەخ) عالەمی غەیبە … خەبەری رەهبەر راستە وبێ عەیبە

ئوستادی زانای خوش بیرو باوەڕ … رەهنومای بەشەر بودینی ئەنوەر
دەلیلی چیە فەوتانی جیهان … دنیای تازە خوی ئەدا نیشان
بشر لەم عەرزا ئەمرن سەراسەر … زیندو ئەبنەوە ئەڕون بو حەشر
دنیا چی لێ دێ دوای حەشر کوێ ئەبێ … روناکی عالەم لە چیوە ئەبێ
حسابو میزان شێوەی چلونە … عەقلم لەم باسە زور سەرنگونە
یا پردی صراط بە بەیانی خاص … باریکتر لە مو تیژتر لە ئەلماس
چلون مەعقولە رابوردن پیایا … عەقلم حەیرانە لەم نەوعە اشیا
بوم بەیان بکە لەرێی خودادا … یاری حەق بگرم لەم رووی دنیادا

نەسیمی صەفای ماوەی ژیانم … یادامی گیانم … رولەی عەزیزم

راستن ئەمانە دوورن لە خەیاڵ   لە خەیاڵی خاو نەک خاوەن کەماڵ
یەکەم مردنی گشت بەنی ئادەم   دووەم ویرانی ئەم چەرخە سەرجەم
سێهەم ئادەمی زیندو ببنەوە   لە داوگادا گرد بکرێنەوە
چوارەم حسیبو کێشی کردەوە   پێنجەم کە تو چو بەسەر پردەوە
بەلام ئەمانە لای تو گرانن   لای هێزی خودا سەهل وئاسانن

بەچاو ئەبینین بەبێ اشتباه   دەزگاو مەکینەی بەرقی کارەبا
بەتەنیا دەستی لەمەرکەز بدری   هەزاران شوێنی پێ روناک ئەکری
بەدەستیکی تر ئەکوژینەوە   ئەگەر جاری تر هەڵ کرینەوە
هەم لەم لاشەوە ئەزانین هەوا   مایەی ژیانە تنفس لەوا
شەپولی هەواش رامی خودایە   کە تو ئەهاتی لەلای ئەوایە
وەی زور قابلە خلاقی عالەم   سەعاتی هەوا بگری لە ئادەم
بیان مرینی بەتەنیا ئانی   ئەم دنیا بکا بە بیابانی
یا جاری هەوا تیکەڵ بی بەغاز   دنیا بگوری نشیوو فراز
یا مەرو بوغاز هەریا یەی گریا   لە صەد دەرچی یا پایەی سەرما
لەم کاتانەدا هەمو گیانلەبەر   ئەمرن لە عەرزا نەک تەنیا بەشەر
تو ساغبیت ئەوی بەشیوەی راسی   گوی بگرە لەمن ئەگەر حەق ناسی
مادام وای لێ کات صەنعەتی بەشەر   بەئانی شاری ئەخاتە خەتەر
خولقیت ئەزانی داماوی نەماوە   ظاهرو باطن پیرۆە لە نوقصان
حەق نیە قطعی وسوەسە وخەیاڵ   لە حاسی هێزی خودای ذی الجلال
قیەتی نیە بەقودرەی مولێ   کەبەنی ئادەم بمری بەفولێ

هەروەها ئافاق هەمو ممکنات   کیان وگیاو دار لەسەر رووی بات
بیر بکەیتەوە بەهوی لبصیرەت   تا تحقیق بکەن بە پاکی سیرەت
بوت دەرئەکەوی بەروی حقیقەت   ضعفی ممکنات لەسەر طبیعەت
تێ ئەگەی عالەم خاوەن امکانە   بوبو نەبونی بەحەق یەکسانە
هەرچی ممکن بێ بوبێ نەبوبێ   ذاتو صفەتی یا چەندو چونی
گەلی ئاسانە بەهیزی قدرەت   نەمانی ذاتی یا فەنای صفەت
مەثلا سەهلە بەهوی تەکانی   ژیرەو ژوور ببی کەون ومەکانی
نابینی جاری بەبوی لەرزە   ژیرەو ژوور ئەبی ئەم کیو عەرزە
هەروایە هەمو مادەی ئاسمان   ئەشی بو فەنا بی شوبهەو گومان

بروانە هێزی زەرەی ئەوەوی　　چون ئەسوتێنی تەختی سەرزەوی
هێزی لەو هێزە بکەوێتە کار　　عەلاوەی بێ نیسبەتی ملیار
ئەوجار ئەزانی چون ویران ئەبێ　　جیهان بەجورێ دڵ حەیران ئەبێ
بەبێ ماتڵ بون لەبەردو لەغار　　کوساران ئەکا بەگەردو غوبار
لەمە قیاسی کە بوکانی تبدیل　　تاثیری نفخ صوری اسرافیل
هێزێکی وەهای تیا دا نراوە　　وەکو لەدنیا بەیان کراوە
باشی ویران ئەکا ئەم دنیا هەمو　　کێوشی ئەکاتە بەوێنەی پەمو
فیذرها قاعا صفصفا　　روناکە وسافە لەلای عُرَفا

زیندوبونەوەی گەلی مردووان　　تماشا بکە بەچاوێکی جوان
چون تومی گیا ئەڕوێتەوە　　گیا وەکو جاران ئەڕوێتەوە
باغچە و بیستانان ئەنەشێتەوە　　گوڵ وەکو سالان ئەگەشێتەوە
وەکو ئەبینی بازی تومی عەرز　　فەرقیان هەیە بوڕووان صورتەرز
هیچ مانع نیە مادەیێکی وا　　بێ لەلەشی بەنی ئادەم دا
بێ بە اساس بونەشئە و نما　　قەبولی بکەن گەلی علما
وەکو ثابتە بەشێوەی تاقیق　　مادەی هەیە زور دوور دەقیق
لەضوار پشتەوە بەفەرمانی عەرەب　　نادە براوە بە «عَجْبُ الذَنَبْ»
روژی ئاخرەت پێشی وارەی محشر　　ئەبێ بە ئەساس بو نمای بشر
دوورنیە لەفام بەعەقلی انسان　　ئەبێ بە موورد بو وجود فەوتان
بەتاسەولکاتە کە خودای عالەم　　زیندو ئەکاتو گشت بنی ئادەم

یبدأ الخلق ثم یعیدە　　قرئنا الدرس ثم نعیدە
ایجادی یەکەم بە تومی بابە　　دووەم بەم مادە بوچی خرابە
ئەو هێزی خەلقە وا لەناو تو ما　　بمێنێتەوە لەلەشی فو ما
ئەگەر ئەو مادە فەوتا بەجارێ　　ضاوەنی مادە بوکارو باری
بە هێزی خوی بو کەپەروەردە بو　　بەس خاوەن باغچە لەپشتە پەروەردە بو
خوی دەرئەخاتو جیلوە ئەنوێنی　　بە قالبی تر بە شەر دەرئەهێنی
یحییها الذی قد انشأها　　اول مرة ومنشأها
بجمع الأجزا او بمثلها　　کل مسند الی اصلها
لەپاش ئەم انشا کە خودایان ناسی　　ئەوایە بڕوان لەسەر ڕێگای ڕاستی
بڕوان بو دەرگای دادگای عالەم　　چی بە ڕزو نزمی هەرچەبەی ئادەم

زیندو بونەوەی گشت ئادەمی زاد — لە عورفی دینا پێی ئەڵێن (مەعاد)
یانی (مەعادی جسمانی) عەیانە — وەکو چون ئەژیا لەیەکەم جیهان
لە سەر ظاهری بەعضی لە ئایات — بە جەمعی ئەجزا ئیتەوە حەیات
لە سەر ئەبعضیکیش بە خلقی دینە — هەر روناکن وینەی ئاوینە

سەرگەردان مەبە لە جەمعی ئەجزا — کە بون بە خاکو چون بە عەرزا
یا خود بە ئاگر هەموو سوتاوە — یا خود لە ئاوا مادەی فەوتاوە
چونکی ئەو ئەجزا مشمولی عیلمن — هەموو تەحتی نفوذی حوکمن
بە قدرەتی هەیە خالقی عەلام — گردی ئەکاتەوە گشت ئەجزای ئەندام
ڕێک ئەکەوێتەوە بو نەشئەی ثانی — بو یای دێتەوە روحی انسانی

بە خلقی دینەیش ئەکەین اعتراف — چونکی نابینێن غوباری خلاف
ئایەی لا یەزدی ئاخری یاسین — چرای خودایە لە بو حەق ناسین
خلاقی علیم بە حەق دانایە — بو خلقی امثال ئاشکا توانایە
هیچ عەیبی نیە لە وینەی ئەجزا — دروست کاتەوە تمامەتو بالا
مربوط ببێتەوە بە عەینی نەفسی — کە مادەتەوە لە غەیبی قدسی
نقصانی نیە بو روژی حساب — بو تولەوە جزا ثواب و عقاب
چونکی معتبر نەفسی انسانە — ئەوە مەوردی قهر و احسانە
تو کە قەرزاری کاتی مندالی — عمرلیشت بگا بە حەفتا سالی
بە پێی سەنەدو بە وراقی راستی — قەرز ئەدەیتەوە ئەگەر حەق ناسی
دادگا نائلی ئەوشا مندال بو — بەرەلی ساغو ئەوصونعو سال بو
ئیستە دامادە ضعیف و پیرە — داوای ئەو قەرزە عمردو تقصیرە
هەروایە حوکمی بشر لە محشەر — ئەگەر بگوری شیوەی ردی بشر
یا خود ئەو ئەجزای قەدیم نەمێنی — بە ئەجزائی نو خودا بینوێنی
نابی بە مانع بو تولەی کردار — لای اهلی عقل و شعور و ابصار
کە ئەم مطلبە بە ئەدلات مەعلوم بو — بە مسلکی ازفر باسی مقدم بو

پروانە لە بو حکمەتی (مەعاد) — زیندو بونەوەو بوئادەمی زاد
انسان لەم ژینا کە خاوەن فام بو — جێگەی تکلیفی خودای عەلام بو
ئەبی روژیکی وەهاشی ببینی — تولەی کردەوەی تیادا بسینی

بەچاو ئەبینی و بە دڵ ئەزانێ کردەوەی نەفسی و مادی ئینسانی
یەکێ ئەبینێ کردەوەی پاکە رەوشتی بەرزە ئەخلاقی چاکە
بە پایە و بە ماڵ بەرماڵو قەڵەم هەرخزمەت ئەکا بۆ بەنی ئادەم
بەڵکو بە وێنەی قوچی قوربانی خۆی فیدا ئەکا لەرێی حەق زانی
سوودی بۆ عالەم ئەوەندە زۆرە پرتەوی وێنەی پرتەوی خۆرە
لەبەرشوێنێکدا شۆڵەی دەرکەوێ تاریکی دڵان نامێنێ لەدێ
بەصورەت بشر سیرەت فرشتە جیهان بە مانە وێنەی بەهەشتە

هەروا ئەبینی صنفێکی سەرخۆش بەدڵ وەدەروون ناساغ و نەخۆش
بەخۆ پەرستی هەیکەل پەرستە لەسوودی عالەم بێ هوش و مەستە
ئەیەوێ جیهان بۆی ببێ بە جام هەرخۆی تێدا بێ بەتوڵی ئەیام
وەس بەردار نابێ بەم حاڵە پەستە ئازاری خەڵکی لەلا مەبەستە
بیدادو نامەرد بێ مهرەبانی وەکو درندەی کاتی گرانی
خوێن ئەرژێنێ لەسەر رووی زەمین کەس لە دەستیا نازێ بە ئەمین
دەست درێژ ئەکا بۆ ماڵ و ناموس لەپاش فەوتانی ارواح ونفوس
نە دینی هەیە نە فام نە وجدان نەشەرمی هەیە لەرووی تاوان
بەکورتی ئەوەی دوورە لە شعور ئالێنی ئەوە بۆنز بکو دوور
بەم حاڵە ئەژی نزیکی صەد ساڵ ساڵ لە ساڵ بەدتر بۆلێشی بەتاڵ

وەی چون ئەو کەسەی کە خاوەن فام بێ خاوەن وجدان و هۆشی تەمام بێ
قەناعەت ئەکا ئەم دوو ئینسانە ئەو بەو کەمالە و ئەم بەم نقصانە
بەروەها بمرن دەرچن لە دنیا عالەمی ئەلێ بۆ تۆڵە و جەزیا
ئایەی (أم حسب) بیست ویەکەمینا لە (جاثیە)دا دڵ ئەکا تامین
کە ئەوشان نابن ئەم دوو ئینسانە شانی ئەو سوودەو ئەمیان زیانە
کەوالی فەرزە بە عەقل و وجدان علاوەی ئایەی عالیەی قرآن
هەروو حاضرن لەدادگا دا لەناو کۆمەڵی بەندەی خودادا
ئەویان بگاتە پایەی دڵ بەندی بە خۆشە دیلی و بە ارجمندی
سەربەرزی ئەبەد وەربگری بەخۆی پایەی کەرامەت دەرکەوێ لەبۆی
ئەمیان دانەوی بۆ پایەی بنەوی دەرەکی اسفل لە چاڵی زەوی
شەرمەساری لەناو عالەما لای خودا و لەلای بنی ئادەما
لەسەر ئەندێشە و پیشەی رووی جیهان وەربگرن تۆڵەی خۆیان بەعەیان

قیمەتی چیە کە کەس نەی زانی — تولەی ئەمانە لەبەر پەنهانی
یانی (معادی ڕوحانی) تەنیا — پێی دەرناکەوێ صورەتی ئەشیا
ئەوەیە دەردی خاوەن تاوانان — کە ڕسوا بێن لەناو ٤ و سەران
ئەمەیە بەرزی بۆ خاوەن ئیحسان — پایەی دەرکەوێ بۆ گەلی ئینسان
یانی (معادی ڕوحی و جسمانی) — یانی هەریەکێ لە شەخصی ئینسانی
ببێتە بەر دەرگای دادگای خودا — خطا بێ خودا بێ بەسەر ئەودا
بزانی کابرا چە کەسە و کێیە — کردەوەی چۆن بوو خەلکی کام جێیە
نیمرۆ کام ڕۆژە وا ئەو مەیدانە — کەوتە مەیدانی دادگای یەزدان
لەسەر دەفتەر و نامەی کردەوە — باشی بوی دەرکەوێ هەرچی کردووە
وەرگری نامەی جزای الهی — لەسەر اوامر لەسەر مناهی
پاسەر دانخا لە شەرمەساری — پاسەرفراز بێ لە تولەی کاری
ڕەبی بە فضلی پایەداری خۆت — بە فیضی قدسی بەرقەراری خۆت
بە تکای پەنای مەیدانی مەحشەر — یانی (محمد) ڕهبەری بەشەر
سەرفرازمان کەی لە دار البقا — ...شارمان کەی بە نوری لقا
تا لە فردەوسی جاوانی عاما — بژین لە پەنای خیر الانا ما

٥٦٦

مجری صادق وەک هەتاوی ڕۆژ — پیمان ئەڵێن داوین وەضعی پاشەڕۆژ
ئادەمی ئەمری ڕوحی نە بینی — خۆشی و ناخۆشی خوا پێی ئەنوێنی
جیهان ساف ئەبێ لە بەرز و نەوی — بەسەریا بڕوی پێی لە هەڵناکەوی
فەلەک بەراستی وەدەری نابینی — ئەڕۆژ و نەمانگ هەتاو نانوێنی
بە نوری قودرەت وەکو بەربەیانی — ڕوون ئەبێتەوە عالەم لو ئینسان
کۆمەڵگای ئادەم خودا ئەیزانی — ئەم حشر و نشرە هەر لە ئەزانی
میزانی عەدل حسابی عام — حەوالەی بکە بە خودای علام
ئێمە نامەدرێین بە تفصیلی حال — بۆچی زۆر بکەین لە گریو اشکال
بەهەشت و دۆزەخ ئێستە مەوجودن — بۆ ئەهلی خوبان بە چاو مەشهورن
لەلای علمی خودا عەرز و سماوات — بەهەشت و دۆزەخ باقی کائنات
وەکو نمێکە لە دەریای بێ پەی — لم یحیط بها الا اللّه الحقّ
قطرة منها صارت دلیلا — وما اوتیتم الا قلیلا
هەرچی ممکن بێ بە عقلی بەشەر — قابلە ببێ و بێ ببینێ بصر

یوم تشهد علیهم : لهم — ایدی العباد و ارجلهم

هەرچەن دەسم نادا بوت بکەم بیان ... وێنەی دەسی موری سەرپەنجەی ئینسان
(ألطف الله) بوت بیان ئەکا ... غەیری عادەتت بۆ عەیان ئەکا
میزانی وەزنی کرەوەی ئینسان ... هەیە لە ئایەی منصوصی قورئان
عبوری سەرپرد ئەگەرچی بومان ... گران ئەنوێنێ بە یاسای زەمان
بەلام ئەدروژە روژی قدرەتە ... عالەم بە قودرەت خاوەن صورەتە
وێنەی ئەمانە وەرگەوتن بومان ... سیارەی سەرئەرل لەرەوی آسمان
میزانی ضغطی هەوێنی ئاوەمی ... میزانی انواعی جوری عالەمی
میزانی گەرما و سەرمای شەرزەوی ... میزانی بەرزی و پەستی جێی نەوی
ئەگەرینەتەوە لە سبابی ئیمرو ... چون حالی ئەبوی هەربە گوفتوگو
مع انه اخباری حضرەت ... بەقەی افهامە بو عەقل ئومەت
باش اقرار بکە بەفکر و تدبیر ... بلی آمنت بالله القدیر
زور چاکی فەرموی شێخی مەولەوی ... رەحمەت لە روحی پاکی معنوی
گەر ذرەی شعور هەیە پێتەوە ... کە وتیان وخواهی ئەبرینەوە
نسأل المولى حسن الختام ... بحمد الله مع السلام

مادوسای دەرزی مشکلاتی دین ... رەهنومای حیران بو ریگەی یقین
گەلی ئایاتی کریمەی قورئان ... بومان دەرئەخەن بێ شوبهە و گومان
انسان مرهونە بە کردەوەی خوی ... کاری یەکی تر سودی نیە بوی
یوم لا تجزی نفس عن نفس ... وێنەی بورهانە بو نفسی قدسی
لیس للانسان الا ما سعى ... بورهانە و مایەی یەقینە قطعا
کەوابی ئەلی سودی کامە بێ ... خیری لە غەیری جی بەجی ببی
یاخود کامەیە دلیلو حجت ... لەسەر منکری بابی شفاعەت

جگە لە گوشەکەی هێزی ئەژنوی دل ... بە اوهامی خوت قەت مەبە مائل
لەسەر رونای آیات و اخبار ... لەسەر ئەو بەشە یاسای کردگار
یەکرمین عەدلە روبەروی انسان ... بوتولەی عەمەل بێ کەمیو نوقصان
دووهەمین فضلە و محض احسانە ... مایەی پیروزی نوعی انسانە
یوم لا تجزی نفس عن نفس ... بە یاسای عەدلە بوتولەی شەخص
هەروەها آیەی لیس للانسان ... وێنەی ئەمانەیش بزانە یەکسان
مستثنی کانی حەدیث کە نەصن ... هەمو بە وێنەی کردەوەی شەخصن
یانی بە یاسای عەدلی الهی ... لە دار القضای لا متناهی

بەپێی ڕەفتار و کرداری بەشەر   جەزا دانەنرێ بە سوود و زەرەر
بە پاسای دووەم یانی فەضلی خوا   تەنیا کردەوە نیە لە ئادا
قاپی مەرحەمەت گەلێ گوشادە   دڵی موسڵمان بەو ڕەحمە شادە
دوعای ڕەهبەران لەبو دەستەیان   بو چاری دەردی دڵی خەستەیان
دوعای لێ خوش بون لە موسڵمانان   ئەی خوێنیتەوە لە ئایەی قورئان
واتبعتهم ذریاتهم   بخوێنە و بلێ فطوبی لهم
یا ئەو خیراتە بە ئەمری حەضرەت   بە جێ یان هێنا بە حوسنی نیەت
وەکو وقفی ماڵ یا قضای ڕوژو   یا حەج بو شەخص لە قودرەت کەوتو
هەموو ئەمانە لە بەشی فەضلە   وەرگێ ئەم فەضلە بو عاقڵ سەهلە
هەروەک باقی خێری محسنین   لەبو مردویان لەسەر ڕێگەی دین
مەثەل بیستوتە حدیثی حەضرەت   لە باسی تولەی کردەوەی ئومەت
دانەی جەو گوڵەی جەو صەد دانە بار   لە قورئانا یە ببینەوە چەن جار
هەم تێدا هەیە زیاتر لەمانە   هەموی منصوص ئایەی قورئانە

* * *

باسی شفاعەت تکای پێغەمبەر   برژێ بەسەریا ڕەحمەتی ئەکبەر
بە نصی ئایەت دەرئەکەوێ جوان   بەچەن استثنای منصوصی قورئان
الا باذنه لە ئایەی کورسی   الا لمن ارتضى ئەبیستی
ئەگەر نەبوایێ ڕێگەی شەفاعەت   هەرگیز نەئەبو استثنای ئایەت
حدیثی حەضرەت بو ئەم خصوصە   بەگوێڵ تعبیر هەیە و منصوصە
علاوەی ئەمە ستری شەفاعەت   ڕوناکە لەلای ئەهلی معرفت
بەنەوعێ ئەهلی وجدان و انصاف   بە تکای ڕەهبەر ئەکەن اعتراف

* * *

یەکەم ڕەحمەتی خالقی ئەکبەر   کە گوشادترە لە عالەم یەکسەر
هەر ئەو ڕەحمەتە ئیتە حەرەکەت   دەروێنێ ڕەهبەر لەبو شەفاعەت
دووەم ئەمەیە دەرکەوی عەیان   فەضلی محمد سیدی اعیان
یانی لە ڕوژا دنیا ئێتە جوشش   لە ترسی خودا ئەکەونە خروشش
کە کەسی ناویری سەری خوی دەرخا   بو ناوداران باران تکای بکا
بەر لە انبیا ئیذنی شەفاعەت   لەبو حەضرەت دێ لو گەلی ئومەت
سێهەم دەرکەوی فەضلی ڕەهبەران   لە پاش پێغەمبەر لە سەر دیگەران
چوارەم دەرکەوی مەرتەبەی ابرار   بە تکاکردن لەبو ناوان یار
پێنجەم هەرکەسی خاوەن ایمانە   شایانی لطف و فضل احسانە

ثابتە بوومان بە نەصی ئەخبار — ڕۆژی قیامەت کە ئێت بە ئابزار
عالەم واشگری زەلزەلەی مەحشەر — پەرێشان ئەبن کۆمەڵ بە شەر
لەترسا ئەوان سەرگەردان ئەبێ — بۆزرگای خوا زۆر حەیران ئەبێ
ڕۆژی کارو ژینیان لێ ئەبێ بە شەو — هەولە هەولا ئێینە شەکۆ دەو
جا گەل گەل ئەڕۆن بۆلای ڕەهبەران — بۆلای اولوالعزم لە پێغەمبەران
هەریەکی نەوعی معذرەت ئەکا — دووری لەوە عەرشی شەفاعەت ئەکا
تا لە ئەنجاما ئومەت خاص و عام — ئەڕۆن بۆ قاپی سیّدالانام
کاتێ گەیشتن بە خاکپای ئەو — ئێتە جۆش قەڵبی بەرزی والای ئەو
سوجدەی بەندەگی ئەبا بۆ خودا — لەویا دەس ئەکا بە ڕجا و تکا
تا لای خوداوە ئیلهامی بۆ دێ — بۆ تکای ئومەت اجازەی ئەدری

٦٥

ئەمجارە شەری بەرز ئەکاتەوە — پەردەی شەفاعەت لائەداتەوە
یەکەم ڕاوەستان بیڕێتەوە — دەرگای حسابات بکرێتەوە
دووەم بۆ ئەوە گەلێ لە پاکان — بێ حساب بڕۆن بۆ ئەعلی مەکان
سێهەم ڕزگاری گەلێ لە ئومەت — کە تاوانبارن لە باری ڕەحمەت
چوارەم بۆ ئەوە کە تخفیف بدری — ئازاری گەلێ کە عەزاب ئەدری
پێنجەم بۆ بەرزی پایەی شەرافەت — بۆ گەلێ چاکان لە ڕیزی ئومەت

٦٦

بەم فتح البابە ئەکەونە تکان — گەلێ انبیا هەم اولیاکان
یانی کۆمەڵی انبیای کرام — ئال و یاران و شهدای اسلام
باقی اولیاو علمای اعلام — باقی چاکەکان مطیعی احکام
ئەکەونە تکا بۆ تاوانباران — جارە ڕەحمەت ئەڕژێ بە وێنەی باران
شەیلی جحانی خودای مهرەبان — ئەگا بە عالەم بێ حد و پایان
ئەوەلەم فەیضە دوورە و منسیە — سووری فەیضی ذاتی قدسیە
وەکو فەرموویە شێخی مەولەوی — بڕژێ بەسەریا فەیضی معنوی
کەوە سەلمان برا لە هەمو لایە — ئەوبەی ڕەحمەتی حەق تعالا یە
یا بە مەرحەمەت ئەجاتی ئەدری — یا بە نەوعی سووک عەزابی ئەدری
ئەمجار وەرئەچن لە عذابی نار — ئەڕۆن بۆ بەهەشت بە وێنەی ابرار
لەوێ شاد ئەبن بە لقای خودا — بە نووری سیمای چرای اهتداء
ئومێدەوارین بە خودای عالەم — بە پایەی بەرزی ڕەهبەری اکرم
لە لوای ئەودا حەشرمان بکری — لە سایەی ئەودا جیهان پێ بدری

ئەمە یاسای نیزامی ئیسلام
ئومێدوار بێ بە فەیزی ڕەحمەت
وا ئەبێ لەناو خوف و ڕەجادا
جا ئەگەر هەرکات بە تاوان باری
ئومێدی نەبڕێ بە شێوەی بدعەت
ئیسلام نەی فەرموو بە ئیتباعی خۆی
بالێ بێ بەهۆی تکای تکاکار
پێشتینەکەی خۆی لێ بکاتەوە
حاشا وکلا ئائینی ئیسلام

ئینسان بترسێ لە خودای عەلام
بە عەفوی گوناه لە چارەی ئومەت
بێلای ئەمن و یاس هەرگیز لانەدا
کەوتە تاریکی ڕێی شەرمەساری
لە بارەی خێری پایەی شەفاعەت
تاوان تاو بدا تاریکەوێ بۆی
باری خۆی بکا لە باری ئوزار
بە هۆی شەفاعەت لانەکاتەوە
ترسە و تەماعیە بە خودای عەلام

نەوەک بە وێنەی کەشیشی کەم فام
لای ئەو حەزرەتی عیسای بن مریم
پای هەرکەسێ کە تاوان باری
کەروێشتە لای وکیلانی پاپ
نازانی ئەمە فکرێکە عەجەب
نەموافقی دینە و ئائینە
هەی وا تە غەفلەت هەی بیری بەتاڵ
عاصی ڕا بوێری لە مەلهای شارا

کە عیسی ئەکا بە قوربانی عام
خوێ کرد بە فدیە بۆ بنی ئادەم
ئەگەر تاوانی هەتا ملیار بێ
هەموو ئەبەخشی و نابینێ عەزاب
دوورە لە یاسای ئائینو ئەدەب
نەلەسەر یاسای عەقڵو تەمکینە
چەند دوورە لە ڕێی شعوور و کەمال
عیسی لە بوئەو بکرێ بە دارا

گەلێ ڕەهبەران ئەنبیاو ڕوسل
لە ئەصلی دینا یەک ڕێیان هەیە
بەڵێ ئەحکامی فەرعی ڕەهبەران
ئەصل و فەرعیان ڕوو بە ڕووی ئینسان
پێویستە دوور بێ لە تاوان باری
بترسێ بە دڵ لە خودای عالەم
دوورکەوێتەوە لە فەحشی و مونکەر
مثقالە ذرە بخوێنێتەوە
بەلام ئومێدی ئەمەیشی ببێ
ئەتوانی بە حەق ببەخشێ تاوان
جا ئەگەر وا بوو فەضل و ڕەحمەتە
ئەمە دەرزی ماموستای ئائین

هەموو هاودینن بێ عەیب و عەکس
ئیختلاف لەویا بە قەطعی نیە
گۆڕراوە بە پێی مەکان و زەمان
ئەمەیە فەرضە بۆ ئادەم ئیحسان
دوور بێ لە خەطا و لە شەرمەساری
لە ڕۆژی حساب بێ خەطەر حەرەم
لە حەوروڵی وادا لەبەرگیان لەبەر
کە خودا تۆڵەی لێ ئەستێنێتەوە
خودا کە خواستی ڕەحمەتی ئەبێ
یا بە هۆی تکای گەلێ ڕەهبەران
ئائارایشی بدا عەدڵ و حکمەتە
حەق پەرستانی گەورەی ئەرزیا

مادەم سای زانای ئەسراری ئایین   راوەستاو لەسەر نشینگەی تمکین
خودای ذی الاکرام بە نصی ئایەت   وعدەی جەنانی دا بە ئەهلی طاعەت
خودایش زور دورە لە وعدە خلاف   ئیتر پێم بلێ بە شێوەی انصاف
بوچی ئەترسن موسلمانەکان   لە پاش اطاعەی خودای لامەکان

لولوی صەدەفی ناو دەریای ئافاق   لالەی حدیقەی دەروونی مشتاق
بە دڵ گوێی بگرە لەم باسە خوشە   شفای ئازاری دڵەی نەخوشە
لە بو وەلامی ئەم باسە فەرمووت   چونا نوکتە ئەلێم رای بگرە بو خوت
یەکەم • کردەوە بو لطف و جەزا   بەهانەی رەحمن نەک بەهای سەودا
بە ملیار ملیار کردەوەی حسان   ئاگا بە شکری نیعمەتی انسان
چ جای پایەی ثوابی عقبی   صفا و سەیرانی شجرەی طوبی
یا ئاسایشی بەهەشتی فردەوس   یا دەس کەوتنی ماتشتهی النفس
یا نەبرانەوەی بو خوشی و نعمەت   بی معارضەی نەخوشی و زەحمەت
بیجگە لە زیادەی دەرەجەی اقبال   یانی دیتنی خودای ذی الجلال
مادام کە ثواب فضل و احسانە   نەک مقابلی طاعەتەکانە
ئەبێ بترسی هەرکەسی انسانە   لە قطعی خیری محضی احسانە

وەدەم با بلێین کردەوەی انسان   علەتە لە بو جەزای ذوالاحسان
خوتو ئەزانی ئەم کردەوانە   هەموو گرەوی ئادابەکانە
تو چون ئەزانی ارکان و آداب   هەموو کاتێ بە پاسای حساب
یا خود کردەوە فرعی نیەتە   یانی بێ نیەت بێ مزیەتە
شەرطی نیەتیش ئەمەیە چاک بێ   لە توزی شبهە و رزیلە پاک بێ
بە وێنەی عجب رزیلەی ریا   یا باقی وصفی پەستی رووی دنیا
ئەمەیشی دوسی نادا مەگەر بو ابرار   بو مخلصانی کومەڵی اخیار
اخلاصی نیەت خەیلی زەحمەتە   مەگەر بو دڵی جێگەی رەحمەتە
عارفەکانیش کە زور مخلص   لای خویان ئەوان زورتر مفلس
چون هەتا انسان بە حق زانا بێ   ئەبێ بە اسرار زور آشنا بێ
بە گوێرەی دەرکو زانایی خویان   پەی پەرەبەی نوقصانی دەرئەچی بویان
حسنەی ابرار وەک سیئاتە   لای دڵی عارف بەو دەرەجاتە
کەوای دائیم دڵی نە لەرزێ   لە لای تەنگ ئەبێ یانی سەرعەزری
ئیتر چون ئەبێ دڵی امین بێ   لە قاری خودا دڵی تامین بێ

سێ هەمین ئەلێم بە استقامەت   خاتمەی انسان ئەبێ سەلامەت
مەرتبەی عالی بۆ مستقیمە   بێ استقامەت ئنسان سقیمە
جا کە ئەمیش بێ لەگۆڕانی حال   لە وەرگەڕانی کاتی استقبال
هەتا بنازی بە کرداری خۆی   استغنا بکا بە رەفتاری خۆی
الطاعە واخلاص بە استقامەت   مایەی ڕزگاریی ڕۆژی قیامەت
مادام ئەخوشی بگا بە دڵ مان   لەرزخی پایەی اسلام و ایمان
لەم امانەتە بشر ضعیفە   ئەم رعایەتە خەیلی مخیفە
بۆیە صاحبی مقامی محمود   فەرمووی لطیفەی (شیبتنی هود)
یامقلب القلوب یشی راسە   هانا و هاواری سیّد الناسە

انسان ئەگەرچی خاوەن شمشێر بێ   مادام بەتەنیا هاوەدەمی شێر بێ
نابێ ایمن بێ لەو چنگ و پەنجە   ئەگەر خاوەن بێ لەبۆ سەرپەنجە
نەفسی انسانیش شێرێکی سوورە   بۆ بەدکرداری گەلێ جەسوورە
یەکێ گیرودەی نەفسی بە حریصە   نابێ ایمن بێ لەو مارە پیسە
واتە ئاراست و تۆنو معقولە   خاتمەی انسان لەلای مجهولە
بۆیە کۆمەلی ابرار واخیار   بە دەوام دڵیان پڕە لەئازار

ئەگەر تۆ ئەلێیت گەلی انبیا   خاوەن مرتبەی بەرزی ڕووی دنیا
دراوە بەوان موژدە بەنەجات   ڕەحمەتیان نابێ ڕۆژی عرصات
وەی بۆچی هێشتا حضرتی رسول   ئەگریا بەجوش بەدڵی مەلول
ئەلێم انبیای خاوەن دەرەجات   مغموورن هەمو بەتجلیات
پرتەوی خودا انسان دائەگری   شێوەی حالی خۆی لەلا لائەبری
فەراموش ئەکا ئەحوالی شخصی   وون ئەبێ لەناو تجلی قدسی
لەلای نامێنی موژدەی ڕزگاری   بۆیە ئێتە سەر زاری ئو زگاری
بۆی دەرئەکەوی نوقصانی بشر   لەهوی سوپاسی نعمی اکبر
جا طبعا چاوگەی دڵی ئێتە جوش   اسر ئەرژن چاویان بەخروش
توزیبا ئەتە مقتضای ذاتە   بۆ ئەوانە بە کەمالاتە

عەلاوە ئەلێم نوختەیێکی وورد   پڕە لەمەعنا بۆ انسانی فەرد
دورشتە مبنای حوزنی انسانی   خەوفی نەفسانی و حبی روحانی
لەبۆ انبیا جوشی سینە و دڵ   گەرمی محبت ئەی هێنیتە کوڵ

نابینێ لە باشی زەمانی فراق   کە ئەگەن بە یەک مشتاق بە مشتاق
دلیان ئەبرژێ بە وێنەی کەباب   فرمێسک ئەرێژن بێ حەدد حساب
ئەمە وجدانە هەرکەسێ نەی بێ   یا خوا لە ناوا دەفتەری طەی بێ
هەرکەسێ ئەیبێ گەرمی کوورەی دڵ   زنجیر ئەکرابێ بەتای گیسوی لەیل
لە خامی خەیال قەت خاڵی نابێ   بە الف لیلە بوت حاڵی نابێ

عەلاوەی ئەمە نیشانەی عباد   هیچ نیە الا خالص انقیاد
انقیاد یانی اطاعەی دەروون   فرمانبەرداری بە دڵی مەحزون
باخودا بە حەق موژدە بدا پێت   دەرگای مەرحەمەت بکاتە و لێت
دەستی نادا بۆ مەرد بێ باکێو طرب   دەستی نادا وەزعی غەفلەت و لعب
قوطی پێویستە تحدیدی حدود   فرمانبەرداری ذلت بۆ مەعبود
بەندە بەندەیە و بەندی مەولایە   گیرودەی حوکمی حەق تعالایە
مەعبود بێباکە و بێ نیازە لە عام   حاکمی مطلق فرمان رەوای تام
کەوای بەندە لە التجا دا   راوەستێ لە ناو خوف و رجادا

٠٠٠

مەکر بە وەهمی دەماغی زشتی   وێنی تشبیە کرد بە بارەی کەشتی
دوتی چون کەشتی مایەی ئەمانە   امانی انسان پایەی ایمانە
مادام مۆمن بێ ئەبێ امنی بێ   نابێ لە قاری حەق ناآگا بێ
یانی مخافت لە بۆنی لغوە   هەرکەسێ بترسێ ترسەکەی سهوە
لە خۆی نەگرێت بە حەق جاهلە   لە حقیقەتی تشبیە غافلە
واقعا کەشتی وسیلەی خێرە   مایەی رزگاری وسیلەی سەیرە
بەلام کەشتیوان ئەبێ منان بێ   بۆ کەشتی رانی خاوەن نیشان بێ
لە سەر کەشتی بە احتیاط بێ   لە کاری دونیا بە انضباط بێ
لە سوتەمەنیو هەموو اسباب بێ   بێهۆش نەکا بە ناحساب بێ
خەتی حەرەکەی دەریا بزانێ   لابدا لە گێژ هەتا ئەتوانێ
نەکا لە ناکاو تێشکێ بە موج   ببێ بە مایەی فەوتانی فوج
هەروا دیانەت دینەی کەشتیە   بەلام محتاجی ٣ سەرپەرشتیە
کردەوە اخلاص بە استقامەت   شرطی رزگاری رۆژی قیامەت
ئەمە خوف و رجا ئیمە هەمانە   لەبۆ پارێزی خاتمەی مانە
خودا بە فیضی مهرەبانی عام   بپارێزێتی کەلمەی ختام
توفیقمان بدە بە استقامەت   شادیمان بەلقات روزی قیامەت

ئەپاڕێمەوە بە صدق و تەسلیم
بە بسم الله الرحمن الرحیم

یا حق اکرم یا حق اکرم
کەرەم فەراوان فیاضی ئەرحەم

مهرەبانی عالم بەخشندەی کەرەم
بە فەیضی رەحمەت ڕاگری عالەم

پەروەردگاری سەراسەر جیهان
دانا بە ڕاز و نیازی پەنهان

بێوێنە و مانەند بێ ڕشتەی پەیوەند
بێ نیاز بە کەس لە نیاز دەولەمەند

پەنهان بە پەردەی کبریای ذاتی
عەیان بە جیلوەی شانی صفاتی

فەرمان ڕەوای حق بەسەر جیهانا
بەسەر عەیانا بەسەر نهانا

لەسەر گیاندار و بێ گیانی عالەم
لەسەر فریشتە و پەری بنیادەم

لە چەرخی گەردون لە بالای عەرشا
لە فەضای جیهان لە کالای فەرشا

فرازندەی چەرخی گەردونی سەما
نەوازندەی باب بە علم ئەسما

توی خاوەن گەنجی خەزینەی ڕەحمەت
توی خاوەن کونجی دەفینەی نعمەت

تەوانای مطلق توی خاوەن فەرمان
بە تووە یە دەردی لە تووە دەرمان

تو عەززی نیاز ئەکەی بە ڕوزی
تو سبب سازی تو سبب سوزی

هەر توی قاپی خێر واز ئەکەیتەوە
هوی ڕاز و نیاز ساز ئەکەیتەوە

بە تویە مایەی بەختیاری مان
بە تونە مایەی عەون و یاری مان

تو ئەکەیتەوە گری لە مشکل
هەر لا تو ئەشی لادو زاری دل

تو بو داماوان کەرەم بە جوشی
تو بو تاوان بار تاوان ئەپوشی

توی هوی ڕزگاری لە توفانی دەرد
تو ڕزگار ئەکەی مەردان لە نامەرد

توی جێی ئومێدی ئومێدەواران
توی مایەی شفای دل دەردەداران

توی لە توی شەوان ڕوژ ئەکەیتەوە
دنیا بەپرتەو ڕوون ئەکەیتەوە

هەر توی دەرئەگری ڕازی مناجات
توی بو محتاجان قاضی الحاجات

پەناو سوتاودم هانام هیناوە
بەجێی هانای عام پەنام هیناوە

قەسەمت ئەدەم بە کبریای ذات
بە جیلوەی جلالی نعوت و صفات

بە کنهی ذاتت بە معنای صفاتت
بە تەجەلای قدرت لە سەر کائنات

بە هەزار و یەک ناوی ناودارت
بە اسمای حسنای بە اعتبارت

بە جیلوەی نوری اسم اعظمت
بە سنای طوری ذاتی اکرمت

بە سری صفای وَلَقَدْ کَرَّمَ
بە نوری بەهای عَلَّمَ آدم

بە صد هەزار و بیست و چوار هەزار
ڕەهنوماکانی ڕێگەی اعتبار

بە سیصد لەگەل سیازدە پێغەمبەر
ڕەوانە کراو بو تەمێی بەشەر

بە پێنج اولوالعزم عمدەی ڕێبەران
بە فخری عالەم مەولای سەروەران

بە مەلائکەی حَمَلَةَ العرش
بە نگابانی عالەمی ژووی فەرش

وزارة الثقـ
رقابة المط
بسم

زانای تەوانای دانای نهان
بیستەری شنەوا و بینای

وزارة الثقافة والاعلام
دائرة المطبوعات
يسمح

به مقربان له باره‌گادا — به ئه‌مینی له سه‌ر وه‌حی خودادا
به باقی صنفی فریشته‌ی گه‌ردون — گه‌ردون که‌چه‌کان بو امری بێ‌چون
به پایه‌ی آده‌م له سه‌ر فریشته — به مایه‌ی به‌رزی له گل سرشته
به رزگاری نوح له توفانی تۆفان — به بورده باری ارباب عرفان
به ته‌سلیماتی قه‌لبی ابراهیم — بو ته‌وحیدی خوت به صدق و ته‌سلیم
به رزگاری ئه‌و له ناری نه‌مرود — به گه‌یشتنی به مایه‌ی مه‌قصود
به خوگرتنی قه‌لبی اسماعیل — له بو سه‌ر برین به ده‌ستی خه‌لیل
به سوزی یعقوب له دوری دل‌به‌ند — به صبری جمیل له هیجری فرزه‌ند
به صبری ایوب له به‌ر به‌لادا — به تاکی یوسف له بنی چادا
به مناجاتی حضره‌تی موسی — به ده‌ره‌جاتی حضره‌تی عیسی
به نه‌غمه‌ی داوود له به‌ر به‌یانا — به ته‌سبیحاتی له‌گه‌ل کیوانا
به تجلای خوت له سه‌ر محمد — خاوه‌ن مه‌قامی رسالەی ئه‌به‌د
به خولکی به‌رزی له روی عاله‌ما — به فه‌زلی به سه‌ر به‌نی ئاده‌ما
به نکاو رجای روژی ره‌ستاخیز — بو تاوانباری گیرده‌ی بێ هیز
به صبر و صفای له جه‌فای نامه‌رد — به حلمی له‌گه‌ل دوژمنی دل به‌رد
به هوی پیروزی که‌لیمه‌ی توحید — به هوی دل سوزی قورئانی مجید
به ماده و مه‌عنا و معجزه‌ی قورئان — به پایه‌داری تا آخر زه‌مان
به راگرتنی قورئانی انور — به وه‌رگرتنی حدیثی سه‌رو‌ه‌ر
به سه‌تری قورئان له به‌ر کردنی — له په‌روه‌ی دلا اثر کردنی
به ساری نه‌وای قورئان خوینه‌کان — به صفای سینه‌ی حه‌ق لدینه‌کان
به محدثان : به په‌ی ره‌وانی — به تابعینی پر له ایمانی
به مجتهدان له علم و دینا — به مجاهدان له رێی یقینا
به غازیانی سه‌رگه‌شتی ده‌ریا — به خوینی شهید ئه‌رژی له به‌ریا
به خوشه‌رانی ارکانی عملی — به لوستاوانی ته‌ربیه‌ی خوتی
به هوی تعلیمی ئوستادانی پاک — به صدق صفای خه‌تی دل روناک
به هوی غه‌ریبی علم خوینه‌کان — له دلی نه‌زان غه‌م زه‌وینه‌کان
به نوری سینه‌ی اولیاکانت — وینه‌ ده‌فینه‌ی اصفیاکانت
به فیوضاتی قدری تجلی — به مقاماتی قرب و تدلی
به ارشاداتی مرشدانی پاک — به ریاضاتی مریدی چالاک
به شه‌و بیداران له خه‌لوه‌تگای ناز — به دل هوشیاران بو عه‌رزی نیاز
به بیدارانی کاتی به‌ر به‌یان — به سوزی سینه‌ی جه‌رگو دل بریان

بەکەمەربەندی خادمانی پاک　　بەخێرومەندی مەردانی چالاک
بەوەعی قەلبی خاوەن عینایەت　　بەسعی وکوششی نووری هیدایەت
بەری رەوانی ریی ئیستقامەت　　بێ باک لەزەحمەت هەتا قیامەت
بەجیلوەی وەفا لەناو دڵانا　　بەشیوەی صفا لەسەر گولانا

بەسوجدەبەران بەرزی پیشانی　　بەرووتوگریانی بێ دزی نەفسانی
بەهەڵ سووڕانی دەوری بیت الله　　بەاخلاصی دڵ بەروحی ئاگاه
بەواجب دەران لەریی خودادا　　بێ باری منەت بەسەر گەدادا
بەاحسان لەگەڵ مستحقەکان　　بەحەق پەرستی خاوەن حەقەکان
بەفریاد رەسی دڵسوزانی پاک　　لەغەمی داماو بەراسی غەمناک
بەعەدل و داوری خاوەن دادەکان　　بەفەرمان داری پاک نەهادەکان
بەپەناداری خاوەن پەناکان　　بەتاوان بەخشی سینە بیناکان
بەپاکی نیەت بەاخلاصی دڵ　　بەجهد وکوششی بۆ حەلی مشکل
بەنوور وبەکەی خاوەن شعوران　　بەشەرم وحەیای چیهرە مەستووران
بەتکای مەردی بەئایە و مایە　　لای فەرمانڕەوان بەهیز و پایە
بەمصلحانی وەلیشومەی عالەم　　بەرەهبەرانی نەتەوەی ئادەم

بەعەشقی پاکی قەیسی پۆش بەکوڵ　　بەئاهی داماو لەزیبازی چەڵ
بەنالەی عاشق پڕبەپەژارەی دڵ　　بەجۆشی بولبول لەسەرچیهرەی گوڵ
بەتاوی قوبەی تاوان بارەکان　　بەپەشیمانی شەرمسارەکان
بەپارانەوەی داماوی مال　　بەنەجاتی لالەد پاڵەی دڵ
بەسرادی نالەی گیروەی دەردان　　بەتکاورجای هەناسەسەردان
بەسوزی سینەی هجرانان دیدە　　لەدووری زۆڵەی تازە رەسیدە
بەآه ونالەی دەروون بوریانان　　بەوادرولالەی دیدە گریانان
بەسەرگەردانی غەریبی شاران　　بەبێ دەرمانی خەستە و بیماران
بەلارە ملی هەتیوی داماد　　بەچاولەملی شەخص لێ قەوماد
بەگزەی شینەی دایەی مهرەبان　　بەمهرەبانی بابەی دڵ بوریان
بەگزەی دایە بورولەی مردوو　　بەگزی دیلی نامەردان بردوو
بەگزەی دلی بادکی بەهرەمەند　　بمری بێ جیدار بێ رۆلەی دڵبەند
بەگزەی دلی مەردی خانەدان　　کە بەبێ وەجاغ دەرچی لەمەیدان
بەگزەی دلی کچی بێ تاوان　　بەغەم گەراوە لەماڵی باوان

بەو پارە دات نا لە کانی خاکا   بەو حیرە دات نا لە شیری پاکا
بەو نورە دات نا لە ناو جەمالا   بەو فەیضە دات نا لە گوڵ کەمالا
بەو ئاسایشە وا لە بەهەشتا   کە وێنەی نیە لە عالەم گەشتا
بەو حەزە دات نا لە رەنگی خۆشا   بەو دەرکە دات نا لە فکر و هۆشا
بەو تامە دات نا لە میوەجاتا   بەو بەرزیو نزمی لە دەرەجاتا
بە سەری خلود لە بو خالدین   بە عەرش و کورسی جەرگەی ئەهلی دین
بەهۆی ئەو دەستە بەرزە گرتوو   خاوەنی لە خودا ئەپاڕێتەوە
ویسانە بەو پایە کە دات بە خاتەم   کردت بە شەفیع بوونی ئادەم
حەزرەت قاپی احسان بکە وە لیمان   لطف و رەحم حەزرەت نیشان دەیمان
تەسلیم مان مەکە بە نەفسی خۆمان   خۆت لێمان زینە مەرام لە لومان
بمان پارێزە بە صفای مەردان   لە شەری شانە و جەفای نامەردان
راگیرمان بکە لەسەر حقیقت   پایەدارمان کە لەسەر شریعت
بەهۆی کردەوەی نابارێ خۆمان   مەبەستە قاپی جنەت لێمان
بە لەشی ساغو قەلبی بە تەمکین   بە کارمان بێنە بۆ خزمەتی دین
رسوامان مەکە لە دنیا و دینا   لە ناو کۆمەڵەی ئەهلی یقینا
بە تکاو رجای رهبەری نازدار   لە عەرەصاتا بو ئەهلی ئازار
بەشکەی فەیضی خۆت کەرەم کە پێمان   نەسڵمان نەڕوون بێ دین و ایمان
توفیق مان بدە لە سەر ڕێی ئیسلام   آخرمان بێنە بە خیر الختام

١٨٨١

ژمارەی بەیتی ئەم رەقەمانە   نیشانەی حوسنی خاتیمەمانە
لە ناو دە راستی ربیع الثانی   لە ناو مدرسەی غەوثی گەیلانی
لە سالی هجری رهبەری نازدار   هەزار و سیصد هەم هەشتا و چوار
تازەم کردەوە نامەی بەختیار   لە بۆ ئرشادی نەتەوەی هشیار
خاتمەم هێنا بەم مناجاتە   انشاالله مایەی رەوای حاجاتە
واتەی آخرم صلاة و سلام   بۆ روحی هەموو انبیای کرام
مخصوص محمد ختم المرسلین   ئەمجار بو آل و صحب و تابعین
مختتم بە حمد و ثنا بو خودا   الحمد لله   الحمد لله

تەواو بو للە الحمد بە تاریخ نوسراو
ئەم نامەی بەختیارە دڵگەل
ئەم مناجاتە لە دەرگای
خودای ارحم الراحما

و انا المفتقر الی الله عبدالکریم محمد المدرس الکردی الشهرزوری مدرس مدرسة تکیة خانقاه بالحضرة الگیلانیة
قدس سره العزیز آمینا

وزارة ا...
رقابة
...

بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين و نبتدی

بعد حمد خالق و نعت رسول — بشنو این نکته تو با سمع قبول

در کلام خویش حق و تری بسفت — (و رتل القرآن ترتیلا) بگفت

نقل از عثمان روایت از نبی ﷺ — پند دارد هر ذکی و هر غبی

نیز نقل است از علی مرتضی (رضی الله عنه) — آن مدینهٔ علم را باب ضیا

گفت ترتیل آنکه دانی در وقوف — در قرائت علم تجوید حروف

موضع اظهار و اخفا در کلام — انقلاب و ادغامات تمام

مد لازم مد جائز ای عزیز — فرق زاد لام در حد تمیز

بر تأنی نطق را نیتش کنی — هم تأمل در معانیش کنی

علم در تجوید قرآن لازم است — هرکه بی تجوید خواند آثم است

رحمت حق می شود بروی حرام — میکند قرآن بر او لعنت مدام

وانکه دارد حق ترتیلش بجای — شافع او می شود در دو سرای

در ادای کشف تجوید کلام — قاریان تصنیفها کردند تمام

لیک نظمی مختصر گوید حقیر — تا بود هر بنده را دل [illegible]

هم پسند خاطر عالی شود — باعث خوشنودی وال[illegible]

وزارة الثقافة
رقابة المطبوعات
يسمح

٠٠٠

(في الاظهار)

گوش کن ای عاقل صاحب ادب — تا تو اظهاری کنی نبود عجب

نون ساکن چون رسد با حرف حلق — خوب اظهارش بکن بی شرم خلق

حرف حلقه شش بود ای نور عین — ها و همزه حا و خا و عین و غین

نیز (تنوین) حکم نون دارد بدان — مثل (من عندی) و (خیرات حسان)

في الاخفاء

نون ساکن در تلاوت هر کجا — چون رسد با پانزده حرف هجا

ساز اخفایش تو با تنوین نگر — این بود عدّ حروف ای معتبر

تا و ثا و جیم و دال و ذال و سین — زا و صاد و ضاد و طا و ظا و شین

فا و قاف و کاف دان تو در مثال — (لن تنالوا) (منذر) هم (من زوال)

هم بود (عهداً فلن) (شيء قدير) — غیر اینها را بدین ترتیب گیر

في الاظهار الشفوی

ای برادر گر تو باشی در طلب — با تو اظهاری کنم بگشای لب

هست اظهار شفوی در سه جا — میم ساکن چون رسد با واو و فا

نیز با (با)، اختلاف قاریان — میکن اظهار شفوی اندران

مثل (هم فیها) و چون (منکم ولم) — باز اندر (هم بها) اولی است ضم

یان خوب ضلالات که صورت اخفاء میم ساکن با با علاوه بدار اظهار شفوی گردد

في الانقلاب

نون ساکن نیز تنوین در سخن — گر رسد با با به میمش قلب کن

مثل (من بعدی) (رءوف بالعباد) — در کلام حق بخوان با اعتقاد

في الادغامات

چار قسم است ادغام ای معتبر — یک مع الغنه بلا غنه دگر

سیمین ادغام مثلین خوانیش — چارم ادغام تقارب دانیش

في الادغام مع الغنه

هست ادغام مع الغنه چنان — نون ساکن نیز با تنوین دان

چون رسد با میم واو و یا و نون — باشد ادغام مع الغنه کنون

(غنه) آوازیست از بینی بود — کن پسند آنرا نه خود بینی بود

مثل (من وال) و (هم اهل من مزید) — (ان یشاء) (من یومن) دان ای فرید

هم تو بر (رعد و برق) کن قیاس — باقی امثال را ای حق شناس

غیر (صنوان) و (قنوان) در کلام — نیز در (دنیا) کن اظهار تمام

في الادغام بلا غنه

باشد ادغام بلا غنه چنین — نون و تنوین لام و را را کن قرین

میکن ادغام بلا غنه مگر — مثل (من ربک) (وخیر لک) شمر

في ادغام المثلين

این بود ادغام مثلین در حساب — چون دو حرف مثل بینی در کتاب

اولش ساکن دوم با حرکه — میکن ادغامش بهم بی معرکه

مثل (کنتم مومنین) یا (میراه) — هم (ان اضرب بعصاک) باز خوان

في ادغام المتقاربين

چون دو حرف باهم قرب المخرجین — اولش ساکن بود ای نور عین

باشد ادغام تقارب اندران — همچنین اندر کلام حق بدان

وزارة الثقافة والاعلام
رقابة المطبوعات
يسمح